سروە

ئەدەبی - فەرهەنگی

9

نا وەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی
ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی

گۆواری ئەدەبی - فەرهەنگی سروە - ساڵی سێهەم - ژمارە ٩ خاکەلێوەی ١٣٦٦ - نرخ : ١٥ تمەن



موناجات

سەیدی هەورامی

یا حەی بێ چوون ، یا حەی بێ چوون
یا حەی بێ مەسەل بێ هەمتای بێ چوون
یا فەرمان فەرمای ئەمر کاف و نوون
کەریمی کارساز بە "کن فیکون"
چون تۆ نادرسونع کەسێ وتەرجەکۆن
قادر هەر تۆنی، نادر سونع تۆن
هەفت ئاسمانان چەنێ ستاران
بەرزی بێ ستووت وەپات و ناران
موعەللەق وەبان ئەوان کورسی وعەڕش
زەمینت بەدەست قودرەت کەردەن فەڕش
کی دارۆ قودرەت ساز ۆ غەیر جەتۆ
رۆشنی زولمات شەوان چەنی رۆ
یا کێ قودرەتش جە لەیلی دەیجوور
سوب کەرۆ سفید بەرۆ بدۆ نوور
یا خوکێ تاوان ، هەر شام، هەر سەحەر
شەوق بدۆ بەمانگ یا نوور دۆ بەخوەر
یا کێ بەرمارۆ حەی بێ زەواڵ
جە سەنگی خارا ، سەرچشمەی زوڵاڵ
کێ جە ناف خار بەر ماوەرۆ گوڵ
کێ مەوزۆ عشقش نە کەللەی بولبول
یەکشت کەردەی تۆن فەرد بێ شەریک
گەر بۆیۆ یۆتەر مەمانۆ خەریک
مەزانۆ هەر کەس تۆش بە حەق ناسان
کاران گشت بەدەست تۆ مەبان ئاسان
ئوستای سەنعەت خاس،هەرکەس تۆش یادەن
حەق ناس دڵ پاک ،موئمن هەر ئادەن
یاد تۆن رەفیق شەو زیندەداران
تۆنی یارشان ،شەو بەرۆ ماران
کانی سەخا و جوود کەرەمدار تۆنی
رەزاق پای مەخلووق هەرڕو هەرتۆنی

تۆ بە خوان جوود ،رۆزیت دان قەرار
ئینس و جین وتەیر ، مەل و مورو ماڕ
هەرچەند زیرۆح ، رۆش نەحەیاتەن
یەکسەر تەسبیحی گویای سەناتەن
بولبول بە نەغمەی هەزار دەستانش
زیکر نام تۆ ویردی زوبانش
کەبکێ کۆکوان جە کۆسارەوە
کووکووی قومری یان وە جۆبارەوە
حەمدەن ،تەسبیحەن،سەنای زات تۆن
نام تۆ شان ویرد، شەوان تا وەرۆن
ئەر عالم ئەر شێخ ئەر پڕکە ماڵەن
زوانش جەوەسف سەنای تو لاڵەن
ئێمە گرد بەندەی خەتاکارنیمی
جە خەتا باری گران بارنیمی
ئومێدمان بە عەفو بێ سامان تۆن
وەرنە کەردەی نیک جەلای ئێمە کۆن
بەڵێ تۆ کەریم کەرەم دارەنی
ستارلعیوب هەم غەففارەنی
تۆ خەتا ئامورز، گوناە بەخشەنی
بەخشندەی بێ باک ، دڵ نەلەخشەنی
هەرچەند گوناکار، گوناش فیشتەرەن
تیغ عەفو تۆ بڕا و تیژتەرەن
پەرێ بەدی مان عەفوت تەلافین
لوتف عام تۆ پەی گشتین کافین
خسووس پەرێ من ، گوناکار تەرم
جە مایەی عوسیان سەنگین بارتەرم
نامەی ئەعمالم جە عوسیان ، سیان
داغمەی بەدبەختیم بەدڵ دانیان
یا غافرالذنب سڕپوشی سەتتار
بویەر جە جورمی سەیدی خەتاکار

ناوەرۆک

وێنەی رووبەرگ
دیاری کاک بەهمەن مەتلووب

وێنەی پشت بەرگ
دیاری کاک کەماڵ تاتایی

سەروتار	دەستەی نووسەرانی سروە	۴
شۆڕشی مەزن	م. خالەق	۷
سەربەخۆیی فەرهەنگی	سەباح بەرزەنجی	۱۰
لیرە دز	م.ر. تەوەکولی	۱۲
رەخنە	مەنسوور حامیدی	۱۴
زانایانی بەناوبانگی کورد	ک. تەوەحودی	۱۶
ئازیزە	فۆلکلۆر	۱۸
شەو	سەلاح عەرەبی	۲۰
فۆلکلۆر چیە	عەلی خزری	۲۲
شاعیرانی کورد	ئەحمەد مەولانی	۲۴
جوغرافیای بانە	حاجی رئووف سەلیمی	۲۷
بارهێنانی منداڵ	حوسێنی مەرجانی	۳۰
هەلۆەدا	ج. ئاشتی	۳۴
فەقرەقا	ع. سەمەدی	۳۸
	ئیمەوخوینەر	۴۰
شار	کەریم قەییوومی	۴۲
لافاو	ح. رەشیدی زەرزا	۴۵
کۆتوشەلواری نوێ	خالید حیسامی	۴۸
یەکسم	ر. رەشەحمەدی	۵۲
دۆستی دوژمن	ئەمجەدحاجئیسماعیل زادە	۵۵
کاک ئەڵڵا	دەستەی نووسەرانی سروە	۵۶
بەسەرهاتی نان	ع. نانەوازادە	۶۰

ارومیه: چهارراه دانش - جنب ژاندارمری - انتشارات صلاح الدین ایوبی - صندوق پستی ۷۱۷

فۆڕمی ئابوونمان

ژمارە

ناو .... شۆرەت .... دانیشتووی ....

.... تمەنم بەحیسابی ژمارە ۵۴۰۰ ی شوعبەی ناوەندی بانکی سپەی ورمێ گرت و

فیشەکەم وێرای ئەم بەرگە بۆ ناردن. لەژمارە .... را هەتا .... گۆواری سروەم

بۆ بەرێ بکەن.

ناونیشان ....

....

بەناوی خوا

سەروتار

سلاو لە خوێنەرانی بەڕێز و بە ئاواتی سەرکەوتن و ساغی و سلامەتی بۆ تاکە تاکەی ئازیزانمان .

گەڕانەوەی سالی تازە ، لە هەموو خوشک وبرایان بەتایبەتی ئەوانەی لەم جوولانەوە فەرهەنگی یەدا یارمەتی یان داوین پیرۆزبایی دەکەین . ئەوانەی کەبە ناردنی بابەت و پێشنیار و رەخنە رێگەیان پێشانداوین و هەموو ژن و پیاوی ئەم هەرێمە پیرۆزە کە میراتی خۆشەویستی و داوێن پاکی و رەحمەت و دلاوایی و رەسەنی یان بەکۆلەوەیە نەورۆزیان لێ پیرۆزبێ .

سالێک نوێ دەبێتەوە ئال و گۆڕێکی هەراو بەسەر تەبیعەت و نیزامی گێتی دا دێ.دیمەنی دەشت و سەحرا دەگۆڕێ . دۆل و دەرە و رژد و هەلدێر ، دار و درەخت و گول و گیا ،دەڕازێنەوە. ئەم تازە بوونەوە ،ئەمگۆڕانە بێ پایانە کە دیمەنی تازە و نوێ بە هەموو ئافەریدەیەک دەبەخشێ ،بۆبەرەی ئادەمیزا ـ دیش کە سەرتۆپی هەموو گیان لەبەرانە هەلی راپەڕین و وەخوهاتنەوەیە . هەتاکوو ژیانێکی خاوێن وجوانتر دەست پێ بکا و بەرنامەی باشتر بۆ ژیانی سالی تازەی دارێژێ .

لە بەهاردا زەبرو زەنگی سەرما نامێنێ .رەشەبای ساردو سڕ کەهەموو شتی هەلدەوەراند و دژی گەشە وهەلدانی هەموو جەشنە جوانی یەک بوو ئێستا بۆتە شنەی بلاوێنی دل بزوێن و گول وگول خونچەو چڵ و پۆپی دار و گول دەلاوێنێتەوە ، و هەرێمی ژین هێمنە وکەیلی وەفا و سەفایە وبەرەنگ و تروسکەی جوان رازاوەتەوە ، ئەوە سەرمەشقێکە بۆئێمە وەک بەهار و وەک سروشت ، ئێمەش با مالە وێرانەکەی دل خاوێن کەینەوە ، کینە و دلێشە و ناکۆکی لێ دامالین وبیکەینە هێلانەی دۆستی و برایەتی و بە ئال و والی خۆشەویستی و ئەوین بیرازێنینەوە . دەستی دۆستی بۆ خزم وئاشنا ودەروجیران و هاوکار و هەمووکەس درێژکەین یەک بگرینەوە ،پەیمان تازە کەینەوە و خۆمان بۆ خزمەت کردنی ئایین وولات وکۆمەلمان هەلبڕینەوە .

بەکورتی ئەمڕۆ " بەهارە" دەبا جوانترینەکان وباشتر ـ ینەکان بخەینە کایەوە و هەرە باشەکان بکەین بەدیاری بۆ گەلەکەمان .با "هەرەخاسەکان " ئاشکرا بن و دەسەلاتیان بدەینە دەست . دەجا دەی هەرجی بە

خۆتی ڕەوا دەبینی بە خەڵکی دیکەشی ڕەوا ببینە ئەوەی بۆ خۆتت ناوێ بۆ کەسی دیکەشت نەوێ .

لایەنگران و هاوکارانی سروە .


هەروەک لەدوایین ژمارەی ساڵی دووەمی سروەدا بەڵێنیمان دابوو تەقەلای کاربەدەستانی گۆوارەکەمان ئەوەیە کەلەمەو، دوا سروە ببێتە مانگانە . ئەم ئەرکە هەرچەند لە بەرامبەر سێلاوی داخوازی لایەنگرانی خۆشەویستماندا هەنگاوێکی چووکە بەڵام لە هەل ومەرجی ئێستادا بۆ ئێمە بازدانێکی بڵێندە . هاوکارانی ئێمە لە کۆڕی نووسەران وکادری وەرگێڕان و تایپ و گرافیکدا سوورن لەسەر دابینکردنی ئەم داخوازیانە و ئێستا هەر ئەم ژمارەی بە دەستانەوەیەژمارەی یەکەمی "سروەی مانگانەیە" . هیوامان وایە بتوانین بەڵێنی مان بەرینەسەر و سروە هەر بەمانگانە بڵاو بێتەوە . هەر وەک دەبینن بەهۆی بوونە مانگانەوە ژمارەی لاپەڕەی گۆوارەکەمان کەم بۆتەوە و ئەوەش چەند هۆیەکی گرینگی هەیە کە بۆ ئاگاداری ئێوەی خۆشەویست باسی لێ دەکەین .

یەکەم ئەوەیەکەمچاپخانەکان بۆ جوزوبەندی (صحافی) گۆواری سەت لاپەڕەیی بەرەنگاری زۆر گیروگرفتن و لە رابردوودا ، ئەغڵەب هۆی دواکەوتنی گۆوارەکەمان بووە . ئەوجار لە ماوەی مانگێکدا بۆگۆوارێکی مانگانە کەدە ڕۆژی بۆ چاپ و ناردنی بۆشارەکان تەرخان دەکرێ ،ئامادەکردن و تایپ و گرافیک و دابین کردنی هەموو کاری پێویست زۆر ئەستەمە و ناتوانین بابەتی زۆرترئامادە و ئاراستە بکەین . هۆیەکی دیکەشی ئەوەیە کە بابەتی جۆراوجۆرمان بەتێرایی گۆوار پێ ناگا یا بۆ چاپ نابێ. بە لەبەر چاوگرتنی ئەو مەسەلە، کەباسی فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی م وئایینی بۆ ئێمە زۆرپێویستە

ئەڵبەت ئێمەش لەباری کەمکردنەوەی ژمارەی لاپەڕەکان لەگەڵ خاوەنڕایانی لایەنگری سروە راوێژمان کردووە کەهەموویان لەسەر ئەو کارە، رایان داوە .

لە کۆتایدا ئارەزوومان ئەوەیە کە هەمیشە گۆوارێکی بە نیوەرۆک و تام و چێژتان پێشکەش بکەین وسروە ئاوێنەی بالانوێنی بیروباوەڕی خاوێن و ڕەسەنی خەڵکی ئەم وڵاتە بێ و لەودا تازەترین وپێشکەوتوا- نەترین بیروڕای ئێوە رەنگ بداتەوە . بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئێوەی بەڕێزن کە دەتوانن بەناردنی ڕێنوێنی و پێشنیاری باش و بە کەلک یارمەتیمان بدەن .

بەدووپاتکردنەوەی پیرۆز بایی نەورۆز لەخوای مەزن داوا دەکەین کە باشترین هەل و مەرجی گەیشتن بە لوتکەی پێگەیشتوویی وتێگەیشتوویمان بۆ پێک بێنێ .



سرمقاله

بسمه‌تعالی

باسلامی گرم بەخوانندگان محترم وبا آرزوی سلامت برای یکایک شما عزیزان .

فرارسیدن سال نورا بەهمه برادران وخواهرانی کەدراین حرکت فرهنگی مارایاری داده‌اند وبا استقبالشان از سروه وارسال مطالب ، انتقادات ، پیشنهادات جهت بخشمان بودندو نیز بەهمه مردان و زنانی که دراین دیارِ پاک میراث شرافت نجابت ،عفت ،رحمت وخلاصه همه خوبیهای بجامانده ازگذشتگان را بردوش میکشند تبریک میگوئیم .سال نو فرا میرسد و تحولی بزرگ وبنیانی همه طبیعت ونظام احسن آفرینش را دربر میگیرد. تحولی که تغییر چهره دشت ودمن ، کوه و دره ، درخت وگل و... تنها اشاره‌ای بیش بەاین حقیقت بزرگ نیست این دگرگونی همچنانکه زندگی همه موجودات را از یکنواختی بدرمیآورد وبەحیات همه جلوه‌ای نو ومعنی میبخشد ، غنیمت فرصتی است برای اشرف مخلوقات تا با بهره‌گیری از

آن از غفلتها بدرآمده و با استفاده از تجربه‌هایی که کسب کرده زندگی سالمتر وسعادتمندتری را آغاز نماید. اینکه در بهار ازخشونت سرما خبری نیست وباد سردی که مامور بود همه‌چیز را بخشکاند اکنون به نوازش گل وگیاه مشغول میشود و همه‌دست بدست‌هم میدهند تا محیطی پر ازصفا و صمیمیت طراوت وزیبایی و .... بسازند. درسی است به ما که کینه،کدورتها و..را یکباره ازقلبها خارج کنیم ودست دوستی به‌سوی آشنا و فامیل وهمسایه وهمکار و ..... دراز کنیم ووحدت و تلاشی مشترک برای خدمت دین ومیهن و جامعه باهم بیعتی دوباره کنیم.

خلاصه بهار است و باید "به" آوری وباید به بهترین اندیشه‌ها عمل کنی وبهترینهای خود رادر تحقیق این همکاری بکارگیری و بهترین هدیه‌ها را تقدیم دیگران کنی وبهترین راآشکار و حاکم کنی واز هرچه "به" نیست بپرهیزی و آنچه راکه "به" میدانی و برای خود بپسندیده میداری برای دیگران بپسندی. دراین باب سخن بسیار است و مجال کم و تو خود حدیث مفصل بخوان از این مجمل

دوستداران وهمکاران سروه:


چنانکه درآخرین شماره سال دوم وعده داده بودیم تلاش دست اندرکاران نشر "سروه" برای اینست که از این پس "سروه" بصورت ماهانه انتشار یابد و همچنانکه در شماره پیش اعلام شد اینکار هرچند در برابر سیل تقاضاهای مکرر شما دوستان اقدامی کوچک است لیکن درشرایط حاضر برای ما گامی بزرگ است .برادران هیئت تحریریه وکادر ترجمه وتایپ و گرافیک وصفحه‌پردازی عزم‌جزم کرده‌اند تا این خواسته بحق را تحقق بخشند واکنون این شماره نیز بعنوان اولین مجله ماهانه چاپ ومنتشر شده است و ما امیدواریم که‌در حفظ ماهانه‌بودن سروه به‌موفقیت دست یابیم .چنانکه ملاحظه میکنید باتوجه به ماهانه‌شدن سروه ازمیزان صفحات آن‌کاسته شده که این خود چند علت دارد نخست آنکه چاپخانه‌هادرصحافی نشریه بامشکل مواجه بوده و لذا انتشار نشریه با تاخیر مواجه میشود. دیگر آنکه در مدت بیست روزی که برای آماده‌کردن مطالب تاصفحه‌پردازی وگرافیک فرصت هست امکان آماده‌سازی مطالب بیشتر نیست تاگفته‌نماند که از مدت سی روز حداقل ده روز آن به‌چاپ و ارسال آن به‌شهرها میگذرد و بدین ترتیب نمیتوان بیشتر از این انتظار داشت ودیگر آنکه نبود نوع کافی درمطالب مفید وقابل چاپی که از سوی خوانندگان محترم بدست ما میرسد علت دیگری بر کاهش صفحات نشریه ماهانه است. البته دوستداران سروه نیز به این مطلب عنایت داشتند و اکثرا" درضمن پیشنهاد ماهانه کردن نشریه بلا اشکال بودن کاهش صفحات آن را مورد تاکید قرار داده‌اند.

فی الجمله آرزوی ما این است که درحداقل زمان ممکن پرمحتواترین نشریه را خدمت شما تقدیم کنیم تاسروه بعنوان آئینه‌تمام‌نمای افکار واندیشه‌های ناب وخالص این خطه از میهن عزیزمان ومنعکس‌کننده تازه‌ترین نظرات ،پیشنهادات ، و ارشادات شما باشد. و این ممکن نیست مگر آنکه شما عزیزان بیش ازپیش با ارسال مطالب ،نظریات و پیشنهادات یاریمان کنید. بحث لازم‌دیگری بود تحت عنوان "تنوع مطالب وحفظ هویت اصل و خط اصلی سروه" که به جهت محدود بودن صفحات سرمقاله آنرا به شماره آینده موکول میکنیم. دراینجا مجددا" با تبریک فرارسیدن سال نو ازخداوندبزرگ میخواهیم که بهترین شرایط را برای نیل به‌کمال ورشد و **سعادت** نصیبمان کند.

نه‌وروزتان پیرۆز

شۆڕشی موحەممەد

م .خالەق



ژیانی " محمدابن عبداللّٰه" پێغەمبەری ئیسلام درוودی خوای لەسەربێ هەمووی وەقفی تێک شکاندنی تاغووتان بوو جاچ تێکشکاندنی ئەو تاغووتانەی کە لە ویژدان و دەروونی ئادەمیزاددا هەن یا ئەو تاغووتانەی کە لەسەر دنیا و لە مەیدانی ژیندا هەن وبەرچاون. لە درێژایی مێژوودا کەسمان پێ شک نایە کە وەک محەممەد (د.خ) قۆڵی لە تاغووت شکاندن هەڵماڵیبێ و لە تەمەنی کورتی ژیانیدا ئەو هەموو هێزە تاغووتیانە تێکەوە پێچێ.

ڕێبازی محەممەد (د.خ)ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریخوازانە بوو کە بۆ هەمووبەرەی ئادەمیزاد پێک هاتبوو. ئەم شۆڕشە مەزنە داگری هەموو لایەنەکانی ژیانی ئینسان بوو. جونکە لەگەڵ هەر چەشنە تاغووتێک لە چوار گۆشەی دنیادا بەرەنگاری دەکرد.

ئەو شۆڕشە قووڵە تاغووتی " شەریک بۆ خودا دانانی" تێک شکاند و ژەنگی شیرکی لە ئاوێنەی بیروباوەڕی ئادەمیزاد سڕیەوە و یەگانەگی زاتی باری بە ئینسان سەلماند.

پێش هاتنی ئەو زاتە بێ وێنەیە زۆرئایینی تەوحیدی هاتبوون و پێغەمبەری مەزن تێکۆشابوون کە هەوری ڕەشی شیرک لەناوبەرن. پێغەمبەرەکان سەلامی خوایان لەسەربێ ئەو بەری خەباتیان بۆروون کردنەوەی ئادەمیزادی ئەو سەردەمە گێڕا. بەڵام بەرهەمی کاریان زۆر هەراو نەبوو و بەرەی مرۆڤ بەشی زۆری هەر لە تاریکایی دا مانەوە و هەر گەل و هۆزێک بە سەلیقە وبۆچوونی خۆی خودایەکی تایبەتی یان دا تاشی بوو.

تەشەر وتانەی پیاوانی ئایینی کارێکی لە سەر خەڵک نەدەکرد. نەو یەیکەرانەی جەماوەری خەڵک بە خودایان دەزانین تێک نەدەشکان .تاغووتی شەریک بۆخودادانان هەر بەردەوام بوو. مەزهەب و ئایینی درۆزنانەکە بە جل وبەرگی جوان ڕازابوونەوە و ڕەنگی پاکی وڕووحانییان تێهەڵسووڕابوو بەرەیان

ئەستاند و ئەوەی کە ئایین وڕێباری خودایی بێ ڕەچاو نەدەکرا.

تاغووتێکی دیکە کە بە هاتنی خاتەمی پێغەمبەران (د.خ) تێک شکا، تاغووتی "تعصب" بوو. شۆڕشی ئیسلام لەگەڵ هەموو ڕواڵەتێکی "تعصب" بەربەرەکانی دەکرد. کە یەکێک لەم "تعصب"انە "تعصب"ی ئایینی بوو. دیسان ئیسلام بەگژ "تعصب"ی نەژاد و ڕەنگدا چوو وهێرشی کردە سەر هەموو جیاوازی و خۆبەزل زانینێک کە بە ناوی ڕەنگ یا نەژاد لە ئارادا بوو. چونکە ئیسلام بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە بەرەی ئادەمیزاد لە یەک بنەما وسەرچاوەڕا هاتوون وجیاوازیان لەگەڵ یەکدی نیە.


ئیسلام بیروبڕوای خۆ بە زل زانین و گەورەیی بە بۆنەی ئەوە کەنەژاد یا ڕەنگ دەبنە هۆی گەورەیی و جیاوازی ڕەپێچەکداولە ناوی برد وپێوانەی تایبەتی بۆ گەورەیی و سەروەری دانا. ئەم پێوانەیەش نەپێوەندی بە ڕەنگەوە بوو نە بە نەژاد و خێڵ و هۆز و بنەماڵە و بنەچەکەو زمان وزێدەوە. پێوانەی گەورەیی وفەزیلەت، پارێز وتەقوا و ئیتاعەی "اللە" وکارو کردەوەی چاک وخاوێنە و بەس. تەواوی ئەوانەش پێوەندی یان بە خودی فەردەوە هەیە و کاری بە ڕەگەز و ڕەنگی پێست وشتی دیکەوە نیە. هەر وەک لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە" **یاایها الناس انا خلقناکم من ذکرواثنی وجعلناکمشعوبا "وقبائل لتعارفوا ان اکرمکمعنداللهاتقیکم."**

" ئەی جەماوەری خەڵک ئێمە ئێوەمان لە ژن و پیاو وەدی هێنا. نەتەوە وهۆزمان لەنێو ئێوەدا پێک هێنا. بۆ ئەوەی بناسرێن. بەراستی خۆشەویست تریننی ئێوە لەلای خودا ئەو کەسەیە کە پارێزگارترە".

یان لە جێگایەکی دیکە فەرموویەتی" **یا ایها الناس اتقوربکمالذی خلقکممن نفس واحده وخلق منها زوجها وبت منها رجالا"کثیرا "وانساء "**

" ئەی جەماوەری خەڵک لە خودا بترسێن کە لە یەک نەفسی واحیدە ئێوەی دروستکرد وبۆئێوە هاوسەری دروستکرد، ولەنێو ئێوەدا پیاو و ژنی زۆری ئافەریدە کرد."

ئیسلام دژی "تعصب"ی ڕەگەزپەرستانەیە. ئێستاش لەنێو ئەم کۆمەڵگایانەدا کەرێبازی "محەممەد"یان (ص) ڕەچاو نەکردووە وئاینی ئیسلامیان وەرنەگرتووە تاغووتی "تعصب"ی نەژادی لەنیو نەچووە. مەسەلەن هێشتا گیر و گرفتی ڕەش پێست وسوورپێست لەولاتەیەککرتووە



ـ کانی ئەمریکادا هەر بەردەوامە و هیچ چارەسەری نەکراوە! هەروەها گیروگرفتی ڕەشەکان لە ئەفریقای جنووبیدا هیچ ڕێگاچارەی بۆ نەدۆزراوەتەوە. مەسەلەی ناریسم لە زەمانی ئێمەدا لەسەر بنەمای ڕەگەز پەرستی و بەگەورەزانیی نەژادی ئاریا بێک هات کە ژاراوی تاڵی نەمان و نەگبەتی لە گەرووی ئینسان کرد و هەرئێستاش جوولەکەی ئیسرائیل

کە وەک درک لە کەلەکەی بەتەوەی عەرەب
ڕاچوون خۆیان لەنێو ڕەگەزەکانی دیکەی دنیادا بەهەڵبژاردە و سەروەر دەزانی.

سۆزی ئیسلام لەگەل "تعصب"ی دینی خەباتی دەکرد. لە دنیای ئەو ڕۆژەدا کە ئیسلام سەری هەڵدا ڕایگەیاند **"لا اکراه فی الدین قد تبین الرشد من الغی "فمن یکفر بالطاغوت ویومن بالله وفقد استمسک بالعروه الوثقی ....."**

قەبووڵ کردنی ئاینی بێ مەیل و ڕەزا و بە زۆرەملێ نابەجێیە. لە ڕێگەی هیدایەت و ڕێ نوێنی ئەوە ڕێگەی ڕاست بۆ هەموو کەس ڕوون دەبێتەوە. خەڵک لە تاغووت ڕووگەردان دەبن وئیمان بە خودا دێنن وئەو پێوەندییە لەگەڵ پەروەردگار پەیدا دەکەن کە قەت نابسێ و خودای گەورە زۆر زانا و بینایە.

وە یا دەفەرموویەتی: **"ولوشاء ربک لامن فی الارض کلهم جمیعا " فانت تکره الناس حتی یکونوا مومنین."** ئەگەر خودای تەعالا بیویستایە، هەموو ئەوانەی کە لەسەر زەوین ئیمانیان دەهێنا (ئێمە بەمانەویست) بۆ چۆن دەتوانی بە زۆر وزۆرەملێ هەموان بکەیە خواپەرست و مۆمن ؟

ئیسلام تاغووتی "تعصب"ی دینی تێکشکاند نیا دنیا نەبێتە جێگەی دەسەڵاتداری و فەرمانی ملووکانە. ئاینی پشتیوان و پاڵپشتی ئازادی عیبادەت ونیایشە بۆ موسوڵمانان و خاوەنی ئاینەکانی دیکەش لە نیشتمانی ئیسلامەندا. ئیسلام بەو دەلیلەی کە لە خوارەوە دەی بێنن ئیجازەی شەڕ وکوشتاری داوە.

ان الذین یقاتلون بانهم ظلموا وان الله علی نصرهم لقدیر. الذین اخرجوا من دیارهم بغیر حق الا ان یقولوا ربنا الله ولولادفع الله الناس بعضهم ببعض لهدمت صوامع وبیع وصلوات و مساجد یذکرفیها اسم الله کثیرا "".

ئەو مۆمنانەی کافران بە ناحەق وبەناڕەوا لە ماڵ وولاتی خۆیان دەریان کردن (بێ ئەوەی گوناهێکیان هەبێ) تەنیا خەتایان ئەوە بوو کە دەیانگوت ئێمە خودای تاک و تەنیا دەپەرستین و ئەگەر خودای تەعالا ئیزنی جیهاد وشەڕی نەدا و زۆرەملێی و ستەمی هێندێکیان بەدەستی هێندێکیان وەلا نەنا بێگومان سەومیعە ودەیر وکەنیشت ومزگەوتە-کان کە لەواندا زیکرو یادی خودا دەکرێ تێکرا وێران دەبن. مەبەست لە "صومعە" عیبادەتگای ڕاهیبان و **مەنزوور** لە "بیع" کەنیشتی نەسارایە مەنزوور لە "الصلوات" عیبادەتگای جوولەکەکان و "مساجد"یش جێگەی نوێژ و عیبادەتی موسلمانان بووە، قورئانی پیرۆز لەم ئایەتەدا عیبادەتگای جوولەکە و مەسیحی وەپێش مزگەوت دەدا. ئەوە نیشان دەدا کە ئیسلام دژایەتی لەگەڵ ئەم ئایینانەدا نیە و بۆ جێگەی عیبادەت و پاڕانەوەیان ڕێز دادەنێ.

ڕووحی بەخشین ولێبووردنی ئیسلام لەوەش بەرزترە چونکە ئیسلام لە موشریکانیش حیمایەت دەکا وئازاریان نادا. یانی ئەو کەسانەی کە ئاینی ئاسمانیان نیە وبێ هێزن وناتوانن خاوەن ئیمانەکان ئازار بدەن و تەنگ وچەڵەمە پێک بێنن لە پەنای ئیسلامدا بە ئاسوودەیی دەژین. ئەم دەستە عوزریان نەزانین و جەهلە و عوزرەکەشیان قەبووڵ کراوە.

"ومن احد من المشرکین استجارک فاجره حتی یسمع کلام الله ثم ابلغه مامنه ذلک بانهم قوم لایعلمون ".

ئەگەر کەسێک لە موشریکان پەنای بۆ هێنای تا لە کاری ئاینی ئاگادار بێتەوە پەنای بدە تا کەلامی خودا ببیسێ وپاش بیستنی کەلامی خودا بێ ترس وخۆف لە جێگایەکی ئەمین وئاسوودەی دابنێ چون ئەوانە نەزانن.

باسی ئەدەبی سەربەخۆیی فەرهەنگی

سەباح بەرزەنجی

ئەدەب بە مانای گشتی و هەراوی خۆی، نیشانەی بوونی هەر گەل ونەتەوەیەکە، چونکە ئەگەر گەلێک بێتە مەیدانی گەلان و ئیدیعای ئەوە بکا کە گەلێکی سەربەخۆیە پێش ئەوەی داوای قەوارەی سیاسی لێ بکەن، داوای زمان و کۆلتوور و بەرهەمی فەرهەنگی لێدەکەن.

ئەگەر ئینگلیسی بێ دەلێ: من خاوەنی شاکاری "ئۆتێللۆ"م عەرەب بێ خێرا دیوانێکی ئەحمەد شەوقی دەدا بەدەستەوە هیچ لاف وگەزافێک ناکاتە ئەوەی بەخۆمان بلێین گەل و نەتەوە، کەچی خاوەنی ئەو کەسایەتییە ئەدەبییە نەبین، کە بێتە شوناسنامەو بە جیهانمان بناسێنێ.

شاعیر ونووسەری فرەسەلگە نین لەسەر کەسایەتی ئەدەبی و سەربەخۆیی فەرهەنگی، ئەگەر بێتوو ئەدەبەکەمان بە شعرو پەخشانیەوە رووبەکی جیاواز لە رووی ئەدەبی گەلانی تری نەبێ.

دوو پێکێنەری گرینگ لە قالبی نووسیندا هەیە، کە دەتوانن رێخۆشکەری نیشاندانی ئەدەبی کوردی بن لە ئاستی جیهانیدا.

یەکەم: ژیاندنەوەی فۆلکلۆری کوردی.

دووەم: ناساندنی ئەدەبی کورد بەدەرەوە (وەرگێران).

با نووسەری کورد ژیانی کوردەواری بناسێنێ. شعری ئاوێنەی رووداوی سروشتی و مێژوویی وئەفسانەیی ناو کوردان بێ. مەرجیش نییە روخساری بەرهەمی کوردی تەنیا زمانی کوردی بێ. گرینگ دەرخستنی فۆلکلۆرو بیرو باوەڕو بۆچوونی کوردە لە قالبێکی ئەدەبی سەربەخۆدا راکێشدا.

چەند شیرینە "ناوی کوردی" وەکوو" جوامێر، ناسوار، حەمۆ" بچێتە رێزی ئەدەبی ئێستاوە، ئەوەتا "زیۆس وفیبۆس و ....! چەندان ناوی بیگانەی گەلانی تر بە بۆنەی دروس بوونی بزووتنەوەی تەرجەمەکاری یەوە هێمای ئەدەبی یۆنانین.

تەنانەت بەکارهێنانیشیان بەڵگەیە لەسەر کارلێکردنی ئەدەبی یۆنان.

نووسەرانی ئەفریقا ئەگەر چی بەزمانی ئورووپایی دەنووسن، ئەوەیان لەبیاد نەچوو فەرهەنگ وبیری زمانی گەلانی خۆیان بنووسن. بۆ نموونە وول مۆینکا نووسەری نێجیریا کە ئەمساڵ خەڵاتی "نۆبێل"ی وەرگرت. ئەگەرچی بەتەر بە زمانی خۆی نانووسێ بەڵام نووسینەکانی نووبەیەکا وێنەی بیروباوەڕی گەلەکەی خۆی. تەنانەت زۆربەی رۆمانەکان باسی "خوای ئەفسانە"یی ئۆگۆن کە گوایە خوای شۆڕش و رابەڕینە دەکا.

نووسەری کورد ئەرکێکی گەورەی لەسەرشانە، بەتایبەتی ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێک زیاتر بانی ئولتیماتومێکیان

خستمۆتە بەر، بۆ ئەوەی بسەلمێنێ خاوەنی ئەدەبێکی سەربەخۆیە .وەنەبێ دروست بوونی ئەدەبی سەربەخۆش هێند گران بێ کە .نووسەری کوردمان نەیتوانێ! بەڵکو بە پشتیوانی ئەو فەرهەنگەی لە دێرزەماسەوە ریشەی داکوتاوە دەتوانێ بەدی بێنێ . چونکە پەیوەندی یەکی بەتین هەیە لە نێوان ئەدەب و فەرهەنگدا، هەتا وای لێهاتووە زۆرکەس ئەدەب بە فەرهەنگ وفەرهەنگ بە ئەدەب دەزانن.

فەرهەنگ ئەگەر بریتی بێ لە بۆچوونی ئیعتقادی گەل سەبارەت بەژیان ودیاردەکانی سروشت وچۆنەتی بەڕێوەچوونی ئەو کاتە پاڵپشتێکی بەتینی ئەدەبە .چونکە پەیامی ئەدەب بریتی یە لەبیروباوەڕ .

فەرهەنگ ئەگەر لە داب و هەڵس وکەوت وچۆنەتی بەڕێوە بردنی ڕەوڕەوەی ژیان پێک هاتبێ دیسان ئەدەب وەکوو زمانێکی گۆیای واقیع پێویستە پشتی پێ ببەستێ و بڵاوی بکاتەوە .

فەرهەنگ ئەگەر بریتی بێ لە مێژووی رابردووچۆنەتی پەند لێ وەرگرتنی ئەوساش هەر دەتوانێ ببێتە ناوەرۆک و بەڵگەی ئەدەب . بۆیە ئەدەبیات کراوە بەچەندەش : کلاسیک ، رۆمانسی ،ریالیزم نوێ ، کۆن، ئەفسانەیی ، ئەدەبی بیرکردنەوە ،ئەدەبی ڕەوشت ، وچەندان لک وپۆپی تریش .بۆ نموونە ئەدەبی ماقووڵ ـ الادب المعقول .

بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان :سوپاس بۆخوا گەلی کورد بیروباوەڕێکی تایبەتی و داب و (نەریتێک)ی تایبەتی ومێژوویەکی تایبەتیشی هەیە . ئەمانەش کافین بۆ دروست بوون ودەرکەوتنی ئەدەبێکی تایبەتی .

ئەگەرچی وەرگرتنی ئەدەب لە گەلێکی تر دەکەوێتە بەر ئەو پەیوەندی یە ئینسانی یەی لە سروشتی ئادەمیزادەوە هەڵدەقوڵێ . بەلاّم ئەمە نابێتە بیانوو بۆکەمتەرخەمی لە بواری بنیادنانی ئەدەبی سەربەخۆدا .

بەوبەڕی داوای لێ بورد ـ نەوە دەڵێم :شاعیرانی کوردی وەکوو نالی ومەحوی و...هتد بەڵێ توانیان زمانەکەمان بپارێزن ، زاراوەکانی پەرە پێ بدەن ! بەلاّم ...بەداخەوە نەیانتوانیوە بنیادنەری ئەدەبێکی سەربەخۆ بن. چونکە شیعرەکانیان مەگەر (بەدەگمەن) سەراپا وەرگرتنە لە ئەدەبی فارسی وعەرەبی وبەکارهێنانی شێوازی ئەوان لە دەربڕینی مەبەستدا .

کەچی کەسێکی گەورەی وەکوو خانی بەو (مەموزین)ەی توانی بۆ چوون ومێژوویەکی (ئەفسووناوی یا راست) بهێڵێتەوە ،بەجۆرێک بوون و مانی مێژوو بناسێنێ .

ئەمەسەرەڕای ژیاندنەوەی داب ونەریت و حل و بەرگی میللی کوردە .ئەوەتا ئەگەر یەکێک شاکارەکەی خانی بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ بارودۆخی کۆمەلاّیەتی وفیکری و فەرهەنگی وکۆلتووری ئەو کۆمەڵەچۆن بووە ؟

بەم بۆنەوە جێی خۆیەتی داواکاری یەک بکەم لەزانایان ونووسەران و بوێژانی گەلی کورد.هەرچی بتر هەوڵی بساندانی کەسایەتی یەکەی بتەوی ئەدەبی کورد بدەن .من نالێم ئێمە ئەدەبەکەمان ناتەواوە ، پەنابەخوا .بەلاّم ئەوەندە دەڵێم بەناسراوین لاساکردنەوەمان زۆرە ، بەلە دەکەین، کتێبخانەکەمان هەژارە . با دەوڵەمەند بین بماناسن . بۆچی گلەمان لێ بکەن . باپێش هەموو کەس خۆمان گلەیی لەخۆمان بکەین.

ئەم هەموو نوسراو و بەیتەمان هەیە تائێستا بێجگە لە : "زانی گەل" کە کراوە بە فارسی و"مەموزین" کە کراوە بە عەرەبی و بێجگە لە چەند بەرهەمی تر . هیچمان نەگەیاندووە بە جیهانی رووناکی ئەدەبی جیهانی .

بەبۆنەی ناونانی کوڕێکی تازە لەدایک بوو لە ماڵی میرزا سەلیمی کووتاڵفرۆش ئاهەنگێکی شادی رێکخرابوو. جەماوەرێکی زۆر لە ئاشناو رۆشنا ودەروجیران و خزم و قەومان بۆ بەشداری لەم ئاهەنگەدا بانگ کرابوون. میرزاسەلیم و پەریزادخانمی خێزانی وەک ئاشی باهەڵدە - خولان وسەریان قاڵ بوو. هەموو دەروژووری ماڵەکەیان چراخان کرابوو. کارەکەرو نۆکەریش بێ وچان خەریکی ئاوپرژێن و ماڵین کردنەوەی بەر دەرکا و حەوش وبان بوون.

دوای بانگی شێوان میوان یەکە یەکە ودوان دوان پەیدا بوون. کۆک و پۆشتە و بۆشناغ بە جلکی پڵاوخواردنەوە وەژوور دەکەوتن و لە لایەن میرزا سەلیم و پەریزادخانمەوە پێشوازیان لێدەکرا وبەگەرمی بەخێرهاتن دەکران و هەرکام بەپێی تەمەن و ناو و ناوبانگیانەوە لە شوێنی تایبەت دادەنیشتن وپیرۆز بایی لەدایک بوونی منداڵە ساواکەیان بە باوک ودایکی دەگوت.

پەریزادخانم خشڵ و زێرو زینوێکی زۆری بەخۆیدا کردبوو دەتگوت تاورسە چەتری ئەنگاوتووە و خرینگ و هۆڕی بازنە وزرەی گۆ بەرۆک و زرینگەی لیرەی ملوانکەی گوێی ژن و پیاوی دەلاواندەوە.

یەکێک لە میوانەکان حەمەی شەربەتفرۆش بوو کە لە لای خوارەوە بێدەنگ و کش ومات دانیشتبوو وکەوتبووە دەریای خەیاڵەوە، دیار بوو لەوبەزم ورەزمەشدا هەزاری وناتەواوی دەستی لێ هەڵنەگرتووە و لە ناو شەپۆلی بەتەوژمی خۆیدا سەروبنی پێدەکا و گێژوخولی پێدەدا. جار جار تەقەی فینجان وقاقای پێکەنینی میوانان دای دەچڵەکاند. وەک

م. ر. تەوەکولی

لیرە دز



کەسێکی لە خەو راپەڕیبێ لە نەکاو سەری هەڵدەبڕی و سەرنجێکی ئەم لاو ئەولای خۆی دەدا و دیسان دەسرەوتەوە سەری دەبردەوە بەرخۆی ولە دەریای بێ بنی خەیاڵدا نوقم دەبوو.

پاش دوو سەعاتێک سفرە راخرا وبەهەموو چەشنە چێشت وخواردەمەنی و میوەیەکەوە رازایەوە. میرزا سەلیم و پەریزادخانم روویان کردە میوانەکان وبەرێزەوە گوتیان "فەرموون. نانی خەجاڵەتیشە دەبێ بە گەورەیی خۆتان لێمان ببورن!"

میوانی بە کەیف ودڵخۆش بە ئیشتیا هرووژمیان کردەسەر سفرە و بە پارووی زل وقەڵەو کەوتنە گیانی ئەو هەموو تەعامە خۆشەی کە ئامادە کرابوو. بەڵام حەمەی شەربەت فرۆش زۆر بەشێنەیی دەستی بە خواردن کرد ولەپێش هەموانیشدا دەستی هەڵگرت ولەگەڵ خواردنیشدا هەر چاوی لەملاو ئەولای خۆی دەکرد:

ئاخۆ کەس ئاگای لێیە چی دەخوا و چی دەکا؟!

پاش نان خواردن کوڕی مەلۆتکە کراویان بردە بەر دەمی مەلاکەریمی پێش نوێژی مزگەوتی گەڕەک تاناوی بنێ. مامۆستاش دوای بانگ بەگوێ دادان وخوێندنی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز ناوی نا "ناسر" و نەختێکی وردەقەند دە دەمی کردو بۆ تەمەن درێژی و ئاخر خێری مەلۆتکە کەوتە پاڕانەوەو و پاش ماوەیەک دایەوە دەست میرزا سەلیم

شەو درەنگ بوو میوان هەستان بڕۆن. پەریزاد خانم لەو کاتەدا دەستی بۆگەردنی خۆی درێژ کرد وهەستی کرد کە یەکێک لە لیرەکان کەوتووە.

ژن بێ وژنـری لێ ون بێ و زیرەی لێ بلێند نەبێ ! خۆی بۆ رانەگیرا و هەرای لێ بلێند بوو !

" ئەیەڕۆ خۆ دانەیەک لە لیرەکانی ملوانکەکەم دیار نیە ! "

دەستی کرد بە پشکنینی ولات وئەم سەرەو سەرو ئەملاو لان کرد . بەلام نەی دۆزیەوە . شکی پەڕیبۆ سەر میوانەکان بەلام لە رووی هەلنەدەهات بپرسێ داخۆ دیویانە یان نا ! یەکێک لە میوانەکان کە هەستی بە شک وگومانی پەریزاد خانم کردبوو گوتی :

"ئەوەی پێناوێ دز یەکێکە وشک هەزارە !تۆ ژنەکان بپشکنەوکاک میرزاش پیاوەکان ژن و مێرد لە ولامدا گوتیان:

" ئاخر چۆن دەبێ بتان پشکنین . بەخودا مەگەر لەمەودوا تەماشای ناوچاوا ـ نتان نەکەین !؟

لە دلێشدا حەزیان بە پشکنین دەکرد . بەلام لە هەوەلێوە خۆیان راگرت و دەنگیان نەکرد . لە ئەنجامدا لەسەر ویستی هێندێک لە میوانەکان دەستیان بەپشکنین کرد .هیچیان بە کەسەوە نەدی. تەنیا حەمەی شەربەتفرۆش ما بوو بپشکندرێ. ئەویش هەر خۆی وەدوا دەخست بەلکوو لەبیریان بچێنەوە و نەی پشکنن ! ئاخری میرزا سەلیم گەیشتە بەردەمی و گوتی :

"کاکەحەمد بەشەرمەزاری بەوە! با تۆش بگەڕێم ."

بەلام حەمەی شەربەت فرۆش نەیهێشت بیپشکنن !

ئەم خۆ بەدەستەوەنەدانە خانەخوێ ومیوانەکانی دلنیا کرد کە لیرەکە حەمەی شەربەتفرۆش هەلیگرتووە . میرزا سەلیم لەرووی هەلنەهات حەمەی هەلپێچێ ولیرەی لێ بستێنێتەوە لەرووی ناچاری گوتی :

" باشە کاکە حەمە .قەیدی نیە ! بەلام حەقی ئەو کارەت نەبوو! "

حەمەی شەربەتفرۆش ئارەقێکی ساردی دەرداوسەری داخست . میوان بەچاوی سووکەوە دەیانڕوانیە حەمەو ورتەیەکیان لێدەهات و خودا حافیزیان دەکرد و دەرۆیشتن حەمەش بەدوای هەمواندا بە پێدزە مالی میرزا سەلیمی بەجێ هێشت .

لە دوای ئەم رووداوە لە گەڕەکی مالی میرزا سەلیمدا بوو بە قاو کەحەمەی شەربە ـ تفرۆش نمەک بەحەرامی کردووە ولیرەی پەریزادخانمی دزیوە . بەلام میرزا سەلیم ئەوەندە پیاوێکی لێ بوردووە کەهیچی بە حەمە نەگوتووەولێی خۆش بووە .


مانگێک بەسەر ئەو رووداوەدا تێ پەڕیبوورۆژێک پەریزادخانم خەریکی پێچانەوەی یەکێک لە قالی یەکانی دیوەخان بوو تا بدا بۆی بتەکێنن . کەچی تەماشای کرد لیرەکەی لەژێر فەرشەکەدایە ! لە خۆشیان وەخت بوو شاگەشکە بێ ! دەس بەجێ خۆی گەیاندە دووکان و مزگێنی بە مێردەکەی دا .

ئەویش لەخۆشیان وەک گول گەشاوە وبۆیان دەرکەوت حەمەی شەربەتفرۆش دزی لێ نەکردوون .

بەپەلە چوون حەمەیان لە ناو بازار دۆزیەوەکە لەبەر دوکانێکدا شەربەتی دەفرۆشت ژن ومێرد بە شەرمەزاریو خەجلاویەوە چوونە پێش و گوتیان :

" کاکەحەمە ببوورە!پێمان وایە لەو شەوەی ناونانی ناسرەوە دلت لێمان ئێشابێ . حەقیشتە . بەراستی شەرمەزارین بەلام شتێکت لێدەپرسین راستمان پێ بلێ. بۆچی زیاد لەو هەموو میوانە تۆ نەت هێشت بت پشکنین ؟ گوتی وەللا ئەوەی راست بێ ئەوشەوەی میوانتان بووملەمالی خۆمان هیچمان نەبوو مندالەکان بیخۆن. منیش بە هەلم زانی لە بەشە چێشتی خۆم نەختێکم خوارد وئەوی ترملەبا بۆلەیەک کرد وخستمە گیرفانمەوە تا بیبەمەوە بۆمندالان کەبێ شێو سەرنەنێنەوە ! بۆیە نەمهێشت بمپشکنی کە ئەو رازەم لێ ئاشکرا نەبێ !

ڕەخنە



« مەنسوور حامیدی »

تەنیای تەنیا ؟

رەخنەگرتن ولێکۆڵینەوە لە چیرۆک و شێوەی نووسینی چیرۆک کارێکی گەورە وبەنرخە. بۆ هاندانی چیرۆک نووس لە گەیشتن بە ئامانجی بنەڕەتی ئەدەبیات واتە هاندانی مرۆڤ بۆ هەراش بوون وگەیشتن بە پلەی بەرزی مرۆڤایەتی .. لەو بابەتەوە ئەرکی سەرشانی هەموو مامۆستا و زانایانی دڵسوزە کە چیرۆکەکان زۆر بە وردی شی بکەنەوە. و ئەو مەبەستانەی جوان و لەبارن هەڵیان بژێرن و ئەوانەی جوانی چیرۆکەکە دزێو دەکەن هەڵپەرتێون ، تالەم بارەشەوە چیرۆک نووسە لاوەکان جێ پێی خۆیان بناسن و وەڕێ بکەون .

لێرەدا پێویستە بڵێم ئەوە نەکاری منی کەم مایەیە ونە راوگەی منی بۆرەسوار. جا کەوابوو لەتەواوی مامۆستایان داوای لێبوردن دەکەم وئەگەر ئەو چەند رەخنەم لەچیرۆکی "تەنیای تەنیا" گرتووە، تەنیای تەنیا مەبەستم رێ کردنەوە سەبارەت بە رەخنەی ئەدەبییە وهیچی دی.ئەلبەت لەبیر نەچێ کە ئەگەر تەنیا ئەو چیرۆکەم هەڵبژاردووە نابێتە بەڵگە بۆ ئەوە کە دان بە باشی چیرۆکەکانی دیکە دابنێین بەڵکوو بە هۆی مەودای کەم وکاتی بەرتەنگ نەمتوانی چیرۆکەکانی دیکەی سروەی ژمارە ٦ بخەمە بەرباس.

بەدوای خوێندنەوەی مەبەستی "چ بنووسین" لەکاک هاوار لە گۆواری سروەوکتێبی شاری وێرانەبەش بەحاڵی خۆم چاوەروانییەکی پترم لەو نووسەرە بوو بۆچیرۆک نووسین. چونکوو هەر نووسەرێک پێویستە بەر لە نووسین مەبەست وپەیامێک رابگەیەنێ. بە کورتی دەبێ بەنووسینەکەی خۆی شوێن بخاتە سەر هەستی خوێنەر، ئاڵ و گۆرێک لەودا بەدی بێنێ بە چەشنێک کە خوێنەر دوای خوێندنەوەی نووسراوەکە هەنگاو بەرەو پێشکەوتن هەڵێنێتەوە. بەڵام بەداخەوە چیرۆکی (تەنیای تەنیا) لەو بابەتەوە کز و بەرتەسک بوو . تەواوی چیرۆکەکە لە سێ رستەی خوارەوەدا دەگونجێ :

سۆران کوڕی پیاوێکی مەڕداری بە ناوبانگە لەگەڵ هیوا زانستگا تەواو دەکەن وسۆران داوا لە هیوا دەکا چەند رۆژ لە گوندی ئەوان رابوێرن. لەوێ هیوا دەزانێ سۆران دڵی داوە بە بەهارەی کچی خاڵی. بەهارە بەنابەدڵی بەشوو دەدەن ئەویش شێت دەبێ ولە ئاکامدا دەمرێ . سۆران دەساڵ رادەوەستێ ولە دواییدا سەکتە دەکا .

من وام دەست کەوت کەئەو چیرۆکە بەر لەوە کەچیرۆکێکی کوردی رەسەن بێ و هێندێک لە قۆناغ وبابەتەکانی فۆلکلۆری کوردی بگرێتە بەر. دیتنی فیلمی رۆژئاوا شوێنی لەسەر داناوە وهانی داوە بۆ نووسینی ئەو چیرۆکە . روون و ئاشکرایە کە سۆران قارەمانی چیرۆک ناتوانێ کوڕی دەرەبەگێکی کورد بێ بەڵکوو زۆرترشێوەی (مستەرجان)ی ئینگلیزی دەدا بە خۆی و گیتارەکەیەوە کە لە هەر شوێنێک چ زانستگا بێ، چ نێو شار وشەقام دەنگ هەڵدێنی و دەخوێنێ وفرێشی بە دنیاوە نیە . من کە پێم وانیە ئیمڕۆ لەنێو کوردەواریدا هیچ کەس بێ ترس لە لۆمەی خەڵک ئیزنی ئەوکارەی بەخۆی دابێ. واجوانترە کە بڵێین ئەم

چیرۆکە زۆرتر لاساکردنەوەیەکی دەستوپێ سپیلکانە بوولە چیرۆک وفیلمەکانی رۆژئاوا.

بەڵام چەند مەبەستم بۆ هاتۆتە پێش کە نووسەر نە باسی کردوون ونە روونی کردوونەوە.

یەکەم:

سۆران کوڕی پیاوێکی مەڕداری بەناوبانگە کەدەست وپێوەندیشیان زۆرە ،دڵ دەداتە بەهارەی کچی خاڵی و خاڵی لەپڕ بەهارە بەنابەدڵی دەدا بە پیاوێکی دزێوی ناشیرینی بەد ئەتواری پیر. بەهارە لە سەری دەدا و شێت دەبێ ودوایە سۆران ئەسرینی بۆ دەرێژێ . مەبەست لێرەدایە ئاخۆ سۆران داوای بەهارەی کردبوو ؟ پیرۆت ئاغای بابی بەهارە، بۆچی کچەکەی نادا بە سۆران کە هەم زانستگای تەواو کردووە وهەم خاوەنی ماڵ و سامانێکی زۆریشە . (لەبیرمان نەچێ لەو سەردەمەدا ئەگەر کەسێک زانستگای تەواو، کردبا، رێز و حورمەتێکی زۆری لە لای هەمووکەس بوو) ئەسلەن هۆی دژایەتی خاڵی سۆران لەگەڵ ئەو چ بوو ؟

دووەم :

ئەو سەردەمەی کارەساتەکە رووی داوە زۆر داب و رەسمی تایبەتی لەنێو کوردان بووە (ئەگەرچی هەڵەش بووبێ) کە سۆران دەیتوانی بۆ بەرگری لە ئاکاری خاڵی رەچاویان بکا بەڵام سۆران هەروا بێدەنگ دەبێ. نەکا سۆران بە درۆ بەهارەی خۆش دەویست ؟ سۆران ئەو دەساڵە چاوەروانی چ بوو؟ مەگەر بەهارەی خۆشەویستی نەمردبوو ؟ بڵێی ئەودەساڵە هەر چاوەڕێی هیوا بووبێ ؟

من دەڵێم سۆران ئەو ویستەی نەبووە بەڵکوو ئەوە ویستی نووسەرە کە سۆرانی چارەرەش ماوەی دەساڵ بەسەر شێواوی وردێنی بۆز و سەری ئاڵۆز وچاوی بێ سوێ و جل و بەرگی ژاکاو رادەگرێ کە هاورێی خۆشەویستی "هیواگیان لەدەرەوەی وڵات بگەڕێتەوە و شەو لە پەنای دانیشێ تا قامێکی بۆ بڵێ وسەکتە بکا ؟

ئاخر بۆکەس بەمن ناڵێ چۆن دەبێ پیاوێکی سەرو روو خۆش ، دەنگ پیاوو رەنگ پیاو پڕ لەزەوق وپڕیش لە هیوا ، سەررێژ لەهەستی ناسک وجوان زاناوزانستگادیو ، وەها گیرۆدەی ئەوینی کیژێک بێ کە هەموو ژیانی ببێتە شانۆی پڕ یەژارە و کەسەر !

بەراستی نووسەر لە چی دەگەڕێ ؟ دەیەوێ بڵێ چی ؟ بۆپێمان ناڵێ هیوا کێ بوو؟ لەو چیرۆکەدا چ دەورێکی دەگێرا ؟ دەساڵ لە دەرەوەی وڵات کام عیلمی دەخوێنی ؟ کە دێتەوە سۆران بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێرێتەوە و لە پەنای سەکتە دەکا ، بۆ نەئامۆژگاری دەکا ونە رێی پێشان دەدا ؟نە بیروورای خۆیسەبارەت بەژیانی سۆران دەردەبڕێ ؟ ئاخر هیوا چ جۆرە ئینسانێکە ؟

بەڵام ئەویش تاوانبار نیە بەڵکوو نووسەرەکە پێی دەڵێ دەبێ بینەرێکی کش و مات بێ هەروەک ئێمەی خوێنەر .

من بەم براینە پێشنیار دەکەم ئەوجار کە ویستی بنووسێ لەبەرچاوی بێ کە نووسەر بەهۆی نووسینەکەی دەیەوێ هەر چەشنە ناکۆکی ـ یەک کە لە رەوشت و ئاکاری خەڵک دایە وهەروەها ئەوبیرو باوەڕانەی کە بوونە بەرگری پێشکەوتنی کۆمەڵ دەست نیشان بکا ورێی زاڵ بوون بەسەرئەم گیروگرفتانە بە خوێنەر نیشان بدا . جابۆیە ئەرکی سەرشانی نووسەر ئەرکێکی زۆر گەورە وگرینگە . هەڵەی نووسەر کۆمەڵێک بەهەڵە دەبا.پێویستە زانایانە و وشیارانە رێنوـ ێنی بکا .

هەروەها نووسەر دەبێ قارەمانەکانی خۆی باش بناسێ ودژایەتی لە کردەوەیاندا بەدی نەهێنێ. دەبێ بزانێ کە جیاوازی نێوان ئادەمیزادو گیانلەبەرانی دیکە ئەوەیە ئینسان گیاندارێکی بێ هێز و بێ دەسەڵاتنیە و بە هێزی عەقڵ و بیر، ئاڵ وگۆڕ لە ژیانی خۆیدا بەدی بێنی. لە جیهانی ئیمرۆی ئێمەدا ئینسان توانای بەربەرەکانی لەگەڵ

بروانە لاپەڕەی ٣٦

ک.تەوەحوێ



((زانایانی بەناوبانگی کورد))

شێخ ئەحمەد

لە رۆژئاوای شاری باژگیران لە نیزیک سنووری ئێران وورووسیا قەلایەک (گوندێک) بە ناوی "بەر دەر" هەیە .مەودای ئەم گوندە تا باژگیران دوو فەرسەنگ وتاقووچان پازدە فەرسەنگە .

مەلا ئەحمەد خەلکی ئەم گوندە بوو . پیاوێکی زانا و خەت خۆشێکی بێ وێنە بوو . ئەویندارى فەرهەنگ وئەدەبی کرمانجی خۆراسان بوو و زۆریشی تێدا شارەزا بوو . هەمیشە حل وبەرگی کوردی دەبەر دەکرد وهەر وەک هەموو پیرەمێردانی ولات پەستەکی لەشان دەکرد .ئەمخوالێخۆشبووە لەسالی ۱۲۳۹ هەتاویدا لە دایک بوو ولەسالی ۱۳۴۴ پاش ۱۰۵ سال ژیان ، دنیای بێ وەفای بەجێ هێشت .

مەلا ئەحمەد کاری کشت و کال وئاژەلداری دەکرد وبە دەست ومستی خۆی بەرێ دەچوو . قورئانی تەواو لەبەر بوو و لەناوچەی خۆراساندا کەمکەس لە تەفسیرو لێکدانەوەیدا شانی لە شانی ئەو پیرە بلیمەتە دەدا . شیعرەکانی مەولانای رۆمی لەبەر بوو وبە دەنگێکی خۆش بە ئاهەنگ دەیگوتن . مەلائەحمەد یەکێکە لە تێکۆشەرەکانی رێگای ئیسلام وچەند قورئانی بە خەتی خۆش نوسیوەتەوە و لە ناوچەی سەرسنووردا بلاوی کردۆتەوە . ئەم قورئانە پیرۆزانە ئێستاش بەدەست خەلکەوە ماون ویادگارێکی بێ وێنەن .


مەلا ئەحمەد لە سیغار و تریاک کێشان کە زۆر کەس مفتەلای بوون بە درێژی تەمەن خۆی پاراست . وتا رۆژی مردن لەشێکی ساغ و پتەوی بوو ودەستی لە کار و تێکۆشان نەکێشاوە .مەلا کوری کێوپارە بوو . لەگەل کەژ و چیای ئەستەم راهاتبوو .زۆری کتێب دەخوێندەوە و زۆریشی دەنووسی . لە هونەردا زۆر شارەزا بوو . بەتایبەتی لە خۆشخەتیدا کەس دەسکەنەی لە دوو نەدەکرد . لە ژێرەوە نموونەی خەتی ئەو هونەرمەندە دەبینن :

هەوالنێرەری گۆواری "اطلاعات هفتگی" لە سالی ۴۳دا وتەو وێژێکی لەگەل ئەوپیرە دل روونە کردووە کە ئێمەش لێرەدا بێ دەست تێوەردان پێشکەشی خوێنەرانی بەرێزی دەکەین .

" بیستبووم لەوبەری چیا بلێند وسەرکێشەکانی شیمالی خۆراساندا گوندێک هەیە کەپیرەپیاوێکی رووناکدل و هونەرمەندی تێدا دەژی. ئەو پیرە پاکە سەدوپێنج سالی لەتەمەنی تێ پەریوە وخەت خۆشێکی زۆر بەناوبانگە . دیسان پێ یان گوتبووم کە پیرەمێرد خاوەنی ئەزموون و بەسەرهاتی سەیرو سەمەرەیە وزۆر زانایە و زەینی زۆر بەقەوەتە ....

دلم بۆزیارەتی دەیکورکاند دووری وئەستەمبوونی رێگەم لەبیر بردەوە وبەرەو گوندی "بەردەر" کەنەوەد کیلۆمیتر لە قووچان واوەترە کەوتمە رێ. کاتێک گەیشتمە گوندەکە تووشی لاوێکی سوار بووم و داوام لێکرد مالی " شێخ ئەحمەدی ئەولیائی"م پێ نیشان دا .

بە چەند کۆلانادا تێ پەرین وگەیشتینە مالی شێخ . لەپەنا دیوارێک



آل عمران ١٠٤

ربنا واتنا ما وعدتنا على رسلك ولا تخزنا يوم
القيمة انك لا تخلف الميعاد فاستجاب لهم
ربهم اني لا اضيع عمل عامل منكم من ذكر او انثى بعضكم
من بعض فالذين هاجروا واخرجوا من ديارهم
واوذوا في سبيلي وقاتلوا وقتلوا لاكفرن عنهم سيئاتهم
ولادخلنهم جنات تجري من تحتها الانهار ثوابا من
عند الله والله عنده حسن الثواب ۝ لا يغرنك
تقلب الذين كفروا في البلاد ۝ متاع قليل ثم ماويهم
جهنم وبئس المهاد ۝ لكن الذين اتقوا ربهم
لهم جنات تجري من تحتها الانهار خالدين فيها
نزلا من عند الله وما عند الله خير للابرار

پیاوێکی ڕەزاسووک وبەسەرو سیما کە نێوچاوانی نووری لێدەباری دانیشتبوو .زۆر زوو لێم حالّی بوو کە ئەوزاتەی بەرامبەری راوەستاوم خۆیەتی ....

بۆماوەی چەندسەعاتان لە خزمەتی بووم . لە هەموو بارێکەوە دەدوایین . شێخ لە منالّی یەوە دەستی کردبوو بە خوێندن وپێش هەموو شتێک سەرف ونەحوی عەرەبی خوێند . پاش چەند سالّ خوێندن و لێکۆلّینەوە ئەوجار دەستی کرد بەدەرس دانەوە وسەتان کەس لەژێردەستیدا پێگەیشتن.

ئەم زاتە گەورەیە سەتان



کتێبی بەنرخی خوێندوتەوە و ئاگاداری یەکی بەرینی وەدەست خستووە . بەتایبەتی شارەزایی وناسیاوی یەکی زۆری لە ولاتانی دەرەوە هەیە وئێستاش هەموو رۆژێ کتێبێک دەخوێنێتەوە ....

شێخ ئەحمەد گفت ولفتی زۆر خۆشە وبێجگە لەوەی عەرەبی باش دەزانێ زۆریش جوان دەنووسێ و خەتی زۆر خۆشە وتا ئێستا چەند جلّدی قورئان بەخەتی خۆی نووسیوە- تەوە . لەشێخ ئەحمەدم پرسی زۆر حەز لەچی دەکەی گوتی : " بەدیتنی خەتی خۆش هیچ غەمێکم نامێنێ" ئەوجار لێم پرسی ئەدی بەچی زۆرنا ڕەحەت دەبی ؟ فەرمووی " کاتێک دەبینم و دەبیسم **کوڕو** کالّ سیغار دەکێشن و ئارەق دەخۆنەوە وەک مێوژۆکە دەلەرزم ."

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی



ئازیزه

دڵم دێشی سەرم هەڵ نایە
لەبەر بارستی دەغەمان
ئەوەڵ بانگم وەبەر بینایی چاوان
ئەوی دیم وەبەر رەسوڵ ئەڵڵایە
وەرە عازیزێ
بانگی دیم وەبەر حەزرەتی مووسایە
هەزارویەک کەلیمەی عەرزی بینایی چـــاوان
دەکرد
لەسەر کێوی تووریّ


کەلیمەی دە (لاالەالا اللە)یە
وەرە عازیزێ
بانگی دیم وەبەر عیسای رووح وڵڵایە
وەبەر حەزرەتی داودی
ئەگەر ساحەبی تەوڕات وزەبوورو ئینجیل بوون
لەسەر ئەوێ دنیایە
وەرە عازیزێ
بانگی دیم وەبەر حەزرەتی سولەیمانی
حوکمی دەکرد لەتەیرێ ،لەتووریّ ، لەباڵداری

نابێ شەبەقی رۆژێ بدا لەخاتبڵقیسایە ،
وەرە عازیزێ
بانگی دیم وەبەر ئەسکەندەری چوارقورنە
خەرجی دەستاند لەمانگ ورۆژێ ،لە دەریایە
وەبەر حەزرەتی یۆسیی
کەجوانی وی مەنشوور بوو
لەسەر ئەوێ کاولە د نیایە
وەرە عازیزێ
وەبەر حەزرەتی خالیدی
هەزارویەک لفکەی بەردەداوە
لە رۆژی دە دەعوایە
وەرە عازیزێ
بانگی دیم وەبەر ئیمامی عومەری
دەیکرد ،فەتحێ ،دەگەل ئەوێ خەزایە
وەبەر ئیمامی عەلی
ئەگەر بە رۆژی جومعان
سواری دوڵ دوڵی دەبوو
بە عەزمی دەخەزایە
وەرە عازیزێ
بانگی دیم وەبەر ئیمام مووسای کازم
وەبەر شێخ مارفی کەرخی ،
وەبەر شێخ بەهلوولی دانا
ئەگەر سواری قامیشی دەبوون
بەرۆژی جومعەی ،هەموو نوێژانیان
دەبردەوە کابەتوڵڵایە
وەرە عازیزێ
بانگی دیم وەبەر شەمسی تەورێزی
وەبەر گومبەزی سەهەند بابای
ئەگەر هەموو سبەینان
لێی دەداوە گزینگی دەناوێ
وەرە عازیزێ
سەرم دێشێ ،دڵم راناوەستێ
لەبەر ئەوێ ژانێ
ئەوەڵ بانگم وەبەر بینایی چاوان
ئەوی دیکەم وەبەر پێغەمبەری ئاخری زەمانێ
وەرە عازیزێ

بانگی دیم وەبەر پیرناسری
ئەوی دیم وەبەر گومبەزی جاشێرانێ
وەرە عازیزێ
بانگی دیم وەبەر چاکەگوڵەی بابخالانێ
وەبەر شێخ رەش وشێخ مەندان
ئەگەر تیرەنداز بوون لەسەر ئەوێ کاولە
د نیایە
وەرە عازیزێ
بانگی دیم وەبەر چل سەیدی ،سۆفیانێ
وەبەر سوڵتان بەیاقووبی گوندی خەلیفانێ



وەرە عازیزێ
بانگی دیم وەبەر چاکی قەرەقاجاتی عەجە-
مستانێ
وەبەر پیر مەرغەولی
وەبەر گومبەزی سوڵتان سەید وەقازی
گومبەزی مەبارەکی دەرِوانێیە
شەرەفکەند ولووساوکانێ
وەرە عازیزێ
خۆ من دەست هەڵناگرم
لە خانەدانی دەساداتان
هەتا ئەو رۆژەی پێغەمبەری ئاخری زەمانێ
لە سەحرای مەحشەرێ ،
خێروشەرِ بەش نەکرێ ،نەگرێ قەرارێ
دەگەڵ ئەوێ دیوانێ

شەو
لەچوار فەسڵی ساڵدا

بەهارە شەوە، زەوی دەسماڵی پووڵەکە ڕێزی ئەستێرەی لێ شانەوشان کردووە بەرۆکی تمرازاوی شوێنی حەسانەوەی زیندەوەرانە.

شەوە، کوچکاوری حەوشەی لاپەڕان بووژاونەتەوە، لەگەڵ نارەناری شوانگڕ کەوتۆتە سەماوچەمۆڵە لەتاریکی دەنێ.

شەوە، جێژنی بۆقانە، بەزمە، هەڵڵایە، هەرایە کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە هەرکەس بەڕێبەی خۆی دەپێوێ.

شەوە، ئاوێک دمێ بە کوڵمی گوڵەوە ناوەوهەر تاوە ناتاوێکیش دەخزێ و دەستی دەباتە ژێر کراسی تەنک وناسک وقانەقدیلەیدەدا.

شەوە، بولبول لەسەرچڵان دڵی دەدا چڵان، تەنانەت. وەنەوز چەشنی خەیاڵ بەچاوی دارانابرێ، بێ ئۆقرەیە جارجار ورتەیەکی لێوە دێ وادیارە شتێک دەڵێ، یاخۆ بیر دەکاتەوە بیرلەسبەی سبەینێکی ڕووناک، سبەینێکی تاریک.

شەوە، شنەبا بەپەناسیلەی جێ ژواندا دەخوشێ، لەگەڵ هەناسەی لاوزولفی شانەکراو دەشەمزێنێ ولە بن هەرتاڵەموویەکدا خۆدەمرێنێ.

هاوینە شەوە، ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی هەستیپەستی ناخیکۆندێک شەمشەمەکوێرەی خستۆتە ورینگە.

شەوە، سیسرک لە ژووری تاریک وقورماویدا دەستی کردووە بەگۆرانی ویەک بیس ویەک هەواناییمالێیتەوە، دەبێ بەچی وبەکێ هەڵبلێ؟

شەوەکەوەکەی سروشتە نەک کەوی شووڵی بێگیان کەفیزاوە، چەمیوە، تەنیوە بۆتە زیندان.

شەوە. کانی چۆلە بەلام شەپۆل ناسرەوێ بۆن وبەرامەی جێ ماویگەورەکچان ئەوینی ژینی ساکاردەگەشێنێتەوە.

شەوە، پالەی ماندووونوستوون لەپی دەستیان پێدەشتێکی چۆل ورەقەنە کە پیت وبەرەکەت و بەرهەمی لێ ڕەخساوە.

شەوە، چەق ولووری سەگەل لەپەناخاوەن ماڵی بێ خەبەر وریا وگوێ قولاغ دەکەنەوە وهەستی پێ ڕادەگرن کوڕ گەلی دڵتەری گەڕاوە لەگەڕ دەخەن وبەپەسارانیان





هەڵدەبەستن.

پاییزە شەوە، ئاریزی رەز خەریکی کۆچ کردنە، بەگەردو تۆزەوەسورەی ئاوابوون دەکا.

شەوە، گەردە لوول پڕوبووش، وکەماکۆن وفانگەلاسک، تێکەوە دەپێچێ ورەپێچەکی دەداوبەرە وحرودۆڵ وکەندالآ- نیان دەفرێنێ.

شەوەپەنجەی شەپۆل هەزاران لوتکەی ژیان نەرم نەرم دەبڕێوێ چەشنی بێشکەی منالێ بۆ خافلآندن وژیر کردنەوە ولە خەوکردن رایاندەژێنێ.

شەوەهەر حەبالەگەرۆلی گەریدەی بێ دەنگ ورەنگ، داناکەوێ، لاناکەوێ، هەتا هەزاران حەبالێ نەگرێتەئامێز

شەوە، تەشی زەمان بە باری ئاوە ژوودا دەخولێ وریسی ژیان خەریکە خاو دەبێتەوە.

شەوە، تەگەرەی تەمەن کەوتۆتە لێژی وبیرەوەری گوڕوتینی رابردووی دەزووی سارد دەکاتەدیاری.تان وپۆ خۆ دەنوێنی وچاوان دەترسێنێ!

زستانەشەوە، کلۆوکلۆوبەفر داتەقی وبڕووی سەرما وسۆڵی راکێشاو خەڵکی لەبن کورسی کێشا.

شەوە، شەوە خۆی دەدەسک ناوە، خەفتاوە، پێلاورەشە بەدشومە، دزێوە، ناتەرزە کێ دەزانێ کێی هەڵناوە؟

شەوە سروشتی وێنەگەر لەحاند بێکەسی وتەنیایی تاقەداری بناری کێوێدا. چۆکی داداوە وبە ئارامی تێی هەڵدەڕوانێ.

شەوە، بادامو کاکڵە گوێزو مێوژو خورما کۆڕو مەجلسیان دەرازێنێتەوە و قسەی زل زل وبەتام وخوێ دەحەنە زاران وسەری چلوان دەخوێن.

شەوە، دیمەنی پیرەپیاوان سرنج راکێشن، گنجی نووسراوەیەکە من تێیدا سەرگەردانم، هێڵی کەن و تووش وباریکی روومەت کە بەرەو کوێستانێ نێ هەڵبۆتەوە، کاروانەرێی پڕووداوی تاڵ وشیرینە!

بەڵێ شەوە، نیوەشەوە گەرچی چرا لەشۆقە، نیگام کرە، ماندووم، شەکەتم هەرچەند خۆبانی ژیی وەردەگێڕم، کلۆشەو وردنابێ تێی ناچم، کارێکی گران وئەستەمە، بڕیش بڕ بکا مێشک دەرناما!


چاوا چاکە پەنابەرمە بەر لێفەشرە، شەوگاری درێژ شەو چەلەی زۆری دەوێ.

لەسروەی ژمارە (٧ و ٦) دا دوو بەشی ئەم وت وویژەتان دیت ئێستا ش ئەوە پاش ماوەکەی لەم ژمارەدا پێشکەش دەکەین.


پرسیاری ١٠- تا ئێستا چ کارێک لەسەر فۆلکلۆری کوردی بەگشتی و لەسەر بەیتەکان بەتایبەتی کراوە؟

وەڵام- دەتوانم بڵێم لە قەدەر بەربڵاوی دونیای فۆلکلۆری کوردی هیچ ئەوەی کراوە وپوختەیە کارێکە کەلە هەندەران لەسەر چەند بەیت و حەیران وشتی وا کراوە. ماموستا قادری فەتاحی قازی وماموستا بۆرەکەیی لەنێو خۆدا کاریان لەسەر سێ چوار بەیت کردووە کە دەتوانم بڵێم (بەرجی یەک دوومەبەست کە لە بەرچاویان نەگرتووە) کارەکەیان جوان و لەبارە. دەنا ئەوەندەی چاپ کراوەو بەدەست خەڵکەوەیە یا زۆر ناتەواو بوون یا هەر شیاوی باس کردن نین وخۆزی هەر نەبوایەن.

بەکورتی کار لە سەر بەیتەکان بەو مەیدانی هەراو وبەربڵاوی خۆیەوە کاری ناوەندێکی زۆر دەوڵەمەندی ئەدەبی وفەرهەنگی یە هەتا کاری یەک دووکەس. پێویستی بە زەحمەتێکی زۆر وبێ وچان هەیە. ئاخر کام باری بەیت دەکرێ لەبەر چاو نەگیرێ و فەرامۆش بکرێ؟ فەرهەنگی



(٣)





وت وویژێك دەگەڵ: ع.خزری

وشەی بەیتەکان، ئاهەنگ و مۆسیقای بەیتەکان لە باری مێژوویی و جوغرافیایی و کۆمەڵایەتی بەیتەکان، شیعر و چوارچێوەی شیعری بەیتەکان؟ داب وباوو رەسمی کۆمەڵایەتی بەیتەکان؟ ئیستلاحاتی نێو بەیتەکان،لە کامیان؟

کاتێک دەروانییە فیلمی گوایدێن (فیلمەکەی کوبای باشی) بەشێکی (بەیتی جندۆکان)ی عەلی بەردەشانی یە. گوایدێن لەکوێ وعەلی بەردەشانی لەکوێ؟ ژیانی بودا بۆراست وەک رووداوی زەمبیل فرۆش دەچێ؟ تەواوی بەیتی شێخ مەند وشێخ رەش بۆ لە (یشتها)ی زەردەشتدا دەبینی؟ ئایا دەکرێ لە تەواوی ئەو مەبەستانە خۆبویری و لات وابێ کارێکیشت کردووە؟ بەداخەوە تا ئەورۆ کارێکی وانەکراوە تەواوی ئەو بارانە بگرێتەوە

پرسیاری ١١- لە باری مۆسیقای کۆنی کوردیدا دەڵێی چی. وابزانم پەیوندێکی راستەوخۆی لەگەڵ ئەم باسە هەیە؟

وەڵام- سالی ١٣٦٢ هێندێکم بەیت وحەیران لەسەر شریتێک تۆمار کردو دام بە دوستێکی شارەزا تا نۆتی ئەو بەیت و حەیرانانەم بۆ بنووسێتەوە. من لەمۆسیقا هیچ نازانم بەڵام ئەوەی منی دڵنیاتر کردبوو ودۆستەکەمی شاگەشکە،

ئەوە بوو کە گوتی :

فلان کەس هێندێک لەو بەیت وحەیرانانە نە تەنیا فالش نین بەڵکوو زۆر رێک و پێکن بەڵام یا لە گۆشەی زۆر کۆن وقەدیمی مۆسیقی دان کە هەموو کەس نایانزانێ یا بەو دەزگا ناسراوانە نابیندرێـ نەوە . ئەگەر لێم بەئیراد نەگری دەڵێم زوربەیان لەو دەزگایانەدان کە لە پاش ساسانی یەکانەوە بوون و فەرامۆش کراون .



تەیری دەگەرمێنێ، **گەوهەرێ دەشتی دەوژێری ، خاڵۆرێبوار** کانەبی و ...سەدان هەوای تر کە هێندێک ئاهەنگی بەیتە ـ کانن وهێندێک بە دەستکاری یەوە کراونەگۆرانی وهێندێکیش وەک رمبازێن و هاوارە بەرەو بووک و خەسوو هەروا ماون. یا ئەو ئاهەنگانەی بۆ نەخۆشی ئەسپەک گرتوو لێ دەدەن وپێی چاک دەبێتەوە .

مۆسیقی کوردی کەس نەبووە

دۆزینەوەی ئاهەنگی بەیتەکان زۆر چەتوونە وکەم کەس دەیزانێ

ئەوە نیشان دەدا ئەو بەیتانە چەندە دەوڵەمەندن هەڵبەت دۆزینەوەی ئاهەنگی بەیتەکان زۆر چەتوونە وکەم کەس دەیزانێ. بەداخەوە بەیتەکان لەو بارەشەوە زەبرێکی گرانیان وێ کەوتووە

●●

کورد هەتا ئەوساڵانەی دوایی ئاهەنگسازی نەبووە. وئەوەی لەوەدەمەشەوە ماوە هونەرێکی تەواو خەڵکی وتەواو کوردی یە. ئەوجار مەبەستێکی زۆرگرینگ ماوە ئەویش هێندێک ئاهەنگ وهەوای مۆسیقی کوردین کە بە شمشاڵ لێدەدرێن . ئەوان بەداخەوە وردە وردە لەنێو دەچن وەک ئەمانە :

ناسرومالماڵ ، حەیران ، سوارۆ ، رەوتی، ئایشەگوڵ گولێ گولێ، شەپۆلی دەریا باخی سینەم، پایزە لە من، رمبازێن ، سەما وهەڵپەرکێ شایی دەگەرێ، هاوارە بەرە شیرین هەلامە ، رەزیەی کۆن رەزیەی تازە ، بووک و خەسوو جۆرە ، لەشکری، لای لایە ،گەلۆ سەری پێوە بێشێنی . وبە جێگەی زیندووکردنەوەی ئەوان گۆرانی بێژەکانمان روویان لە ئاهەنگی غەربی وعەرەبی وتورکی کردووە ئەگەر کارێک لەباری مۆسیقی و گۆرانی کوردی کرابێ بەرادەیەک ناشیانە وناتەواوە کە موحەقیق تەنانەت نەیزانیوە گۆرانی یانی چی و شیعری رەسەن و فۆلکلۆری یانی چی و نۆت نووسین لەم کارەدا چەند پێویستە .

یەکێک لە پەیڕەوانی شیعری گۆران ماموستایەکە بەناوی "ماموستا محەممەد سەدیقی مەحموودی موکریانی" ئەلبەت ئەو ماموستایە هێشتا نەیتوانیوە شێوەیەکی تایبەتی و سەربەخۆ بدۆزێتەوە. نەوەک قالب و دیوی دەرەوەی شیعرەکانی لەهی گۆران دەچێ بەلکوو هەر نیوەرۆکی شیعرەکانیشی هەمان نیوەرۆکی شیعری گۆرانە ....

... من لاموایە ئەم شاعیرە هەوێنی شاعیرانەی لەهەستیدا زۆرە و چاوەڕوان دەکرێ بە زوویی رێگای تایبەتی سەربەخۆی، خۆی بدۆزێتەوە.

سوارەی ئیلخانی زادە



من: محەممەد سەدیق مەحموودی

من ناوم "**محەممەد سەدیق مەحموودی**"یە. بیست و پێنجەمی مانگی رێبەندانی سالّی (١٣١٦)ی هەتاوی لە "**پاشبلاغ**" کە دێیەکە لە نزیک بۆکان، بەلّام سەر بە ناوچەی مەهابادە، لە بنەمالّەیەکی ئایینیدا لەدایک بووم.

بابم ناوی **مەلا برایم کوڕی مەلا سالّحی سەرا**، لە بنەمالّەی زانست پەروەری **مەلاکانی شەمۆلەی** سەردەشت بوو.

لە تەمەنی پێنج سالّی یەوە لە لای بابم دەستم بە خوێندن کرد. بە منداڵی "بە پێچەوانەی ئێستام" زۆر زیرەک و بە هۆش بووم. لە تەمەنی شەش سالّیدا پتر لە شەشسەت شیعرم لەبەر بوو. دوازدە سالّانە بووم کە بەگوێرەی رێ ورەوشتی بنەمالّەیم بۆ فێربوونی زانستە ئایینی یەکان و زمان و ئەدەبی عەرەب، چوومە نێو فەقێیان. **لە فێرگە ئایینی یەکانی کوردستاندا درێژەم بە خوێندندا**. سەرئەنجام سالّی (١٣٣٩)ی هەتاوی، لەلایەن ماموستایانی گەورەی ئایینی سابلاغ ئیجازەم وەرگرت و لە گوندەکانی "**جەمۆغە**"ی بۆکان و "**تالّەجەڕ**"ی سەقز دەستمکرد بەدانەوەی دەرسی "**بەلاغە، ئوسوول، مەنتیق، فقه، سەرف و نەحو** بە فەقێیان. ئەمکارەم پتر لە دووسالّی نەخایاند. ژیانی بەم تەرزە بۆ من زۆر ئەستەم و گران بوو. ناچار دەستم لێ هەلّگرت. وبووم بە ماموستای قوتابخانە دەولّەتی یەکان.

سالّی (١٣٥٠)ی هەتاوی کارەکەیان گوێزتمەوە بۆ تاران وماوەی شەش سالّ لەوێ مامەوە. ئەوشەش سالّەم بەکار وخوێندنەوە رابوارد. رۆژانە دەرسم دەدا وشەوانە دەرسم دەخوێند.

دووسالّ لەزانکۆی ئادابدا دەرسم خوێند وچوار سالّیش لە زانکۆی حقووقدا.

پاش وەرگرتنی **لیسانسیەی حقووقی قەزایی** گەڕامەوە بۆ مەهاباد وئێستا لەم شارەدا ماموستای قوتابخانەی ناوەندی یەکانم.

لەبارەی شیعروشاعیریمەوە پێویستە بلّێم:

هەر لەمندالّی یەوە شیعرم خۆش دەویست زۆر شاعیرم بە

ناووشوێنەوارەوە دەناسی
خۆشم جاروبارە شیعرم دەگوت
**بەڵام شیعرەکانیشم وەک
تەمەنم منداڵانە بوون .**
تەمەنم وردە وردە چووە
سەر وشیعرەکانیشم باشتر
بوون . پێموایە ساڵی
(١٣٣٥)ی هەتاوی بوو کە
لەگەڵ چەن گۆوار و
رۆژنامەی فارسی کە لەتاران
وتەوریز دەردەچوون،ساغەی
هاوکاریم دامەزراند . شیعر و
وتاری ئەدەبیم بۆ دەناردن و
چاپیان دەکرد .ئەوکارە زۆری
دڵگەرم کردم وبتری هانی دام
بۆنووسین .
شاوی باسە کە بڵێم :
لەو وەختەدا خۆم شیعرە
کوردی یەکانی خۆمم پێ باش
نەبوون .نامتوانیبا بە
بەرگریم لە بڵاوبوونەوەیان
دەکرد .
لەو سەردەمەدا ، لەتاران
**رۆژنامەیەکی کوردی بەناوی
"کوردستان"** دەردەچوو .ساڵی
(١٣٣٨) هەوەڵین شیعری
کوردیم لەودا چاپ کرد . ئەو
کارە زاتی شکاندم ،ئیتر لەوە
بەدوا بەراشکاوی شیعرە
کوردی یەکانم بڵاو دەکردنەوە
ودەمدان بە ئاشنایان و
هاوڵانی ئەدەب ویستی خۆم .
تەنانەت چەند جارێکیش
نووسەرانی بەرنامەی ئەدەبی
رادوێی کوردی لە ئێران
هێندێک لە
شیعرەکانیمان خستە بەر
لێکۆڵینەوە وماموٚستایانە
شیان کردنەوە یەکێک
لەوان ،برای هونەرمەند و
شاعیرم **کاک سوارەی ئێلخانی-
زادە** بوو. یادی بەخێر .
دەتوانم بڵێم هۆی ئەوە دوو
شتە :
یەکەم، وەک هەموومان
دەزانین لەرژیمی کوشت وبڕی
حەمەرەزای پەهلەویدا ، هیچ
جەشنە ئازادی یەک لەگۆڕێ
دانەبوو. ئازادی زمان و
نووسین بەکوردی ودەربڕینی
بیروبڕوای دەروون بە

نیونیگای دلداری

**خوڕەی هەڵدێر ، شمشاڵی شوان
بۆشیعری جوان، ئیلهامی خوان
چەند بەسۆزن، چەند سیحراوین
لای لایەن بۆ کۆرپەی ئەوین**

* * *

**وەختێ کەهات نەورۆزی لاو
زستانی خست لەبەند وباو
ئاسمان لەسوێی گوڵی گوڵشەن
زامی جەرگی دێتە تەشەن**

* * *

**گەلاوێژی ئاسمانی شین
بە پرشنگی جوانی زێڕین
بە زەردەی لێو بەپێکەنین
تین ئەخاتە دڵی ئەوین**

* * *

**دەمی بەیان شنەی شەماڵ
دڵی بێ تین دێنێتە حاڵ
وەنەوشەی کز لەنێو تەما
ئەخاتە نێو کۆڕی سەما**

* * *

**بەپشت پشتی قامکی سروشت
کاتێ کە خۆر پرشنگی رشت
زەوی هەمووی چ دەشت چ کێو
بزەی زێوینی دێتە لێو**

* * *

**بە ئاهەنگی هەوری بەهار
فرمێسکی شادی دێتە خوار
لە چاوی ئاسمانەوە
بە موژدەیی ژیانەوە**

* * *

**باران زەوی دەغەملێنێ
دەشتی هەزار بەهەشت دێنێ
خۆی بەدیاری ئەدا بە کێو
گوڵی بزەی گوڵدانی لێو**

* * *

**لە کێووتەل ، دەشت و چیا
لەسەر پەڕەی گوڵ یاگبا
جەن نەخشینە و چەن جوان ئاونگ
کاتێ کە لێی دا پرشنگ !**

* * *

**وشە وتریفەی مانگەشەو
لە سووچی دڵ ئەدا پرتەو
ئەخاتە ناو ئاگری سوور
تاسە ، مەیل ، هەست وشعوور**

* * *

**ئەوانە گشت ئەدەن بەگیان
ژیان وماں بەڵام کامیان
وەک نیونیگای هی دلداریـن
ئاوا لەناخی دڵ کارین ؟!**

تایبەتی لەچوارچێوەی نووسیندا ، وەک هەمووماففکانی دیکەی ئەم نەتەوەیە پێ شێل کرابوو. پتر لەدەیان جار بەتایبەتی ساڵەکانی (١٣٤٣) (١٣٤٧) ، (١٣٤٨) کەئەو رژیمە گڵاوە شاڵاوی دەهێنا سەر کوردستان وکوردەئازادیخوا - زەکانی لەخوێندا دەگەوزاند وەئەمموورەکان شەوونیوەشەو بەسەر خەڵکیان دادەدا وماڵان دەگەڕان ،ناچار دەبووم شیعرەکانی خۆم بسووتێنم "چونکوو فریای شاردنەوەیان نەدەکەوتم".

دووهەم ،خۆم ئادەمیزادێکی بێ مشوور بووم، کەم جاری واهەبوو شیعرەکانم بەجوانی بنووسمەوە وهەڵیان گرم. سەرەڕای ئەمەش گەلێک جار ئاشناکانم شیعریان لێ وەردەگرتم وبەڵێنی یان دەدا دوای نووسینەوە بۆم بێننەوە. کەچی ئێستاش چاوم پێیان نەکەوتەوە. شیعری ئەم کتێبە تەنیا ئەو شیعرانەن کە لەحافیزەمدا عەمبار کرابوون و لەبیرم نەچووبوونەوە.

بیروڕام سەبارەت بەشیعر

من لاموایە کۆشکی بەرزی شیعر، لەسەر سێ پایەی "زمان" و"بیر"و"خەیاڵ" دامەزراوە. لابردنی هەرکام لەو پایانە دەبنە هۆی تێک رووخانی ئەم کۆشکە.

من بڕوام بە "فۆرمالیسم" و "ئیماژیسم" نیە. لە شیعردا تەنیا ئەشکی شیعرو وردەکاری وشەوزمان،یا تەنیا پایەی خەیاڵ گرینگە.

هەروەها لەسەر ئەو بڕوایەش نیم کە بیروفکری نێو چوارچێوەی شیعر لە دوانەکەی دیکە پێویستترە. شیعری باش شیعرێکە کە.لە هیچکام لەو سێ روانگەوە لاوازی وکەموکووڕی نەبێ.

شیعری کۆن ونوێ

من واتێدەگەم کەچوارچێوە وقالبی شیعری باش دەکرێ نوێ بێ ودەکرێ کونێ عەرووزی بێ. مەبەستم ئەوەیە کە تەنیا میعیار وتەرازووی چاکی و خراپی شیعر ئەو سێ کەرەسە شیعری یە کە لەپێشدا باسم کرد یانی(خەیاڵ وزمان وفکر) ئیدی قالب وچوارچێوەی هۆنراوە هیچ شوێنێکی لە باشی وخراپی شیعردا نیە .

لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو سێ عونسورەی شیعر پێویستی بە باسێکی ورد و درێژ هەیە کە ناتوانم لەمکورتە وتارەدا لەبارەیەوە بدوێم. هیوادارم لە سەرەتای کتێبەکانی داهاتوومدا بتوانم ئەمباسە بەجوانی شی بکەمەوە.

شاعیرێکی کورد

چل ویەک ساڵ
بەر لەئێستا
لە پاشبڵاغ لادێ یەکی موکریانا
لوێچێ هەست و
مستێ خەفەت
تێکەڵ کران
باشلێک دران
کۆرپەیەکی لێ بەدی هات ....
کۆرپەی دایکی لێوبەباری و
بابی داماوی هەژاری
ئێستا ئەوە
شاعیرێکە
شاعیرێکی ماتوکڕی
دڵ پڕگڕی
کوردەواری .

مامۆستا محەممەدسەدیقی مەحموودی لەرێزەی ئەوشاعیرە گەورانەیە کە خزمەتێکی زۆریان بەزمان و فەرهەنگی گەلەکەیان کردووە .ئەمشاعیرە هونەرمەندە زۆر خەتخۆش بووە ولەم رشتەدا ناوبانگی بووە .

... تا رۆژی شازدەی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٣ بەهۆی لێکدانی ماشێن کۆچی دوایی کرد .

جوغرافیای شارستانی بانە

(٢)

رەئووف وسووقی
حاجی رەئووف سەلیمی

وەزعی ئینسانی

بەپێی سەرژمێریساڵی ٦٢ی هەتاوی شارستانی بانە (٦٣٩١٦) کەسە کە (٢٥٠٠٠)کەس لە شاری بانە نیشتەجێن و (٣٩٠٠٠) کەسیش لە گوندەکانی سەربەم شارستانە.

رادەی هەڵدانی حەشیمەت ساڵێ (٢/٦) لە سەدە. ئەویش بەهۆی ئەمە کە (کوتان) بەرگری لە مردنی منداڵەکان دەکا. لاوەکان بەپێی بیر و باوەڕی ئاینی‌یەوە زوو ژن دێنن و خێزانی زۆر لە کاری کشت و کاڵ و ئاژەڵداری یارمەتی‌یان دەدا.

ناوچەکان


شارستانی بانە بە چوار ناوچەدا بەش دەکرێ.

١ـ ناوچەی **نمەشیر**
٢ـ ناوچەی **ئالۆت**
٣ـ ناوچەی **نەگوڕ**
٤ـ ناوچەی **ئارمردە**

جگە لەم دابەشینە خەڵکی ناوچە بۆ خۆیان ناوی خۆماڵی‌یان لەمەڵبەندەکان ناوە وەکوو دەشتەتاڵ کە بەناوچەی **نمەشیر** دەگوترێ. **پشت ئاربەبا** بە ناوچەی **ئارمردە** دەگوترێ. بەناوچەی ئالۆت دەڵێن **بەرڕێ** یا **مازوان بەن**.

زمان

زمانی خەڵکی شارستانی بانە کوردی **نێوەراستە**. گوندەکان بەهۆی نزیکی لە



شارستانەکانی دیکە بە زاراوەی **موکری**، **مەنگوڕی** **مامەشی**، **سولیسنی**، **سەقزی** **سنەیی** و **سولەیمانی** قسە دەکەن. کورد هەر وەکوو رەگەزەکانی دیکەی ئێران ئاریایین. زمانی کوردی پیت ووشە ورێزمانی تایبەتی خۆی هەیە وبزوێنەکانیشی بەپیت دەنووسرێن.

دابورەسم

ئەم شارستانە بەهۆی ئەوە کە چواردەوری بە کێو تەنراوە خەڵکەکەی لەگەڵ **ولاتانی دەرەوە هات وچۆیان** کەمتر بووە و **شارستانەتی** نوێ کەمتری کار **تێکردوون** هەر بۆیە **ئەو دابورەسمەی**

له باوباپیرانه‌وه بۆی به‌جێ ماوه پارێزراوه و به‌م شێوه‌یه ده‌ستی لێ نه‌دراوه. وه‌کوو به‌رێوه‌بردنی **جه‌ژنی نه‌ورۆز، زه‌ماوه‌ند، جل و به‌رگ** وهێندێک باوه‌ڕی کۆنی دی.

له‌گه‌ل ئه‌وه‌شدا خه‌ڵکه‌که **موسلمانێکی ساغن**، نوێژکه‌رو رۆژووگرو خواناسن، و **جه‌ژنی قوربان** و ره‌مه‌زانیش زۆر به جوانی به‌رێوه ده‌به‌ن.

پێشینه مێژوو

شاری بانه قه‌دیم ناوی به‌رۆژه بووه که ئێستاش پاشماوه‌ی ئه‌وشاره له نزیک شیمالی شار ماوه‌وپێی ده‌ڵێن به‌رۆژه‌کۆن.

به‌ر له‌ئیسلام تیره‌یه‌ک به‌سه‌ر ئه‌و هه‌رێمه‌دا فه‌رما- نره‌وایی‌یان کردووه که‌پێیان گوتراوه **قه‌قۆ** ئێستاش شوێنه‌واری قه‌ڵاکانیان له هێندێک شوێن ماوه‌ته‌وه وپێی ده‌ڵێن **قه‌ڵای قه‌قۆ** که زه‌رده‌شتی بوون.


کاتێک له‌شکری ئیسلام ده‌گاته ئه‌م مه‌ڵبه‌نده له گه‌لیان به‌شه‌ڕ دێن و له نێویان ده‌به‌ن. دوای ئه‌وان فه‌رمان ده‌که‌وێته ده‌ست **ئیختاردینی**یه‌کان واته ئه‌وانه که به‌دڵخوازی خۆیان دینی ئیسلامیان هه‌ڵبژاردووه.

پێش شه‌ڕی یه‌که‌می جیهانی خانه‌کان به‌سه‌ر ئیختاردینی یه‌کاندا زاڵ ده‌بن. ده‌ڵێن یه‌کێک له‌وان به‌ناوی سلێمان به‌گ پیاوی خوا بووه وئێستا مه‌رقه‌ده‌که‌ی بۆته شه‌خس و خه‌ڵک زیاره‌تی ده‌که‌ن.

شاری بانه جارێک له‌شه‌ڕی یه‌که‌می جیهانیدا سووتا. جارێکی دی له شه‌ڕی دووه‌مدا، سووتا وله‌شه‌ڕی داسه‌پاوی عێراق به‌سه‌ر ئێرانیشدا تا ئێستا (که ئه‌م وتاره ده‌خوێننه‌وه) سی وهه‌شت جار بۆمباران کراوه. جا له‌به‌ر ئه‌وه به بانه ده‌ڵێن بانه سووتاو یا بانه کلۆڵ.

دوای شه‌ڕی یه‌که‌می جیهانی قاتی وقڕی لێ په‌یدا بوو. وه‌کی پیره‌کان ده‌گێرنه‌وه ئینسان، ئینسانی خواردووه. له‌م نێوه‌دا هه‌شتا له سه‌دی خه‌ڵک تێدا ده‌چن.

شارستانی بانه به هۆی ئه‌وه که له‌سنووری ئێران و عێراق هه‌ڵکه‌وتووه هه‌میشه مه‌یدانی شه‌ڕ و لێدان وبگره‌و به‌رده بووه وخه‌ڵکه‌که‌ی نه‌حه‌ساونه‌وه.



تیره‌ی ئه‌رده‌ڵان له سنه له‌گه‌ڵ تیره‌ی بابان و جاف له‌سلێمانی هه‌موو ساڵێک له بانه ومه‌ریوان وشاره‌زوور، شه‌رێکی خوێناوی‌یان کردووه له‌و نێوه‌دا چه‌ند هه‌زارکه‌س کوژراون. بانی کوردی بێ تاوان بۆته قوربانی ویستی شای ئێران وعوسمانی- یه‌کان.

وه‌زعی کۆمه‌ڵایه‌تی

چون شارستانی بانه له ناوچه‌یه‌کی کوێستانی و چڕ و نزار هه‌ڵکه‌وتووه. خه‌ڵک له‌به‌رامبه‌ر گیروگرفت و ته‌نگ و چه‌ڵه‌مه‌دا به‌ سه‌برن. له ته‌نگانه‌دا خه‌مخۆری یه‌کترن و له کۆنه‌وه به میوانداری به‌ناوبانگن. موسڵمان و خواناس له‌به‌ر ئه‌وه‌یه که شارێکی وه‌ک بانه **بیست و پێنج** مزگه‌وتی لێیه. هه‌موو گونده‌کانیشی مزگه‌وتیان هه‌یه هه‌موو مزگه‌وتێک ئاوی لووله‌ کێشی وئاوده‌ستی بێهداشتی هه‌یه. مزگه‌وتی جامیعه‌ی شاری بانه **٧٥٠** میتری چوارگۆشه‌یه وجێی چه‌ند هه‌زارکه‌س ده‌بێته‌وه

وەزعی ئابووری

بەهۆی شاخاوی بوونی ناوچە و لەبەر ئەمە کە زەوی یەکان لە دەراوی



چۆمەکان بلێندترن کشت وکاڵ دێمەیە وپیشەی خەڵک پتر ئاژەڵداری یە. ئەگەر کشت و کاڵیش هەبێ بە شێوەیەکی سەرەتایی وخۆماڵی یەوتراکتۆر وکۆمباین لەم نێوە بێ سوودە تۆو وکوودی شیمیایی شیان پێ ناگا.

لە لایەکی دیکەوە ناتوانن ئالف وتفاقی مەڕومالاّت لە زستاندا دابین بکەن. لە بەرامبەر نەخۆشی ئاژەڵ و ئافەتی کشت وکاڵ دەستەوەستانن. هەر بۆیە جگە لە کشت وکاڵ وئاژەڵداری کاری دیکەشی بە بەرەوە دەکەن.

کاروباری خەڵکی شارزیاتر دوکانداری وکڕین وفرۆشتنە. بەپێی سەرژمێری تازە :

دوکاندار	۱۴۰۰	کەسە
بەننا	۳۰۰	کەسە
کارمەند	۲۴۰۰	کەسە
کرێکار	۱۲۰۰	کەسە
کاسپی سادە	۱۰۰۰	کەسە
چەرچی	۲۰۰	کەسە
شوفێر	۸۰۰	کەسە
جووتیاری شار	۵۰	کەسە
بازنشستە	۱۰۰	کەسە
بێکار	۵۰۰	کەسە
ژنی کەیبانوو	۶۰۰۰	کەسە
بێکار	۱۰۰۰	کەسە
قوتابی سەرەتایی	۳۲۰۰	کەسە
راهنمایی	۱۴۵۰	کەسە
ناوەندی	۱۰۰۰	کەسە
منداڵ	۹۵۰۰	کەسە
پیر	۲۰۰۰	کەسە

ئالف وتفاقی ئاژەڵ

ئالف وتفاقی ئاژەڵ بژێتی یە لە هەڵز ، کەما سەوزەگیا ، وێنجە ،شەوەر،گەڵای نزار کە پاییزان بە تەوەرداس لق وپۆپی داربەروو ودار مازوو هەڵدەپەرتێون و لەسەر لقی دارێکی گەورە لە تایەی دەدەن کە (قۆریەگەڵا) ی پێدەڵێن . زستانان لەنێو بەفر بۆ ئاژەڵ بڵاوی دەکەنەوە



وئەگەر زۆر سارد بوو ئاژەڵ دەر ناکەن بەڵکوو بە کۆڵ گەڵاکە دێننەوە ماڵ ودەیدەن بە ئاژەڵ .

بارهێنانی منداڵ

ح. مەرجانی





تێبینی وسەرنج دان لە کاتی کایەکردندا، یەکێک لەو کەرەسە هەرە گرینگانەیە کە لە کۆنەوە کردەوەناس ورەوان ناس بۆ ناسینی دەروونی منداڵ وەبەر چاویان گرتووە.

کایەکردن نەخشێکی هەرە جوانی خودایە بۆ هەڵدان و گەشەی منداڵ چ لەباری رەوان وچ لەباری لەشەوە.

کایە هەل و مەرجێک پێک دێنێ کە مامۆستا بەوردی لە دڵ ودەروونی منداڵ بگا و بۆ چوونەکانی جۆرا وجۆری ئەو بە شێوەیەکی بنەڕەتی شی بکاتەوە چونکوو منداڵ لە کاتی کایە کردندا هەست بەسەربەستی دەکا وئەو شتانە کە بە هێندێک هۆ نەیدرکاندووە و نەیهێناوەتە روو، بێ هیچ ترس و خۆفێک لە خۆی نیشان دەدا وئەوجۆرەی کە هەیە خۆ دەناسێنێ.

کایە زۆرباشترلەوقانوونە دەستکردانەی بەشەر، منداڵ بۆ لەبەرچاوگرتنی رێک و پێکی هان دەدا و زۆربەجوانی فێری دەکا کە بەرەوپێش بردنی کۆمەڵ پێویستی بە رێک وپێکی تایبەتی خۆی هەیە. منداڵ رێک وپێکی نێوکومەڵ فێر دەبێ وبەدەست پێکردنی کایە یەکەم هەنگاو بۆ پەرەگرتن وهەڵدانی خۆی هەڵدێنێتەوە وبەراستی چۆنەتی ژیان فێر دەبێ،پێی هەڵدەدا، خۆی پێ دەنوێنێ،لێهاتوویی نەهێنی خۆی کە لەحاڵی پەرەگرتندایە بەجوانترین شێوە وەدیار دەخا.

بەراستی ئەگەر ژیانی ئەمرۆی یەکێک پڕ لەخۆشی یە یاخۆ گیرۆدەی خەمە، ئەگەر باغی ژیانی پڕبریای بێ بەرە ئەگەر مەندوهێدی و هێمنە،یا بزۆز و سەربزێوە، ئەگەر لە خەم وشادی خەڵکدا شەریکە،یا دوورکەوتەوتەریکە، ماکەی دەگەرێتەوە سەر چۆنەتی

بارهاتن وپەروەردەبوونی .

منداڵێک کە لەژینیدا ئەو هەلەی بۆپێک دێ دەستی وەکار بخا ،تامی هەستان و کەوتن بچێژێ ، هەڵبەز دابەز بکا ، دەوروبەری خۆی بپشکنێتەوە شتی تازە سەرنجی بۆ لای خۆی رابکێشێ ،جگە لەوە کە هێز و ورەی پێ زیاد دەبێ چاو و گوێشی دەکرێتەوە . شتی تازە فێر دەبێ وشوێن لەسەررەوانی دادەنێ ولەبار هاتن و پەروەردەبوونی شەخسی یەتی ئەودادەورێکی بەرچاودەگێرێ.


ئەو منداڵە کەلە نیعمەتی کایەکردن لەگەڵ هاوتەمەنانی خۆی بێ بەشە ، کەللەرەق و لاساروگۆشەگیر وتەریک باردێ. چونکە رێ و شوێنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێلەنێوکۆمەڵدا فێربێ .ئاموشۆکردن هەستان و دانیشتن لەکۆمەڵ، کایەکردنی ئازاد لەکۆمەڵ و سەرکەوتن و تێشکان منداڵ فێری ئەمەدەکا کە تامی هەموو ئەوانەبچێژێ ئەودەم دەتوانێ خۆ لەگەڵ کۆمەڵ رێک بخا وبەبەرژەوەندی حاڵی خۆی بجوولێتەوە .هەروەها راستی وخەیاڵ لێک هەڵاوێرێ . منداڵ لەکاتی کایەکردندا تێدەگا کە چۆن دەبێ لەنێو منداڵان خۆشەویست بێ وشەرتی بنەڕەتی پێک هاتنی ئەو خۆشەویستی یەش ئەوەیە کە دەبێ بەرەحم ولەسەرەخۆوراست گۆ وراستکردار بێ .هەروەها ئەگەر لە کایەدا هەڵەی کرد چۆن وەبەر لۆمە و تەشەری هاوڵەکانی دەکەوێ و لە هێندێک شت بێ بەش دەکرێ .لە ئاکامدا زۆرتر پابەندی "نەزم"ی نێو کۆمەڵ دەبێ و لە هەڵەباشی و کەمتەرخەمی خۆ دەپارێزێ .

مەسەلەیەکی دیکەش لەکایە کردندا گرینگە ئەویش ئەوەیە کە منداڵ کایە دەکا هەتا کەیفی ساز ببێ، یانی"ئەسڵی لەزەت" لەبەرامبەر" ئەسڵی واقیع"دایە ئەم قسەمەنشوورە ئی "زیگمۆندفرۆید" ،کردارناس ورەوان ناسی ئوتریشی یە کە دەڵێ :

"منداڵ لەکاتی پەرەگرتن وهەڵدانی خۆیدا لە "ئەسڵی لەزەت" پەیرەوی دەکا و ئەگەر گەورە بوو لە "ئەسڵی واقیع"، پەیرەوی دەکا . بێ ئەوە کە "ئەسڵی لەزەت" بە یەکجاری لەودا بفەوتێ ."

هەڵبەت منداڵ هەمیشە بۆ لەزەتکایە ناکا بەڵکووجاری وایە ، کایەی وا دەکا کە رووی نالەباری ژیانی ناچاری دەکا بەڵام بەگشتی کابەکردن هێندێک لەو شێوەکردارەی منداڵ کە دژایەتی لەگەڵیەک هەیە وردە ،وردە لەنێو دەچێ، مرچ ومۆنی ودژوگرژی جێی خۆیان دەدەن بە بزەوسەروروو خۆشی .

بۆیە ئێستا لە هێندێک شوێن بۆ چارەسەرکردنی ئەم چەشنە نەخۆشی یانەی کە دەگەڕێنەوە سەررەوانی منداڵ لە کایەکردنی ئەولەکۆمەڵدا کەلک وەردەگرن .



پەلکی شیعر

بەهار

"سەیدکامیل"

ئەوڕۆ بەهارە، سەیری چەمەن خۆشەخوا ڕوژوور
ڕازاوە باش.بەسەرو وچنار وگوڵ وچنوور
گیا سەوزو جۆگەسەوز وگەڵا سەوز وبێشە سەوز
گوڵ گەش ،هەڵاڵەزەردو چەمەن شین وخونچە سوور
بەم سەوز وسوورە بوو دڵی ئاشق کە هەڵکزا
پشکۆی لەنێو خزاوە،دەسووتێ وەکوو تەنوور
شمشاڵە، تارە، سازە،ئەگەر بیانوو ناگری
ساقی کەرەم کە، پیاڵە ، مەترسە(هوالغفور)
هاتوونەوە بەجام،کوڕو کیژانی دڵرفێن
هەرکەس کەبێ گوڵ ودڵە،لاچێ بچێتە ژوور
زاوایە ئێستە بولبول وگوڵ خونچە بووکی یە
خاوەن سلووکە،کەوتووە لەولا قونەوتلوور
کویستانە پڕلە ڕازونیازو زمانی حاڵ
جێگە وهومێدی هەستە، دڵە بۆتە کێوی توور
لەم کانە هەرکەسێ بە خەیاڵ وبەفکری ژین
هەر بولبولە لەگوڵ بەگوڵە ،ماوەبێ‌مشوور
هەرچاوەرێ یە بەڵکوو دەمی خونچە پێکەنێ
هەڵنیشتووە لەباخ ودەکا زیکری یاسەبوور
ئاواتی ئاخۆ گەنگێ بەجێ دێ لە گوڵشەنا
ئەوشێت و وێتی دڵ بەکوڵی مەستی بێ شعوور

مەلای جزیری

دەستی قودرەت کو هلاقیت ژ بەژنا تە نقاب
بچەمالاجە بە ڕووتی مەنەمان پەردە، حجاب
ل گولین تەی تەرونازک کوسەحەرگرتی خوناف
دئەباریق وقنینان ژحەسەد سوهتی گولاب
عەینی کافوورییە مەشرەب مەژحوسنا تە یەساف
لەوژعیشقا تە ددلدا مە قەبووعلمی عوباب
مەژسەرچەشمەئی حەیوانقەدەحەک سافی قەخار
ناگەهی لەززەت وزەوقا مەب سەد جلدی کتاب
لەودچەنگی مەدخوونی کود عیشقا تەب ساز
مەب بەژناتە دخوونن نەی وقانوون وروباب
قەهوەیا تەلخ دگەل زەهر هەلاهل بدەری
مەژدەستی تەموبارەک شەکەر ئامیزە گولاب
قولزومی عیشقی ژبابی خو موخالف دەمەکی
دهەماماتی عەجاجی،مەل سەر دەستە غوراب
سەحەری خزری عینایەت کوبرین چەشمەئی دل
بجهانی مەنەزەردا کوجهان عەینی سەراب
بحوبابی مەبە مەغروور وەهەسەرگەشتە "مەلا"
ساقبەرکەفتییە وی بیهوودە سەرگەشتە حوباب
وەیە هودهود ژسەبابیت وبزانین چیە حال
کول حالی مەغەریبان نەسوئال ونەجەزاب
هەردوو برهین تەنە میحراب ج ئیمان وچ کوفر
بوودونا بوود کویەکن ئەف چ سەواب وچ عیقاب
وەرەنیشانی"نیشانی" دەخوە بی پەردە سەحەر
لی ژخوونی بکە پەرهیز کوشەهیدان چ حساب

دنیا کەتیا مانی کش ماتێکە
سەدساڵی ئەگەر تیا بژی ساتێکە
ڕابردوونەما ،نەهاتوو نازانی چیە
ئەوهاتن وچوونە هەریەک ئافاتێکە

حەقیقی

بەهار

س.ج نیزامی

حاصلا بهاری شین دکەت رونا دلی غەمگین دکەت
هەر تالیان شیرین دکەت هاتیە هەیامی خوشیا
شقان دبەت پەز بو دەری حەتا سپیدا سحەری
نیقرو کو هات وان بیر دکەت جندی یە مەشیا بیریا
فیستان سپی وصور دکەن تژی دبن سەر کانیا
جەر لسەر پشتی دبەن ساتل بدەستی زەریا
زستان بهوری هات بهار گەرمە دونیا نینە سار
سال بسال خوزی بپار ،نەوروزە روژا خوزیا

سەدخۆزگە دەمێکی تۆوی گەنمی دەڕوا
با پیرەبەشەیتانی نەبووبا بڕوا
لەوساوە منالّی داکەوا و با بەدەمێ
ڕۆژی لەشەوی ڕەشترە هەردێ و دەڕوا!

حەقیقی

بەهار

«ئەفخەمی»

نەورۆزە وەرە سەیری چیا کاتی بەهارە
وەختی ئاوازی مەل و گەشتی دەرودیتنی یارە

سێروو بە سروودێکی دلّ ئاوێزەوە دەیلّێ
زستانی بە سەخلّەتگوزەرا رۆیی پەژارە

بلوێری شەمالّ باخی هێنا بەزم و زەماوەند
هاتۆتە سەما سەر چلّی هەرچی لکی دارە

بۆ دیمەنی گولزار و گولّ و خنجەیی ساوا
بولبول لە هەموو سەرچلّ و پۆپێ حەکەدارە

سووسەن بە زمانێکی تەڕ و تازەوە دەیلّێ
فەسلّی گولّە نەشئەی دلّە سۆزی نەی و تارە

دەشنێ بەدەمی سروەوە سەرپۆپی چلّی بی
باخ دیمەنی سەیرانی مەل وڕەقسی چنارە

هەر دوند و ترویپکێکی دەبینی لە کەژ و کێو
قاسپەی کەوی کوێستانی بە هاواری منارە

هەر چیمەن و مێرگ و چیایێکی دەبینی
رەشمالّە هەموو چادرە خێلاّتی هەوارە

شەونم دەتروسکێ وەکوو دوڕ دەتکێتەسەرگولّ
وەک عارەقی سەر کولّمی گەش وسووری نیگارە

سووسەنبەر و نەسرین و وەنەوشەوگولّی سوێسن
ملوێنکی ملی بووکی دلّ ئەپسینێ بەهارە

وەک ئەفخەمی لەو سەنعەتە بێ وێنە سەرنج دە
ئەو نەقشە کە دەستکردی هەرئەو سانیعی پارە

بەهار

«ئەحمەدخانی»

دەورا فەلەکی ژ بەختی فەیروز
دیسان کو نما ژ نوقە نەوروز
مەنبی ل وی عادەتی مبارەک
شەهری و سوپاهیان بجارەک
با ژیر و کەلات و خانی بەردان
تەشبیە بنژدەیان و جەردان
صف صف دمەسینە کوە و دەشتان
رەف رەف دخوشینە سەیرو گەشتان
اصنا فی امم صغار و کبار
قطعا" قە نەما د شەهری دیار
هندەک بپەیایی چونە باغان
هندەک بسواری چونە راغان
هندەک بتەبایی و بکثرەت
هندەک بهەقالی و بوەحدەت
رابونە قە خانم و خواتین
وان ژی تژی گول کرن بساتین
سەر سالی و باکر و روالان
صەد سالی و جوان وپیر و کالان
سەر سال لرەسم و راهی مەعهود
گیران دچو مەقامی کەحمود

هەڵوەدا

ج. ئاشتی

بە هاتنی "قاسم" دەبوو شەش کەس لە دیوێکی سێ و چواردا هەستین ودانیشین ، هیچمان ئەوەندەمان دەست نەدەرۆیشت لەوشارە گەورەدا تاقە هۆدەیەکیش بەکرێ بگرین ناچار لەجێ خەوی ئەو یانەی کارمان لێدەکرد هەرچۆنێک بوو دەحاواینەوە. دوو سێ یەک سەبارەت بەدەرس خوێندن لە زانستگە ودوو سێ یەکیش لە تاوی بێکاری، لە زێد و مەڵبەندی خۆمان دوور کەوتبووینەوە ،تەنیا "قاسم" بوو کە زریقەوبریقەی شاری "ت" وخەیاڵی هەڵدانی منداڵەکانی و گەشەکردنی ئیستعدادی هونەری خۆی کە بریتی بێ لە "فیلمبەرداری" بەهۆی دەرەتانی زۆری کار و ژیان لەوشارە، خستبوویە نێو گێژاوی خەم وکەسەری دەردی دووری.

سێ چوار مانگ بوو، لەو رۆژەوە کە دوای هات و چۆ و زارخوارکردنەوە و پەتەتێنێکی زۆر وگواستنەوەی شوێنی کارەکەی جێ بەجێ ببوو، وەک داڵ بە شوێن چاوەخانوویەکدا دەگەڕا ، بەڵکوو بتوانێ زووتر ژن و منداڵەکەی بێنێتە لای خۆی . بەش بەحاڵی خۆم دەمزانی چ دەچێژێ ،هەرچەند وەکوو ئەو باوک نەبووم، بەڵام دووری لە خۆشەویستانم دیتبوو ،دەمزانی چ دەردێکی گرانە لەبەر ئەوە هێندە گوێم بۆدەردی دڵەکانی شل کردبوو ببوومە مشوورخۆری.

ئێوارەی رۆژێکی مانگی گەلاوێژ کە تازە گەیشتبوومەوە مزڵەکەمان وخەریک بووم لاقان راکێشم وبحەسێمەوە هاتەوە و داوای لێکردم وەدەرکەوین . هەرچەند کە کاری رۆژانە و دانیشتنی چەند سەعاتەی نێو ماشێن بەگەرمای بێ ئامانی هاوین بڕستی لێ بڕیبووم ، بەڵام دیتم کەزۆر بەتێرادیوی پێی گوتم . لەبەر ئەوە بێ قسەییم نەکرد و خۆمساز کرد .گوتم :بچینە کوێ ؟گوتی :

ـ دەچین بۆلای مەیدانی "ت" زۆرم ئیشتیا لە گۆشتاوە. بەناشکوری نەبێ خۆ لەو دەوروبەرانە خواردنی مەمانان پەیدا نابێ، باوەڕ کە وەختە بۆ کەوچکە شۆربا وێک سوێم بچێ "

قسەکەی بەدڵمەوە نووسا ، ئێمەی لە گوند و شارۆچکە پەرەوازە بووی پەڕیوەی شاری پڕ زەرق وبەرق و هەراو گرمە کە بە مووچەی کارمەندێکی سادەوە دەژیاین بۆ بەدبەختی لەجێیەک دەژیاین کە بە وێنەی مانگای قەشان لەنێو خەڵکی ئەو گەڕەکەدا دیاربووین، نە جل وبەرگیان، نە هەستان و دانیشتنیان ، نە خواردنیان، هیچ شتێکیان وەکوو ئێمە نەدەچوو. جگە لەوە کە ئەوانیش وئێمەش ئادەمیزاد بووین .

سەعات شەش ونیو بوو کە وەدەرکەوتین . گەیشتینە سەر شەقام ولەسەر تاکسی راوەستاین . "قاسم" کەلەو ماوەدا لەبن لێویەوە ورتەی دەهات رووی تێکردم وگوتی:

ـ ئەگەر ئەو خانووبەرەی کە دەڵێم ...

لەتاوی تاکسی قسەکەییم بڕی و بە پەلە گوتم: ئەوە تاکسی هات . دەستم لە تاکسی هەڵێنا ودەنگم بڵیند کرد:

"مەیدانی "ش" تاکسی یەکە چەند هەنگاو ئەولاتر رایگرت بە پەلە خۆمان گەیاندێ وسوار بووین وتاکسی وەڕێ کەوتەوە. هێشتا تەواو پاڵم نەدابۆوە، "قاسم" بە دەنگێک کە بۆنی خۆزگە وبریای لێدەهات گوتی :

ـ ئەگەر سەودای ئەو خانووبەرەیە سەری بگرتایە ،

بەراستی ...."
هەروا جنێوی دەدا .تووڕەیی
لە سەروچاوی دەباری،لەسەرەخۆ
گوتم :

ـ برالە هێندە نارەحە ـ
تی بەی پێ ناوێ،تازە کار
هاتووە ئەوە ئەلحەمدوڵلای
ئەو خانووبەرەت دۆزیوەتەوە،
خودا یاربێ جێ بەجێش دەبێ
لەخۆڕا بۆ خوێنی خۆت پیس
دەکەی ... ؟"

زۆر بە مل کزی گوتی :

ـ "کورە ئاخر چۆن
نارەحەت نەبم، وەڵلاهی شەو و
رۆژ ماڵ ومنداڵم لەبەرچاوە،
لەوانەیە خێزانیشم ئێستا
پێی وابێ دەستم لەسەر دەست
داناوە وبە شوێن خانوودا
ناگەڕێم نازانم چ بکەم ،جاری
وایە وەختە شێت بم ..."

لەمێژ بوو لە دەرفەتێکی
ئاوا دەگەڕام. زۆربەشێنەیی
و لەسەرەخۆ گوتم :

ـ کاک "قاسم" هەرچەند کە
تۆ چەند کراستپتر لە من
دڕیوە و دنیادیدەتری بەڵام
قسەی خۆمان بێ بە دەردی
قەدیمی گوتەنی سەرت
نەیەشاوە پرێسکەت لێ بەستووە
ئەگەر فریوی تروسک وبروسکی
ئەو شارە دوورکوژە ، نزیک
خەسارەت نەخواردبا ئەورۆ
ئەوەت نەدەگوت ...."

دوو ،سێ هەنگاو بەبێ دەنگی
ڕۆیشتین ئەمجار گوتی :
تەمایە و گرتوومە دەنا
قسەکەت لێ دەسەلمێنم ."

ئیتر چی دیکەی نەگوت وسەری
بەرداوە. منیش کەوام دیت
دەنگم نەکرد ، نەوەکوو
پەرۆشتر بێ. هەروا کە بە
پێی یەک دەرۆیشتین گەیشتینە
راستی پارکی "م". شوێنێکی
قەرەباڵغ بوو، بە تایبەتی
ئەو وەختانە کە هەوا وردە
وردە بوو لێڵ دەبوو. بەخۆم
گوت وا باشە بچینە نێو پارک و
هەندێک بخولێینەوە ، بەڵکوو
قاسمیش لەو حاڵە بێتە دەر و
چی تر باسی خانووبەرە نەکا .

دەرگای پارکەکە راست لەو
بەری شەقام بوو، ئێمەش
پەڕینەوە بەر دەرگاکە وەکوو
هەموو ئێواران لەخەڵک جمەی
دەهات . هاواری سیگاروبەلال
و وردەواڵە فرۆش نووکە
نووک وزیقەی منداڵان بۆ
بەرزەحەوایلە وپزدان،پیاوان
کەڕ دەکرد. بە پاڵەوپەستۆ
چووینە ژوور. هەر لەپێشەوە،
دە پازدە هەنگاو ئەولاتر
دەستەیەک لەدەوری چوارپێیەک
هاڵا بوون وقاقاوتریقەیان
دەگەیشتە بەردەرگا . دیتم
هەلی چاکە، چونکە "قاسم" بە
زمانی خەڵکی ئەوشارە جوان
دەدوا ، ئەگەر وازیشی بوایە
زۆر حەزی بەگاڵتە وجەفەنگ
دەکرد و کۆڕ و بەزمی ئەوتۆی
باش گەرم دەکرد، لەبەر ئەوە
گوتم :

ـ ئەرێ نەچینە لای ئەوانە
بزانین چ باسە ؟

ـ باشە فەرموو ئەمن
قسەم نیە ."

وای وەڵام دامەوە کەدیاربوو
هەروالە گێژاوی فکری
خانووبەرە و ژن ومنداڵ دایە
و گوێی لەهەراو گرمەی دەورو
بەر نیە. لەسەرەخۆ لە
ئاپۆرەکە نزیک بووینەوە ولە
نێویاندا راوەستاین. قەپە
گۆلێکی رووتەی ئاماڵ سووری
زەلام لەنێو جەماوەرەکە
لەسەر پاشوویان هەڵتووتەکا ـ
بوو. قەڵادەیەکی زێرکفتی
لەمل دابوو. بەسەروسەکوتی
گورگانە و کلکی شووش و
باریکبرا دیار بوو کە لە
جسنەسەگی هەندەرانە . لاوێکی
قیت وقۆزی کەڵەگەت پەتی
سەگەکەی بەدەستەوە بوو ،
خەڵکەکە هەر یەکەی
پرسیارێکیان لێ دەکرد. هی
کام وڵاتە ؟ چەند ساڵە هەتە؟
ئەرێ گورگ خنکێنە؟ نایفرۆشی
بەچەندت کڕیوە؟ کوڕەش وەک
ئەوە کە وەڵامی پرسیارگەلێکی
زۆر گرینگ بداتەوە پۆزێکی
دیپلۆماتانەی گرتبوو، یەکە
یەکە وەڵامی پرسیارەکانی
دەداوە. وەک ئەوە کە پێم
بڵێن نۆبەی منە پرسیارم کرد:

ـ ئاغا ناوی ئەو سەگە
چیە ؟

کورە چاوێکی لێکردم وگوتی :

ـ ناویا مەبەستت
رەگەزیەتی ؟

پاشماوەی رەخنە.....

لێدەهات. تەنانەت زەمان راوەستابوو، ژیان چوارچێوە-یەکی تەنگ وبچووکی بوو کە گیانی قارەمانەکانی بە توندی دەکوشی. لە دنیای ئەو چیرۆکەدا چارەنووسی هەرکەس وەک داغێک بەنێوچاوانێوە نراوە. ئیتر جێی هیچ چەشنە گۆڕین وجوولانەوەیەک نەماوە.

بەکورتی بڵێم تابلۆیەکی یەکجار بەخۆف وسام وبەترس بوو سەرەڕای ئەو مەبەستانە ناتوانین لە شارەزایی ونوانای زانستی نووسەر سەبارەت بە هەڵبژاردنی وشە ورستەی جوان (وەکارهێنانی ئەوان بەرێ و جێ) چاوپۆشی بکەین.

چەند جوان وبەجێ دەبوو کە ئەو روالەتە جوانە خاوەنی بیرێکی نوێ ومانایەکی قووڵ بایە!

بۆئەوە کە پرسیارەکەم بێ وەڵام نەمێنێتەوە دەسبەجێ گوتم:

- بەڵێ،بەڵێ مەبەستم نەژاد ورەگەزیەتی.

چاوێکی رەزامەندی لە چوارپێیەکە کرد وگوتی:

- ئەوە لە نەژادی "کاشمیلا"یە.

وشەیەکی سەیری بەسەر زاردا هات. زانیم کە دەبێ ئینگلیسی وشتی وابێ، بەڵام باشی تێ نەگەیشتم و بۆ خۆم "کاشمیلا"م ساغ کردەوە.

قاسم بێ دەنگ لەپەنام راوەستابوو، گوتم:

- تۆش پرسیارێکی لێ بکە.

- بڵێم چی؟

- هەرچی بێ، مەسەلەن بزانە بە چەندی کڕیوە؟

مەبەستم ئەوە بوو هەرچۆنێک بێ، "قاسم" بۆماوەیەکیش کە بووە لە گێژاوی بیری ماڵ ومنداڵ ومەسکەن وخانوو بێتە دەر. ئیستێک پێ چوو متەقی لێ نەهات.ویستم پێی بڵێمەوە، دیتم هەنگاوێک چووە پێش، رووی لە کوڕە کرد و گوتی:

- ئاغا ببوورن،ئەو سەگە مەسکەنی هەیە؟!

کوڕە لەوپەڕی سەرسوڕماندا چاوێکی لە "قاسم" کردوگوتی:

- بە....ڵێ ئاغا ئیختیارت هەیە،مەگەر دەکرێ بێ جێگا ورێگابێ، کاشمیلا گیانی من، دیوی تایبەتی خەوتن،نان وئاو خواردن، حەمام ودەسشۆری بە جوێیە.

پێم وابوو قاسم تازە کەوتۆتە سەرباری قسە و سەرنجی هەموان بۆ لای خۆی رادەکێشێ، کەچی دیتم هەست وخوستی لێ بڕا. لاوەکەش رووی لێ وەرگێڕا و لەگەڵ یەکی تر دەستی کرد بە قسە کردن. ویستم "قاسم" دنە بدەم پرسیارێکی دیکەش بکا، بەڵام کەلێی چوومە پێش نوتقم بڕا. چاوەکانی دەرپەڕیبوون وەک ئەوە کە دیمەنێکی چاوەڕوان نەکراوی دیتبێ زاری داپچڕابوو، زۆر بە پارێزەوە هەنگاوێک لەسەگەکە نزیک بووەوە، هێند سەیری چاو لێدەکرد ،دەتگوت بە چاو دەیکرێ.جار، جارەش بەسەر سوڕمانەوە چاوێکی بە تەشک و داوێنی خۆیدا دەگێڕا.چوار-پێیەکەش کە دیتی "قاسم" لێی نزیک بۆتەوە، هەستا لەسەر چواردەست و پاشوان چەقی. کلکی هاویشتە سەر نەرەی پشت وبەفیزەوە چاوی لە "قاسم" بڕی. چوومە بن گوێی "قاسم"وگوتم:

- نەڕۆین؟

رووی وەرگێڕا و گوتی:

- لێرە یان لەو شارە؟!

دەستم لە قۆڵی کرد و بەڕوو خۆشی گوتم:

- "جارێ بالێرە بڕۆین، بۆئەوەی دیکەش بیردەکەینەوە

ئیدی هیچم نەدەویست .

ــ ... دەزانی چۆنە : هەر باشە ،خراپ نیە ، دوو وەتاغی هەیە لەگەڵ دەسشۆری و ئاشپەزخانە بۆخۆت ئەوەدیوتە ئیدی . کە دیتی بێ دەنگم گوتی :

ــ یا نا ، تۆ ئەو رۆژە نەهاتی ژوورەکەی ببینی ، وابوو ؟!

سەرێکم بۆلەقاند ، درێژەی بە قسەکانیدا :

ــ تەنیا تەلەفۆنی کەمە ئەویشکە سێحەبماڵەکەم هەیەتی ،ئەوجار ئەویش نەبێ بیست هەنگاو ئەولاتر لەسەری کۆڵان تەلەفۆنی گشتی هەیە و بە دوو قران تەلەفۆنی خۆت



دەکەی. ئەوخانوویە حوسنێکی دیکەشی هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە ، لە ئیدارەکەم نزیکە و هەتا بڵێی سەر راستە وهاتوو چۆی خۆشە ."

پاش پشوودانێک دیسان کەوتەوە سەرباسی خانووبەرە وجێگا ورێگا و گلەیی لە فلانە خزم وفیسارە دۆستکە قەولی خانوویان داوەتێ و پەشیمان بوونەوە و منیشکە دەیان جارم گوێ لەومەتڵەبانە ببوو بۆ ئەوەی ئاڵ وگۆڕێکم لە قسەکانیدا پێک هێنابێ پرسیم :

ــ ئەرێ خانۆەکەی دیکە چی لێهاتەوە ؟!

ــ کێ ها ... ؟

ــ ئەو ئاپارتمانەی کابرا هاوشارییەکەت قەرار بوو بتداتێ ، وابزانم ...

نەیهێشت قسەکەم تەواو کەم و زۆر بەتوورەیی گوتی :

ــ جابڵێم چی لێهاتەوە !

ئەو هیچ وپووچە مانگێک بوو قەولی دابوو خانووەکەیم بداتێ ! مانگێ بەپێنج هەزار تمەن، هەڵبەت بێ وەدیعە و پێشەکی ، کە هەرئەومەسەلەش بوو بەهۆی ئەوە خۆی لێ خۆش بکەم ، چونکە خانووی دیکە بێجگە لە پێنج هەزارتمەنەکە لانی کەم دووسەدهەزار تمەن پێشەکی دەستێنن ، سەبرت نەیەشێنم پێم گوت :

" کوڕە فلانی ئەمن بەو قەولەی تۆ خاترجەم دەبم و بەدووی خانووی دیکەدا ناگەرێم . ئەویشکوتی :

" خاترجەم بە ، مەگەر لە تۆ باشترم دەس دەکەوێ ؟ . بەڵێ ، منیش خەبەرم بەخێزانم دا کە خانووم پەیدا کردووەو خودا یار بێ ئەو رۆژانە دەیگوێزینەوە . هەر ئەورۆ ، ئەورۆم دەکرد کەرۆژی قەرار بگا وقسەمان بە یەکجاری ببڕینەوە و قەولنامە ئیمزا بکەین . رۆژێکی مابوو بۆ رۆژی قەرار کە ئەوهاوشارییە بەزیادنەبوویەم تەلەفۆنی لێکردم،وا دەکا :

" فلانی زۆر دەبەخشی خۆ-شکم کە ئێستا لەوخانووەدایە وقەرار بوو برِوا پەشیمان بۆتەوە . کورت و کرمانجی گوتی :

"ناتدەمێ . نەمدەزانی بڵێم چی ،پێموایە لەوکاتەدا دەستم پێی راگەیشتبا هەر دەمخنکاند ، زۆری وە پاش دام ماڵتە ، مانگێکهەر بەزار خۆشە ،بەراستی نامەردی کرد ،

فەقرەقا

لە بیست کیلۆمیتری شاری، مەهاباد بەرەوجادەی میاندواو لە دەشتی شارویان ، پەنا ئاوایی "ئیگریقاش" یا "ئیندرقاش" لە بەشی بەردینی کێوێکا هۆدەیەک هەڵکەندراوە کە "فەقرەقا"ی ناوە .

ئەو کێوە تاک وتەنیا لە چەقی دەشتی شارویران دا هەڵکەوتووە و بەسەر تەواوی دەورانپشتی خۆیدا دەڕوانێ . بەشی باشووری ئەم کێوە بەردینە، بەلێژایی یەکی‌توند بۆلای زەوی داکشاوەوسێ لای تری کێوەکە بە لێژایی یەکی کەم وردە ،وردە لە زەوی نزیک بۆتەوە .

بەشی بەردینی کێوەکە روو بە مەهاباد ،ڕێک وساف کراوە وئەو هۆدەیەی لێ داتاشراوە ، کە باشترین شوێنەواری میعماری‌سەردەمی "ماد"ەکانە .

لەسەر کێوەکە وردەسوالەت وقەبری کۆن وپاشماوەی بەرچنی دیواری قەدیم و شوورەی‌دێرین دەبینرێ کە بەوانە دەردەکەوێ فەقرەقا لە سەردەمی خۆیدا گرینگ ترین کۆمەڵگا وقایمترین قەلای ناوچە بووە .

دیاردەکانی فەقرەقا

ئەو شوێنەوارە لەئامێزی کێودا یە ودەستپێ‌ڕاگەیشتنی هاسان نیە .

عەرزی هۆدەکە تەختنیە ولای‌ژووروونزیکەی ۲۰ سانت بلندترە .

بە تێگرایی چوارکۆڵەکەی تێدایە ،کە دوانیان کەوتوونە دیوی‌ژوورێ ودوانی‌تری لە پێشەوەن ولە دەرێرا دیارن. کۆڵەکەکان خڕن ودەوریان ۱۷۶،وبەرزاییان ۲۲۰ سانتی میترە .ستوونەکان لە سەر و خوارەوە بە هۆی سەرستوون وژێر ستوون بە میچ وعەرزەوە لکاون و هەموو یەکپارچەن.


لە بەشی ژووری تەختی هۆدەکە کە ۲۰ سانت بلندترە، سێ قەبر داتاشراون. یەک لە لای چەپکە گەورەیە ،ودوانی تر لە لای راست کە یەک ئەندازەن. ولە قەبری لای راست‌چووکترن. قەبرە گەورەکە درێژایی ۲۵۰ ،پانایی ۱۲۵ وقووڵایی ۷۹ سانتی میترە وکەوتۆتە لای باکووری رۆژئاوای هۆدەکە .

دووقەبرەکانی‌تر هەر لە رێکی قەبرەگەورەکەدان یەکیان کەوتۆتە نێوەراست وئەوی تریان لە لای دەستی راستە .ئەوانیش هەر یەکە درێژاییان ۱۲۵ ،پانایان ۸۲ وقولایی یەکەشیان ۷۹ سانتی میترە .

هەرسێ قەبرلە لای سەرەوە ۱۳ سانت گەورەتر داتاشراون. وا دیارە جێگای بەردی سەر گۆڕ بووبێ کەبەردەکان ئێستا نەماون . ئەو بەردانە بێ شک نووسراوەیان لە سەربووە و ئەگەر مابان هەموو شتێکیان لەو بارەوە روون دەکردەوە و بۆگۆشەیەکی‌تر لە مێژووی ئەو سەردەم بە کەڵک دەبوون .

بەلام بە داخەوەئاشکرا نیە کە بۆچ شوێنێک گواستراونەوە

دیوارەکانی نیوهۆدە ساف ورێکن وورووی هۆدەکە بەرە و باشوورەولە گەرما وتیشکی



خۆربە باشی کەلک وەردەگرێ .
بە درێژایی پتر لە دووهەزار ساڵ ئاوی بەفرو باران رێگەی خۆی کردۆتەوەو بە درزو قەڵشتی بەردەکاندا دێ ولەنێو قەبرەکاندا کۆ دەبێتەوە .بەوجۆرە بەهاران قەبری سێهەم تاسەر لێوان و قەبری دووهەمیش تا نیوەی پڕدەبێ لە ئاو وبەم هۆیە

سواوە .سەبارەت بەم وێنەیە هەندێک لە باستانشناسان رایان وایەکە ئێوە لە سەردەمی خۆیدا هەماری چەک و کەرەسەی جەنگی بووە .
ئەو هۆدەیە چەندین جار لە لایەن سەیاحانی دەرەوە ، وەکی "راولینسۆن"،"هۆم" ، "دمۆرگان" ، "ئورل ئۆستین" و هەروەها "هرتسفلد" چاوی لێ

شوێنەوارەکانی نەتەوایەتی ئێران،لە ژێرژمارەی ٢٨٨، تۆمار کراوە .
"فەخراگاە"،"فرەگاە"، "فرەئاگرە"و"فەقرەگا"شیان پێ گوتووە .

سەرچاوە

بەشی زۆری ئەم وتارە لە "نەشریەی فەرهەنگ وهونەری مەهاباد" نووسراوی "ناسر




زۆر کەس تاکوو ئێستا تووشی هەڵەبوون وقەبرەکانیان بە حەوز زانیوە .
لەسەر دیواری بن هۆدەکە وێنەی "تیر"ێک هەڵکەندراوە کە باوباران وتێپەڕینی زەمان وردە ،وردە هەڵیانپەڕ- تاوتووە وچەند بەشێکی

کراوە .
"هرتسفلد" رای وایەکە فەقرەقا قسنی یەکێک لە شازادەکانی "مادی" وڵاتی "مانایی"یەو مێژووی ئەو دەباتەوە نێوان ٨٤٠ هەتا ٦٦٠ ی پێش زایینی.(١)
فەقرەقا لە ڕێزی

فەرنوودوەرگێڕاوەتەوە سەر کوردی .
تەرح ووێنەوهەندێک زیادی هی وەرگێڕە .

١ـ بە رایەکی تر ٧٠٨ هەتا ٥٥٠ پێش زایین .

ئێمە و خوێنەر



سنە ـ ئیبراهیم فەلاحی :

برای بەڕێز دژایەتی بووک وخەسوو ئەفسانەیەکی مەشهوورە وئەمشەڕەدندووکە نەک هەر لەنێو نەتەوەی کورد بەڵکوو لەنێو هەموو گەلێکی دنیادا بووە و ئێستاش نەبڕاوەتەوە. بەلای ئێمەوە ئەم ناکۆکی یە هۆی ڕەوانی و ئابووری وکۆمەڵایەتی هەیە . لەباری ڕەوانی یەوە : دایک وادەزانی ژنێکی لاوەکی کوڕەکەی فڕاندووە وخۆی کەلکی لێ وەردەگرێ ! لەباری ئابووری یەوە : هێزیکی کار لەدەستچووە و بۆتە بنەمایەکی سەربەخۆ وچی دیکە بەرهەمی کارەکەی نادا بە دایک وباوک . لە باری کۆمەڵایەتیشەوە : بەداخەوە هەمیشە کوڕیان پێ لە کچ هێژاترە . خەسوو پێی وایە بووکەکەی لەشانی زاوادا نیە وکوڕەکەی حەسار بووە ! ئەڵبەتە لەپێکی بەرزبوونەوەی پلەی فەرهەنگ وتێگەیشتن ئەمجۆرە بیروباوەڕەش لەکزی دەدا ولەنێو دەچێ. بەڵام ئەمەش بزانە کە هەمیشە خەتای خەسوو نیە! جاری وایە بووکیش بەئاکاری نالەبار و خۆپی زلی وپرتەوبۆڵە و ڕانەگرتنی ئیحترامی خەزوورو خەسوو وکەس وکاری دیکە خۆ لەبەرچاوان دەخا . بەم جۆرە ئاگری قڕەوهەرا و ناتەبایی هەڵدایسێ . ئەمەش بڵێین کە هەموو ناکۆکی یەک دوو لایەنی هەیە . جاری وایە هەردووک لایەن خەتابارن.

واش هەیە ڕێ وشوێنی ژیانی دوو بنەماڵە لێک جیاواز بن وبووک نەتوانێ بەسانایی خۆلەگەڵ بنەماڵەی تازە ڕێک بخا ولەبەر ئەمە ناتەبایی ساز بێ .

سەقز ـ **جەلال کەریمی :**

بە پێی لێکۆڵینەوەی زانایانی زمان ناس زوربەی زمانەکانی دونیا لەسەرەتادا یەک بوون و پاشان بەلێک هەڵبڕانی کۆمەڵەکان وپسانی پێوەندی و ژیانی هاوبەشی یان وردە وردە جیاوازی زمان پەرە دەگرێ و زمانە جۆرا و جۆرەکان پەیدا دەبن .

مەهاباد ـ **س . ب . هیوا :**

پێشنیارەکانت لە گۆواری سروەدا بەرچاو دەگرین . لە کۆنگرەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیدا ئەوان پەسند کراون. چارەنووسی ڕێنووسی کوردیش هەر لەم کۆنگرە دابین کرا .

بۆکان ـ **مەلەک ئەبووبکری:**

پرسیارتکردووە فەرقی **سەلمان** و **سولەیمان** چیە . **سەلمان** لە سولەیمان گەورەترە وەک **حەسەن وحوسێن .حەسەن** گەورەیە **وحوسێن** لە **حەسەن** چکۆڵەترە .

سەرچۆمی سەردەشت ـ **محەممەد مەزلوومی :**

هۆی ئازادنەبوونی زمانی کوردی ئەوە بووە کە گەلی کورد تا ئێستا لە ژێرباری ستەمدا بووە و ڕژێمەکۆنەپەرستەکانی پاشایەتی نەیان هێشتووە فەرهەنگ و زمانی کورد گەشە بکا . لە سایەی کۆماری ئیسلامی یەوە ئێستە نووسین و خوێندنەوەی کوردی ئازادە و هیوادارین ڕۆژێک بێ کە لە مەدرەسەکانیشدا کوردی بەدەرس بخوێندرێ .

ئێمەش بۆ **حەسەن زبرەک** ڕێز دادەنێین و هیوادارین لە ژمارەکانی داهاتوودا بتوانین باسی بکەین .

ئێمەش دژی داب و شوێنی ناحەزی کۆمەڵایەتین .

شیربایی وەرگرتنیش یەکێکە لەوان. هیواداریین وردە وردە لەنێو بچێ. ئەوەش بزانە تا ڕۆژێک پلەی زانست وفەرهەنگی کۆمەڵ بەرز نەبێتەوە داب و شوێنی ناحەزی ئێستا (کە ڕەنگە لە ڕابردوودا جوان و پێویست بووبن) لەنێو ناچن.

سەقز - حەیدەر زەمان:

هەر وەک زۆر جار ڕامان گەیاندووە تەنیا شەرتی فێر بوونی زمانی کوردی موتالای زۆرە. هیواداریین **"سروە"**ش لەم ڕێبازەدا بتوانێ بە کەلک بێ و یارمەتیتان بدا.

مەهاباد- حوسێن ئێستوار:

پاش ماموستاهێمن شاگردە- کانی ئەو ڕێگاکەی درێژە پێدەدەن. ماموستاهەژاریش یارمەتیمان دەداو ڕێنوێنیمان دەکا.

وڵاتی تورکیەش مسوڵمانە. زوربەی خەڵکی ئەوێ سوننی مەزەبن. زمانی تورکی و کوردی و عەرەبی وئەرمەنی گرینگترین زمانی ئەو وڵاتەن.

شنۆ- مستەفا ڕەسووڵی ئازەر:


ئەم باسەی بۆت ناردووین زۆری بە بەرەوە. ئەگەر دەتوانی ئەم بابەتانە یەک یەک شی بکەوە و بۆمان بنێرە تا ئەگەر دەستەی نووسەران ڕای لەسەر دا بە نۆرە چاپی بکەین.

بێورانی سەردەشت: **هیوا بێورەیی:**

پرسیارەکەت گەلێک جوانە و دەتوانێ ببێتە هەوێنی وتارێکی دوور و درێژ.

پێشەکی با بزانین ڕۆشنبیری و پێشکەوتن بەچی دەڵێین. ئێمە دەتوانین - خوێندەوار و سنعەتکار وزانا وپێشکەوتوو بین و لە هەمانکاتیشدا هەر کورد بمێنینەوە.

بەلای ئێمەوە پێشکەوتنی هیچ گەلێک بەمانای ئەوە نیە خۆی بە بیانووی پێشکەوتنەوە لە شارستانیەتی گەلێکی دیکەدا بتوێنێتەوە! پێشکەوتن لە لای ئێمە بەو مانایە کە گەل و کۆمەڵ چۆنەتی ژیان وپلەی تێگەیشتن وورادەی بەختەوەری خۆی لەچوارچێوەی ئەو نیهاد ودیاردانەی(دین و مەزهەب وداب وشوێن) کە بە هەزاران ساڵ ریشەیان داکوتاوە بەرێتە سەر.



نامە و دیاری ئەم ئازیزانەشمان پێ گەیشتووە، سپاسیان دەکەین.

کۆسەکەرێزی مەهاباد: **نازم حیکمەت:**

بۆکان: **ئەحمەد مەولانی.**

ڕەحیمخانی بۆکان: **خالند ئەحمەدی - مەهدی قادری.**

سنە: **میرزا هەورامی.**

شنۆ: **ئەحمەد ڕەحمانی زادە.**

سەردەشت: **سەعید خزری عوسمان خزرپەنا.**

بەیرەم: **ڕەحمان مەحموودی.**

کاژێی سەردەشت: **سەعید ڕەحمانی.**

سنە: **تۆفیق مەحموودی.**

بۆکان: **ئیسماعیل قاسمی.**

تەپەڕەشی میاندواو: **ئەسعەد بێکەسی.**

کۆنەخانێ: **ڕەحمان ئەنبیا.**

سەقز: **ئامینە عەزیزی.**

سەقز: **ڕێبوار.**

فەککە: **کەماڵ بەهرامی.**

مەهاباد: **سمکۆ ئەیبووبیان.**

سنە: **محەممەدرزگارسراجەدینی**

سەردەشت: **ساڵح قوربانیپوور**

بانە: **عومەر مەولوودی.**

سنە: **هومایوون ئەحمەدی**

مەهاباد: **محەممەد مەحموودی.**

نەغەدە: **سەیدجەماڵ شوکری.**

پیرانشار: **ڕەحمان حوسێنی.**

گەرگوول: **رئووف عومەری.**

سەردەشت: **عەبدوڵڵا ئیلاهی.**

پیرانشار: **قادر کولکەزێڕینە**

ئالان: **هەژار.**


ـ دەباشە ئیدی ئەو نووکە نووکەت لەچیە ؟

ـ کوڕە جاچۆن ناگریم. وا دەگریم هەتا چاوم دێتەدەر! جا تۆخودا ئەوەش بوو بەحاڵ؟ ئەوەش ژیانە ؟

ـ کچێ ئاخر بۆ پێت وایە ئەمن هیچ نازانم بەسەری قادری لەتۆ پتر ناڕەحەتم. خودام بەگژ ئەوە داکرد وای هەشسەت تمەن دێنینەوە. مام سەلیم بۆخوا گرتووتی وەرە شاری تازە ئەو زەوی وزارە بۆ چی دەبێ. ئەگەر راستیت دەوێ باوی نەماوە نا ؟ ئەوەتا بزانە زەوی تۆ نان و تۆویش ناکا. وەرە شاری."

ئەم گفتەخۆشە چەند جار و بە چەند شێوە لە لایەن دۆست و ناسیاوانەوە دووپات کراوە

کەریم قەیوومی



بەسەر ئێمە هێنا.

کێ وای بەسەر هێنابوو؟ چ قەومابوو؟ بۆ دەگریان؟ باب زۆرباش دەیزانی. ناحەق نەبوون قوڕ وەسەر بکەن بەڵام بۆخۆی بەوخوی کردبوو کەس هیچی پێ نەدەکرا.

چەندساڵ لەمەوبەر ئەگەر جاروبار بە هەڵکەوت رێی لە شار کەوتبا، تێرایی حەوتوویەکی خزمەکانی رۆن و لۆرک ونان پێ دەبوو. دوو سێ یەک لە گوندی ئەوان هاتبوونە شار ووەزعیان باش بوو. مامرۆستەم هەموو جارێ هەر کە قسە لە قسە دەکەوت دەیگوت "برا ئەمن سێ کوڕم هەیە! "ئەوی گەورەم فەعلەیە ئەوی نێونجیم بەخۆو بە ژنی لە کوورەن،کوڕی هەرەچکۆلەشم شاگرد کەبابچی یە. خێزانم نانی ماڵان دەکا و بۆخۆشم بەسەر پێوە رۆژێ دووسەت تمەنی دێنمەوە.جگەرەوتەسحێب وشتی وا دەفرۆشم. بابم لە شاری پووڵ هەڵڕژاوە! پیاوی دەوێ کۆی بکاتەوە.ئێمە چمان پێ ناکرێ رۆژی لانی کەم خوا! دەزانێ بەڵام هەرچی بێ مام سەلیمی هەڵخەڵەتاند.

سێ چوار سەر رەشەوڵاغی بوو لە ئاوی کرد و زەوی یەکەی دا! بە ئیجارە وباغەکەشی فرۆشت دووسەت هەزار تمەنی پووڵی نەغد لە تەنگەی گیرفان نا و بەرەوشار پاڵاوتی.

بەقەراری خۆی دەبا رۆژێ بە خۆو بەکوڕانی هەزارتمەن پەیدا بکەن ئەو پووڵەش بەشی هەموو شتی دەکرد.

خێزانی مامسەلیم وەک مەڕی گێژ بەدوویدا رێچکەیان

بەست و هاتنە شار. بەر لە هەموو شت رووویان لە ماڵی مام رۆستەم کرد و لەوێ مانەوە.

مامسەلیم کاری بوو بەوە کە بە دووی خانوودا بگەرێ. بە خەیاڵی خۆی کۆشک و تەلاری بە دووسەت هەزار تمەن دەدەنێ بەڵام پاش ماندووبوونێکی زۆر لێبڕا ئارەزووی قەڵاو باڵەخانە چاڵ بکا. ئیدی ئەوجار بە هەموو شت رازی بوو. رۆژێک لە بونگایەک وەژوور کەوت و داوای خانووی کرد. لە پێشدا لێیان پرسی چەندی پووڵ هەیە؟ هەر کە گوتی دووسەت... گوتیان تۆ تەنیا چارەت ئەوەیە خاک بکڕی و بۆ خۆت سازی بکەی. ئەو قسەی زۆر بە دڵ بوو چون خانوو سازکردن زۆر بەلایەوە هاسان بوو. پار دوو وەتاغی ساز کردبوو بەڵام هێندەی تێ نەچوو بوو. دوو تەراکتۆریان بەرد بۆ هێنابوو. هەرار بلووکی کڕیبوو. قوڕ بە خۆڕایی بوو کا زۆر وزەوەند بوو. داریشی لە پۆلەچناری قەراغ باغەکەی خۆی بڕی و برازاکەی و قادری دراوسێی هاتنە یاری و وەستا کەریم خانووی بۆ دانا. ئەمجارەش بەم خەیاڵە خاکی کڕی بەڵام لە کوێ لە "مێشاوا"

مێشاوا بەشێکی دوورە شار بوو. بەڵام کابرای بونگا گوتبووی "خەمی ئەوەت نەبێ ماشین دێتە بەردەرگا. ئەوە ئاوو بەرقیشی بۆ دەکێشن. بە سەری تۆ دوو ساڵی تێوەرنا سوورێتەوە گەزی تمەنی تمەنێکی دێتە سەر. قەباڵەشت تا ئەودەم دەدەنێ"

ئەوانە مامسەلیمیان فریو دا. خاکی کڕی و پووڵ نیوەبوو هەروا لە فکر دابوو نەیدەزانی چ بکا. لەبەر خۆیەوە دەیگوت

- کوڕە دەغیلت بم لێرە خۆڵیش بە پووڵە. دار و بەردیش بەخۆڕایی نادەن. ئەوەندە پووڵە بەشی چ دەکا.

هەرچۆنێک بوو دوو چاوە خانووی لە بەرقەدی کێو ساز کرد و بنەی راگوێست. دڵی بەوە خۆش بوو کە شەو سەرینی خاترجەمی لەژێر سەر دەنێ. تازە لە خەم رەستووە بۆتە شارەیی!!

خێزان ورد و درشت لە خۆشی ئەوە کە ماڵی تازەیان هاتۆتە شار تلی تلیان بوو. نە ئاو هێنانیان لەبەر گران بوو، نە لەبەر بێ بەرقی نارەحەت بوون. بەڵام چەند رۆژ پاشان ئەو ئاورە دامرکا و پشوویان هاتەوە بەر. تازە مامسەلیم بەوەی زانیبوو کە کڵاوی چۆتە سەر.

خانوویەکی ساز کردبوو، حەسارەکەی دیواری نەبوو. بۆ خۆشی نەیدەزانی بە دەستی بەتاڵ چ دەتوانێ بکا. هەرچی هەیبوو لەم دووچاوە خانووەی خەرج کردبوو بەڵام خانووەکە هەژدیها وابوو هەرچی لەزاری کوشیبا هەڵیدەلووشی و بە لایەکی رانەدەگەیشت.

تازە ئەگەر پووڵیشی بە دەستەوە با سەری لە ڕاووڕووتی بازار دەرنەدەچوو کە لەشێریان بە گیسکە نێر دەمل دەپەستاوت.

ئێوارەیەک تازە تاو پەڕیبوو. "شەوکەت" خێزانی مامسەلیم نێوچاوانی تێک نابوو. کەیفی جارانی نەمابوو دڵی بۆ چۆرە شیری مانگاسوور دەیکورکاند. هەناوی خۆی و منداڵی لە تاو سپیایی سپی بۆوە. عەلادینێکی بۆ کڕابوو نە تینی هەبوو نە شۆق. کووپە پەنیری ئاخندراوی لەبەر دەست نەبوو. سێ کوچکەی حەوشی گوندی بۆ ساز نەدەبوو. ئەگەر سازیش بووبا وە ئاوردووی نەبوو. رۆژی سێ چوار سەعات لە نۆرەی نان ڕادەوەستا. ئێواران وەک قەدیم دەبا چووبا بۆ ئاو. لە گوندیش بەرقی نەبوو لە شاریش بەرق نەبوو. هەروا بە بێ وازی سەری چەلەنگە نەوتەکەی دا. نەوت نەمابوو. هاتەوە ژوور. کوڵی گریانی لە ئەوک مابوو. رووی لە مامسەلیم کرد و گوتی:

- پیاوەکە نەوتمان نەماوە؟

- پەکوو ماڵت خرابێ شار. وەڵڵا دەڵێی حەزیایە. دەجا بڵێم چی نەماوە لە کوێ هەڵێنجم؟

- ئاخر باشە ئەدی ئەگەر وات دەزانی بۆ ئێمەت گردەنشین و دەستەوەستان کرد؟

- کوڕە چ بکەم؟ بۆ گردەنشینی

ئەوەنیە هاتوویە شار ؟

ـ هەی خودا مەبا رەکی نەکا چ شارێکە .جا تۆخودا ئەوەش ، بوو بە شار ؟

ـ چیەتی ؟ ئافرەت چیەتی؟ خودا لێی گۆڕیوی ؟

شەوکەت لێوەسیسەکانی هەڵقرچا . چاوە پرووشەکانی پڕبوو لەئاو . دەستی کرد بە گریان .پاش ماوەیەک گوتی :

ـ ئەمن نازانم ئەوە چ هاتنەشارێکە؟ باشە فەرقی شار ومالەبەقوڕ گیراوەکەی خۆمان چیە ؟

لێرەش هەر لەبەر شۆقی گرسۆز نی ؟ لێرەش هەر نابێ بۆ ئاو بەبەندەنێ هەڵگەڕێی؟ جا ئەگەر هەروابوو ئەو ماڵە کاولەی خۆمان چی بوو ؟ئەویش وەک شاری تۆ خەتی هەبوو . مینی بووس دەهاتە بەردەرکەو سواری دەکردی وەک ئێرە . کوا شار ،کوا ئاوەدانی ،کوا پووڵ؟ کوا بەرق ...کوا ... نە

نەیتوانی درێژەبەقسەکانی بدا . لە قوڵپەی گریانی داوە دەگریا ودەلالاوە .بەمانگا سوور وبەروتەندوور ونان وهەویری ونێرەی هەڵدەگوت . تاریک داهاتبوو بەڵام شەوکەت هەر دەگریا! بۆخۆی بۆبەرەمەشکەو کەندووە ئاردی ! بۆ سێ کوچکەی حەوشی !بۆدراوێی بە رەحم و بەدڵ ودەروونی .

مامسەلیم دەستی لە ئەژنۆ وەراندبوو . ئەوەندەی جگەرە کێشابوو خینەی لە سینەی



دەهات . لێوی رەشی ددانە زەردە خوراوەکانی شاردبۆوە ، هەر سەری ڕادەوەشاندوسەیری شەوکەتی دەکرد . نەیدەزانی چ بکا ؟ زگی بە خۆو شەوکەت دەسووتا .ویستی دلخۆشی بداتەوە گوتی :

ـ دەباشە ئیدی لێی ببڕەوە ئەو نووکە نووکەتلە چیە ؟

ـ کوڕە جاچۆن ناگریم . وا دەگریم هەتا چاوم دیتەدەر جاتۆخودا ئەوەش بوو بە حاڵ؟ بە ئاخری سەری تووشی پەت پەتێن و سواڵتکردم ! قەت ئەوەش گوزەرانە . ماڵت لەدێی خۆشترە؟ ناوەڵلا ، تێروپڕتری ؟ ناوەڵلا. ئاخر بڵێ نانتنەبوو ئاوت نەبوو؟ هاتنە شارت لە چ بوو ؟

ـ بەسە! خودا مهێنایە تکاتێ ئافرەت بەسە . دەست هەڵگرە دەردی خۆم کەمە نۆرەی تۆیە؟

ـ خەتای کێ یە؟ بۆخۆت کردووتە ! کوڕە ئەوانەش خاتری تۆ . ئەدی چۆن بژین ؟ ئاخر کارێک ؟ کاسپی یەک ؟

ـ ئافرەت بۆ ئەتۆ پێت وڵیە ئەمن هیچ نازانم ، بەسەری قادری لە تۆ پتر ناڕەحەتم . خودام بەگژئەوەدا کرد وای بەسەر ئێمە هێنا .

ـ دوعا لەکەس مەکە . کەس شیروتیری پێ نەبوو .

ـ با ...با لە شیر وتیر خراپتریان پێ بوو . لێمگەڕێ با بە دەردی خۆمدا بکەوم . کاریش دەبینمەوە خوداکەریمە

ـ راستە خوداکەریمە بەڵام بۆ کەسی لەکولانە نەکردووە .

ـ بۆ خۆم بە خۆم کرد سەنگبارانم کەن !.... ئافرەت کارم دیتۆتەوە .

ـ چ کارێک ؟

ـ کار ...کارە ئیدی. ئەوە هەباسە سوور لەباغی میرزا قاسمی دەڕواو دەچێتە کووردی دەچمە جێگای ئەو .

ـ وەڵلا باشە! . ئاخر کابرا ئەتۆ نەتگوت دەچمە شاری چیدیم پێمەرەداری پێناکرێ ؟ ئەگەر هەر دەتزانی باغەوانی دەکەی بۆ باغی خۆت ڕەعەمەل نەدێنا ؟

ـ ئەدی خانم وخاتوون دریشووکەت دەرکێشاوە دەفەرمووی چ بکەم ؟ ها ... ڕاوەستە هەتا هەموومان لە برسان دەمرین ؟

ـ نا ...چ لەسەی زووتر نیە .... پیاوی چابە با بڕۆینەوە .

ـ چی ؟ بڕۆینەوە ؟! .



لافاو

هاوده‌ردی سێلاولێدراوی وڵاتەکەم

لافاو کە بەخوڕ دێت و بە هەیبەت دەگوڕێنێ
راز و رەوەز و ماە و چڕ و زەرد دەڕمێنێ

دار و دەوەن و جاڵە هەموو هاتنە زاڵە
شێت و دڕە دەستی لە هەموو شت دەوەشێنێ

دۆڵ و خڕ و هەڵدێر و تەلان و گەوە و پێچ
سینگیان وەکوو زۆنگ کون کونە ئاوێ دەدەڵێنێ

هێلانە لەبەر هێرشی ئەو نوقمی شەتاون
تالان و بڕۆی کوێ ؟ دەیەوێ خۆ بسەپێنێ

پێ شێلی پەلاماری ئەون سوورەگوڵی هەرد
زامارە دەڵێی ماشقە کوژاوە ودەو شێنێ

رادەبڕێ و رادەگرێ و هەڵدەگرێ چە وو چێو
دەڕفێنێ مەڕ و میگەلی شوانی دەشەوێنێ

بەزمی گەڕە لاوژەیتی لەگەڵ هەورە تریشقە
خوڕڕەی ئەم و گوڕڕەی ئەوی دونیا دەهەژێنێ

حیلەی بەسەرئەو دەورە وەها بەرز و بەزەبرە
کەم ماوە بڵێم گوێچکەی گەردوون دەدڕێنێ

شالاوی هەموو سووچ و کەلێنێکی دەپێکێ
بەژنی گوڵ و خەڵف و چڵەگیایان دەپەڕێنێ

جەرگی زەوی لەت لەت دەکرێ بەم هەڕوگیفە
فرمێسکی خەفەت بۆ هەموو لا هەڵدەوەرێنێ

رادەبڕێ و ناوەستێ هەتاکوو کە دەوەستێ
ئەوکاتە پەپوو دێت ولەجێ شوێنی دەخوێنێ

ح.رەشیدی زەرزا

ڕێوی ئەدەبی

....

بۆکان + سادق جەڕاحی :

شیعرەکەتمان خوێندەوە .لە باری وزنەوە کەم و کــووڕی هەیە وەک ئەم دوو بەیتە :

ئەوەڵی دەفتەر بەنامــی
خالیقی دانا
سانع وپەروەردگارو حەی و
تـوانـا
بەهاران خۆشە سەر شاخی
وەتەنمان
تەماشای سەوزو شینـایـی
وەڵاتمان

سەرەڕای ئەوە کە وەزنی ئەم دوو بەیتە یەک نیە لەباری قافیەشەوە لەنگە " وەتەن" و "وڵات " نابنە قافیە .

ئەمجار بڕوانە ئەم شیعرە :

لە لایێ سوێسنەولای هەڵاڵە
لەسەر شاخی وڵاتمان خۆش
بەحاڵە

لەم بەیتەدا " خۆش بەحاڵـە" مانای چیە ؟

هیوادارین پتر خۆماندوو بکەی وشیعری جوانترمان بۆ بنێری .

شنۆ - زورار پەیغامی :

ئەم شیعرەی بۆت ناردووین زۆر بەناوبانگە و کەم کەس هەیە نەیزانێ. ئەمە شیعری "وەفایی"یە کە دەڵێ :

گوڵەکەم دەڵێن ئەوا دێ
هەموو وەختێ چاوەچاوم
ئەی خوداتوبڵێی وەهابێ
بێتەوە رووناکی چاوم ..
هەقە کەوەکوو وەفایی شێت
وشەیدا وسەحرایی
مەلەکان خۆیان نیشان دام
پەریان دەستیان لێداوم

بەلام تۆ دوو سێ بەیت نێوئاخن کردووە و لەئاخریدا گوتووتە :

هەقە کە وەکوو "زوراری"
شێت وشەیدا و سەحرایی .....

شیعری دووەمیش "راوچیان"ی کاک سێمانە ولەسروەی ژمارە ٧دا بلاوکراوەتەوە .چاوەڕوانی بەرهەمی خۆتین .

سەردەشت - رەحمان واشەمزینی:

شیعرەکانت لەباری وەزنە - وە عەیبدارن وەک ئەم دوو بەیتە :

ئەی برادەران تەماشـام
بکەن کەوا دیارم
من کوشتەیی دەستی چەرخی
رۆژگارم
رۆژی قیامەت لە دەرگای
خودا
شکایەت دەکەم وەڵاوبیللا

لەباری قافیەشەوە کـەم و کووڕییان هەیە وەک :

رۆژگار لەگەڵ من هەر وا
خراپ بوو
لەهیچ کاتێکدا وەفای بۆم
نەبوو

یا :

خۆکەسێک نیە قسەی لەگەڵ
بکەم
دەردی دڵی خۆی لەبۆ بەحس
بکەم

پیرانشار - عومەر پالیش :

داواکانت بەجێ بوون حەولیان بۆ دەدەین . بەلام بەداخەوە کتێبی "گوڵاڵەکانی رۆژگار"مان نیە دەنا بۆمان دەناردی .

سەقز- رەزا وەفادووست :

بەداخەوە شیعرەکانی تۆش لەباری وەزن وقافیەوە کەم و کووڕییان هەیە وەک ئـەم شیعرە :

وەرزی تاڵی ژینی هەژار
وەرزی دەستکورتی نەدار

سەرەڕای ئەوەش " کوردان" و "زستان" نابنە قافیە ."ویران" و"بێستان" قافیە نین .

با ئەوەشت عەرز بکەیـن "شیعری نوێ"ش وەزنێکـی تایبەتی خۆی هەیە وشیعری بێ وەزن شیعر نیە . هۆی چاپ نەبوونی دووهەم شیعریشت

ئەمە بوو .

بانە_ فاروق قادرخانزاد :

شیعرەکانت جوانن هەستێکی جوانیان تێدا بەدی دەکرێ . ئەگەر هێندێک خۆ ماندوو بکەی دەتوانی شاعیرێکی باش بی .

پرسیارت کردبوو ، کە ئەم نازناوەی من کەسی دیکە هەڵی بژاردووە ؟

لە وەڵامدا دەبێ بڵێین ئەگەر کەسیش ئەم نازناوەی نەبێ دیسانیش پێویست نیە هەرکەس شیعری گوت نازناویشی هەبێ ؟ ناوی خۆت هیچ عەیبی نیە و شیعرەکانیشت هەر بەناوی خۆت بڵاو بکەوە .

بۆکان _ عەلی خوسرەوی :

پیتی "ک" و "گ" هەر کە بەر لە پیتی (ێ) یا (وی) هات راوێژەکەی دەگۆڕێ. ئەمە قاعیدەیەکی گشتی یە لە زمانی کوردیدا ،بەڵام پێویستی بە پیت یا نیشانەیەکی تایبەتی نیە .

بۆکان _ ئەییووب عەباسیان:

شیعرەکانت چون لەباری وەزن وقافیەوە کەموکووڕی یان بوو نەمانتوانی چاپی بکەین. چاوەڕوانی بەرهەمی جوانتری ئێوەی بەڕێزین .

بۆکان _ عومەر حیسامی :

شیعرەکەت لە چەند جێگا ئیشکالی وەزن وقافیەی هەیە ولە چەند جێگەش لە باری نێوەرۆکەوە کەم و کووڕی تێدا دەبیندرێ .

کەمن باور بکەم دیسان
بەهارە
بگێڕین کۆڕی شادی گشت
رەفیقان

بانی چی ؟ مەبەستت چیە ؟ بەیتێک دوای ئەوەش دەڵێی :

لەهەر لایەک بەهار بێت و
بەهار بێ
مەهاباد و سنەو ناوشاری
بۆکان

هەرچی کردمان لەوەنەگەیشتین کە دەتەوێ بڵێی چی ؟

هیوادارین پتر حەول بدەی ئەگەر پێت خۆشە شیعر بڵێی دەبی پێوەی ماندوو بی.

سنە _ مەحموود ئەمینی :

نووسیوتە سروە بەزاراوەی مەهابادی یە . بەڵام ئێمە پیمان وانیە هیچ کوردێکی مەهابادی بەم رێزمانە کە سروەی پێدەنووسری قسە بکا .

هەستی شاعیریت هەیە بەڵام بە پەلەی. هێندێک موتاڵا بکە لەباری وەزنی عەروزەوە کتێب بخوێنەوە . بە هیوای خوا سەرکەوتوو دەبی. ئەم نموونەش لە شیعرەکەت چاپ دەکەین .

مانگ بێ خەیاڵە هەر دێت
و دەڕوا
مانگی من لە ناو دەردی
گەلدایە
مانگی تو لەنێو دەردی گەلدا
چ دەکا ؟

شیعری ئەم ئازیزانەشمان پێ گەیشتووە بەڵام لە باری وزن و قافیەوە کەم و کووڕی یان هەیە ونەمانتوانی چاپی بکەین .

سەردەشت _ **عەلی عەلیزادە ،**
ئەهواز _ **حوسێن خالندی .**
نەغەدە _ **غ _ کاکەیی .**
پیرانشار _ **مستەفا عەزیزی .**
بۆکان _ **ئەسعەد نادری،سمایل وئەحمەد ئەحمەدنژاد .**
بانە _ **بێزار ،**
قەڵادزی _ **خدر...مینە .**
سەردەشت _ **محەممەد ،واوی ، عوسمان سوێسنی .**
تاران : **محەممەد قەهوەیی**
سەقز : **حوسێن محەممەدزادە**
شنو : **بەدیع مەحموودی**
سەقز : **نەوژین**
تیکان تەپە :**ئەحمەدمەکاری**
مەهاباد : **عەزیز ناسری**
شنو : **ئەحمەد رەحمانی**
مەهاباد : **پەشیو**
جەلدیان : **عەلی ئیسماعیل زادە**
نەغەدە : **حەسەن پەریشان**
شنو : **کەیفی برادوستی**
سەردەشت : **م _ شیوەن**
شنو : **محەممەد چووکەلی**
سەردەشت : **ئیبراهیم گەلەبان**
مەهاباد : **س _ عیلم ئابادی**
سەقز : **سەرخو وەرزیر**
مەهاباد : **جەعفەر رەحمانی**
مەهاباد : **ع _ سیامەند**
سەقز : هەژار بانەای
بانە : خالی شاوەیسی
شنو : محەممەد حوسین پوور
خانی : لاوین
خانی : عەلی سمایل زادە
شنو : ئەبووبەکری شاداب
مەهاباد: ئەحمەد مەحموودی



کۆت وشەڵواری نوێ

خالید حیسامی

کۆت وشەڵوارەکۆنەکەی من نەک هەر دەقیان چوو بوو ، رەنگ ورووش چیە پێیاەوە نەمابوو . وایان لێهاتبوو دەروجیران وخەڵکی گەڕەک کەس نەبوو نەیانناسێ . تەنانەت جلک شۆری سەر شەقامەکە ئیتر بۆ شوشتن و ئوتوو کردنیان قەبزی نەدەدا. دوایەش بەوهەموو گێژی وکارە زۆرەوە کە هەیبوو دەستی دەبرد ولەجلکی موسڵمانانی هەڵدەوارد و هەر کاتێک هەتیوەقۆشمەکەم بەوێدا رۆیبا دەبن هەنگڵی دەداو بەرێی دەکردەوە .

خزم وناسیاو کە لەرێگەی دوورەوە جاروبار بەسەریان دەکردمەوە ئەگەر ماڵەکەمیان بۆ نەدۆزرابا وە ناونیشانی کۆت وشەڵوارەکەمیان هەڵدەدا ومنداڵە وردکەی گەڕەک ورد و درشت وەپێشیان دەکەوتن و دەوری ماڵەکەمیان دەدا .

سەرگورشتەی پڕکارەساتی ئەم کۆت وشەڵوارە بەنرخانە لەدوازدەساڵ لەمەوبەرەوە دەست پێدەکا . لە سەرەتای سەفەرێکی دوور و درێژ و چاوەڕوان نەکراو بەهەڵکەوت لە پاتەختی وڵاتێکی هاوسێ رێگەم کەوتە فرووشگایەکی گەورە وتووشم بە تووشیان هات . هەرچاوم پێیان کەوت ونەکەوت وەک تیری ئەنگاوتە چوونە دڵمەوە . بێ سێ و دوو پارەکەم بۆخاوەن فرووشگا بژارد و لەترسی ئەوە کە نەکا پەشیمان بێتەوە بەغاردان بەرەوماڵ بوومەوە .

لەمیوانخانەکە سێ پلەکانم دەکردە یەک تا زوو بگەمەوە ژوورەکەی خۆم لە تەبەقەی یەکەم . لە ژووری وەبیرم هاتەوە کە دەبوو سڵاوێک لە مودیری هۆتێل بکەم کە لە جێگەی رۆژانی لەپشت چاویلکەکانیەوە تەماشای دەکردم . بەڵام تازە دەرچوو بوو .

جلک گۆڕین دەستی پێکرد بەڵام چۆن ؟ سەعاتێک زیاتر لەبەر ئاوێنە هاتم و چووم وراست وچەپم کرد . جار لەگەڵ جاریش پترم ئافەرین بۆ وەستاکەی دەنارد "دەک دەستت نەڕزێ وەستا بۆ جلکی دروونە" . "سەدهێندەش بارەکەڵلا بۆئەو سەلیقە جوانەی خۆم !"

دوای ئەوە کە لە هەموو کارێک بوومەوە جارێکی دیکەش لەبەر ئاوێنە خەبەردار راوەستام کە دڵنیا بووم هەموو شتێک زۆر بەرێ وجێ یە بەنیازی گەڕان وەدەر کەوتم . ئەوجار لە داڵانەکەدا دەنگم هەڵێنا وسڵاوێکی گەرمیشم عەرزی جەنابی مودیر کرد کە

ئەویش بە بزەیەکی پڕمانـاوە سەرێکی لەقاند و دەیویست سەرم بخاتە سەر. بەڵام دەرفەتم نەدا ولەپلەکانان ڕۆیشتمە خوار. چەند ڕۆژێک ئەم سەر ئەوسەری شەقامەکانم پێوا. نازانم چۆن ئەو لیباسانە قەلافەت ودیمەنی منیان واگۆڕی بوو. هەستم بەوە دەکرد کە گرژی و مرچ و مۆنی یەکەم هەتا رادەیەکی زۆر باشتر بووە. بەتایبەتی ئەگەر رێبوارێک "جابا بەرێکەوتیش بایە" خێسەیەکی لێدەکردم و سیلەی چاوی دەدامێ هێندەی دی کەیفم بەخۆم دەهات وئەو بڕوایە لەمندا بەهێز و بەهێزتر دەبوو کە: نەخێر، من زۆر گۆڕاوم، بەینی عەرزوعاسمان فەرقم کردووە، نەخێر نەخێر ئێستە لەکوێ جاران لەکوێ؟

بەتایبەتی دوای ئەوە کە دۆستێکم کراواتێکی رەنگی کۆت وشەڵوارەکەی بەدیاری بۆهێنام ئیتر مەسەلەکە لە گاڵتە بەولاوەتر چوو، کە ئەویشم گرێدا ئەوجار هیچم لە گەنجە تەرپۆشەکانی وڵاتی غەریبایەتی کەم نەبوو، هەر ئەو کراواتەش بوو کە دوایی کاریدا دەستم و خەڵکی هێنامە سەیرێ!


یانی چتان لێ بشارمەوە لەو ڕۆژەوە کەئەو کراواتەم بەستبوو دوودڵی ووەسوەسەی ئەوە کە نەکا گرێی کراواتەکەم خوار بێ، بەلای راستە یان چەپەدا هاتبێ، لەهەموو دەرفەتێکدا لەبەر شووشەی دووکانان رادەوەستام وگرێی کراواتەکەم شل وتوند دەکرد وبە جۆرێک دەستم تێوەردەداو بەوجۆرە تاوێکیش لەقەلافەتی خۆم رادەمام وبەو جلکە تازانەوە کەیفم دەکرد.

ئەوێ ڕۆژیش هەر ئەو وەسوەسە رایکێشام بۆ پێش موغازەی خەرازی فرۆشی. من خەریکی کاری خۆم بووم! هیچ ئاگام لێ نەبوو سەرم لە شووشەی پێش دووکانەکە کوتا و خرموهۆڕ شووشە کەوتە عەرزی! لەگەڵ وردە شووشە نێوچاوانی منیش قرینجا و خوێن بەسەروچاومدا هاتە خوار. خاوەن دووکان کە چاوەروانی شتی وا نەبوو لێم هاتەدەر، بەڵام باش بوو خەڵکی تر هاتن کەوتنە نێوانێ. شووشەکەیان پێ بژاردم ولێم بوونەوە.

سەفەرەکە لەدوای چەند مانگێک خەریک بوو تەواو دەبوو، لەگەڵ ئەوەش کە لەو ماوەدا ئەوپەڕی هەوڵمدا بوو بۆخاوێن راگرتن و ئاگا لێ بوونی ئەو کۆت و شەڵوارە دەمدیت کە شەمزاون و جوانی و نمودی هەوەڵێ یان نەماوە، بێجگە لەوە دەلینگ و سەر ئەژنۆی شەڵوارەکە چەند پەڵەی گەورە و گچکەیان پێوە دیار بوو، کە دیارە ئەوە شتێک نەبوو چارەی نەبێ، هەر لە ماندوویی سەفەر حەسامەوە قۆڵم لێ هەڵکرد بۆ خاوێن کردنەوەیان ودیسان رەنگ و ڕوویەکیان پەیدا کردەوە و هاتنەوە سەر دەق، بەجۆرێکی وا کە هەتا چوار پێنج ساڵ نەک هەر باشترین لیباسی من بوون بەڵکوو لە ناویاندا بەچاوێکی ترم تەماشا دەکردن لە میوانداری و هاتوچۆی لای دۆستان، تەنانەت چاوپێکەوتنی پیاوی گەورەشدا هەر ئەوان بوون کە لە هەموو کۆڕێک دەوەشانەوە. بە دڵنیایی دەمتوانی کەلکیان لێ وەرگرم، تەنانەت فیزیشیان پێوە لێدەم.

لەساڵی شەشەم... بەڵێ چاکم گوت لەساڵی شەشەمدا بەداخەوە شوێنەواری تێپەر بوونی ساڵ ومانگ بە ئاشکرا پێیانەوە دیار بوو، بێجگە لەوە بەشێکی زۆر لە تووکەکەیان وەریبوو.

دوگمەی کۆتەکەش زۆرجار لێرەولەوێ دەکەوت. وادەبوو لە جۆگەی خەیابان دەکەوت و ون دەبوو، دەلینگی شەڵوارەکە کە ئەو ماوەیە لە پانیەی پێڵاوەکەم خشابووشی بۆوەو ریشاڵی لێ هەڵ ببوو، زنجیری شەڵوارەکە چەند دانەیەکی لێوەری بوو، کردنەوە و بەستنەوەی هەروا بە هاسانی جێ بەجێ نەدەبوو، ئەژنۆی شەڵوارەکە وا دەرپەڕیبوو کە



ئوتوشم لێدەدا بە سەعاتێک
وەک خۆی لێ دەهاتەوە .

بەڵام ئەوجاریش ئانیشکم لێ هەڵکرد.دەلینگی شەڵوارەکەم برێک نوشتاندەوە ودووگمەی کۆتەکەم دیسان لێناوە وبەرواڵەتکەم و کووڕیەکانم جێ بەجێ کردەوە. بەڵام ئیتر بەهیچ جۆر ئەو شازی ورازاوەیی یەی پێشوو-یان نەمابوو. هەر لە بەر ئەوەش ساڵەکانی دوایی دڵم پێیانەوە نەبوو، بە بێ نیگەرانی هەمیشە هەر ئەوانم لەبەر دەکرد من لەو لیباسانەدا هەستم بەحەسانەوە دەکرد، لەبەر ئەوە جارێک دوو جار نەبێ ئەویش بۆ ماوەیەکی کەم نێوکۆمێدیان هەر نەدی کە وەک دەڵێ : پشوویەکدەرکەن، بەبێ رۆژ بوێر بەو جلکانەوە لە سەر کاری خۆم حازر بووم و ئەگەر دەهاتمەوە ماڵێش پێمەرەکاری وباخچە ئاودان و بژارم هەر بەو لیباسانەوە دەکرد، جار جاریش لەبەر ماندوویی بێ ئەوە کە بیان گۆڕم لێی تخێڵ دەبووم وخەوم لێدەکەوت .

رۆژێک کە بەماندوویی درێژ بووم.هەر وێژینگێکم دا بۆنی سووتاو وەخەبەری هێنام. بنە جگەرەکە لە دەستم کەوتبوو، بەری کۆتەکەمی لە لای چەپە سووتاندبوو ئاتەگی کۆتەکەشی هەر چەند نەسووتاندبوو بەڵام داغی کردبوو وزۆربا شترساندبووی.

بەم جۆرە کۆت وشەڵوار وردە وردە کۆن بوون وگەیشتنە ئەورادەی کە دۆست وهاواڵ دەهاتن بەسەریان دەکردمەوە هەموو جارێ فرولاتاو دەستی پێدەکرد و وادەبوو لەسووری ئەدەبیش تێدەپەڕی :

- پیرۆزبێ قوربان، ئەوە تازە لەخەیات وەرتگرتۆتەوە؟ هێشتا قسەکەی ئەو تەواو نەدەبوو رەفیقەکەی تری دەیگوت :

-خوا بتپارێزێ، وریابە پێیانەوە لەچاو نەچی !

جاری وا هەوڵم دەدا باسەکە بگۆڕم.بەڵام چما دەستیان هەڵدەگرت ؟

رەفیقی سێهەمیان دەهاتە پێش.جگەرەیەکی بۆڕا دەگرتم وسەبرێک دەیگوت :

- ئەرێ قەت ئەو لیباسانەت بردۆتە لای مودیری مووزە؟ئەو زۆر بەدوای ئەمشانەدا دەگەرێ !

بەدوای ئەودا نەفەری چوارەم دەیگوت :

- ئەی ئەگەر لەرێگادا لە دەستیان رفاند؟

ئەوجار سمێل باپری پێنجەم کە هەر لەگۆشەیەک دادەنیشت وخەریکی کاری خۆی بوو، زمانی دەکراوە، لە قاقای پێکەنینی دەدا ودەیگوت :

"پەحا ... ئەوە دەڵێن چی؟ ئەگەوابێ ئەمن مردووم بۆخۆم دەگەڵی دەچم !.

ئاخری ئەو قسانە کاری خۆیان کرد و وەفکر کەوتم کە لەکۆڵ خۆمیان بکەمەوە بەپێچەوانەی ویستی خۆم تووشی ئەو هەڵە مێژوویی یە بووم و کۆت شەڵوارم فرۆشتا بەڵێ سەرەتای زستان بوو

که رۆژێک هاواری سمساری "کۆنەفرۆش" لە کۆڵانەکەی ئێمە بڵێند بوو، گوتم چش، با لێی بچمە پێش بزانم دەڵێ چی؟ بەدوو دڵی و لە کاتێکا خەیاڵاتی جۆراوجۆر دەورەیان دابووم وەک سەوداگەرێک لەسەر رێگایدا راوەستام هەتا هات گەیشتە بەرامبەرم.

– رۆژباش.

– رۆژباش کاکە، کۆت و شەڵواریش دەکڕی؟

– بەڵێ.

– بەچەند دەکڕی؟

– دەبێ بیان بینم.

– فەرموو بیان بینە، لەکاتێکدا کۆت وشەولوارەکەی ئەو دیوە ودیو دەکرد:

– بەچەندیان دەدەی؟

-تۆبڵێ.

– یەک قسە پەنجا تمەن.

– لە شەست تمەن کەمتریان نادەم.

سەرتان نەهێشینم لەدوای هێندێک سوێندخواردن ودەبێ و نابێ ونێوبژی دەوروبەر کە لەوماوەدا کۆببوونەوە، بە پێی ئەوە کە دەڵێ: "نە قسەی من بێ ونەئی تۆ" سەودا سەری گرت لەوکاتە ناسکەدا کۆت وشەڵوارە بەناوبانگەکەم لەدەستی بۆوە.

پاش بەینێک کەوتمەوە فکری لیباس کڕینەوە رۆژێک بەنیازی خەرید وەدەر کەوتم شەقامێکی گەورەی شارم پشکنی کە زوربەی مەغازەکانی لەو بەرووبەرحلک فرۆش بوون، لەوێوە سەروژێرم دایە بڕۆم بۆ بازێری گەورە" بەڵام چاوی کرپارم هیچ شتێکی وەپاش نەدەدا لەوبەر لە پیادەرەوی شەقامەکە دەستێک کۆت و شەڵوار سەرنجی راکێشام، کە لەگەڵ هێندێ لیباسی تر لەوێ هەڵاوەسرابوون، پەڕیمەوە لێیان چوومە پێش،



وەک پیاناسم وابوو، چوومە پێشتر نمرەکەیانم خوێندەوە ئەی ،ئەی! زۆر سەیرە! ناکا هەو بن ؟! باوەڕم نەدەکرد. لێیان وردتر بوومەوە. دەڵێی بەریان لێگۆڕیوە، بەڵام لە ئەستەرەکەی پێشووی کالترە. چەند پاک و خاوێن وێ بەاڵەن. کەموکووری یەکانیان هێندە وەستایانە چاک کردووە کە هەموو کەس تەنانەت منیش بە هەڵە دەبا، بڕۆسیان لێداوە، وردەتووکیکی لی پەیدا بوتەوە زنجیری تازە و نوێ،دەلینگی رێک وپێک ،هەر وەک جاران رەنگی جوان ودروومانی باش بەڵێ خۆیان بوون بە ئەژنۆی خۆم دادا، ئەوە کار بوو کردم؟ ئای چۆن لەدەستم بۆوە! کەوتمە یادی رابردوو وبرینم کولاوە، بەتایبەتی ئەو برینەم کاتێک وەژان هات کە کوتە کاغەزی سەر قۆڵی کۆتەکەم خوێندەوە. لێی نووسرابوو "نرخی ٣٠٠ تمەنە" چ بکەم چ نەکەم؟ بڕۆم لێیان گەرێم؟ بچم شتێکی تر بکڕم، لاقم دەبەستچوو بوو هەرچی کردم پێی رۆیشتنم نەبوو، نەخێر هەر ئەوانە باشترن ، نەخێر، نەخێربۆخۆم بن باشترە! حەیف نیە وەگیر کەسێکی تر بکەون؟ خۆ من هەردەبێ لیباس بکڕم، بەڵێ دەستم بەگیرفانمدا کرد پارەکەم بۆ کابرا بژارد فەرموو کاکە ئەوەش سێ سەد تمەن وئیتر خۆم لەدوو دڵیەش رزگار کرد. وبە کۆت و شەڵواری دڵ خوازی خۆمەوە!! گەرامەوە.

یەکسم (٣)

ر.رەشە حمەد

کام کردن :

هەر کات لەبەر چاوی یەکسمێک ئالیک وبەتایبەتی جۆ بدرێ بە یەکسمێکی دی و ئەو گوێی لە کرمە کرموشکانی جۆ لە زاری یەکسمەکەی دیکە بێ ونەیدرێتێ **کام** دەکا ، بەو مانایەی **مەلاشووی ئەستوور دەبێ ودێتە رێکی ددانەکانی و لە لەوەڕ دەکەوێ** و جۆرە زارئێشەیەکی پێوە دەنووسێ بۆ چابوونەوەی بە نەشتەر یا سووژن چەند کونی دەمەلاشوو دەکەن ، خوێی لە زاری دەخشێنن تا برینەکانی ببرژێتەوە.ئەوخوێ لە زار خشاندنە چەند رۆژان دووپات دەکەنەوە .

ئەوکارە دەبێتە هۆی چابوونەوە و لەپزیشکی ئەورۆ ـ دا **پەڕۆیەکی زوور وەک بووزووی رێدەخشێنن دوایە بە ترش وخوێ یاگریسیلین یۆدی یا سرکە چەند جاری دەشۆنەوە.**

بەجۆ ئەنگاوتن :

ئەگەر یەکسمێک لە رادەبەدەر جۆ بخوا ، با دەکا یا قەبز دەبێ و دەگیرێ و توانای رۆینی نامێنێ ، بۆ ئەوەی چا بێتەوە وشکەئالیکی لێدەبڕن و تەنیا وێنجەی تەڕی دەدەنێ و رۆژێ یەک دوو جار لە ئاوی دەگێڕن پاش چەند رۆژ دەفیرێنێ و چا دەبێتەوە ، ئەگەر زۆری با کردبێ رۆژێ کلۆیەکی ڕەژی لە زاری داوێن ، ئەگەر ئەو گرفتە لە زستاندابێ، ئاوی بۆ لە وێنجە دەپرژێنن وبۆی خاو دەکەنەوە .

ئەو نارەحەتی یە لە عیلمی ئەورۆدا بە دوو شێوە ناسراوە .ئەگەر یەکسم بای نەکردبێ دەرمانی رەوانی وەک : پاڕافین یارۆن گەرچەک یا رۆن بەزەرەکی دەدرێتێ بەلام ئەگەر بای کردبێ لە دەرمانە توجاڕەتی یەکان کەلک وەردەگیرێ .

کەرسمە :

ئێسکێکی وەک کرۆزەی لە کونا تفێنکی یەکسمدا زیاد دەکا ووردە وردە پێش هەناسە کێشانی دەگرێ . ولەوانەیە بیخنکێنێ ، ولاغ لەو کاتەدا زۆر دەپرمێنێ و لووتی بەدار و بەرد و هەرچی بیگاتێ دەخورێنێ و بریندارى دەکا و لە لەوەڕ دەکەوێ . رۆژ لە دوای رۆژ پتر لاواز دەبێ، بۆ چارە گوێی توند بە **ئێچک** و بەن دەبەستن . ئەگەر بەدفەڕی کرد لێوی خوارەوەشی **لەواشە** دەکەن دوایە بەسووژن یاگیرە **کەرسمە**کەی دەگرن و بەتیغ یا چەقۆیەکی تیژ دەیبڕن ئەو کارە بە بەیتاڵ دەکرێ وهەموو کەس نایزانێ. لەو پێیەدا لە دوکتورێکی ئاژەڵم پرسی گوتی :

-تا ئێستا شتی وامنەدیوە!

مقاوی :

جاری وایە **لەبەر چەنەی یەکسم برینێک وەک کوان پەیدا دەبێ** و جاری واشە ئەو برینە دیار نیە و یەکسم کۆخەیەکی توندی پێوەدەنووسێ پشووی سوار دەبێ و لە هەوراز باش ناڕوا وئاوی بە کونە لووتدا دێتەخوار ، تاماندوو-تر بێ پتر دەکۆخێ بۆ چابوونەوە ی لێی دەگەڕێن لە جێ یەکی گەرم بحەسێتەوە ، جەماوجەم هێلکەیەکی کاڵ لە گەروویدا دەشکێنن ، کاتێک برینی بەرچەنەی دڕا بەبرین و کونەلووتیدا جەراحات و هەوا دێتەدەر وچا دەبێتەوە.

ئەگەر کای بۆ زەرد کرێ و دەتوورەکەدا بیدرێتێ زۆر قازانجە .

ئیپلیک :

ناوی عیلمی وی **ئامفیزیمی ئەهوەنە** وشەی عەڕەبی بەمانای هەڵمسان و لەبەریەک چوونە ،

ئامفیزێم لەدەزگای هەناسەکێشان بریتی یە لە هەڵمسان و ئەستووربوونی پۆرگەکان و کەند وقووڵەکانی نێوسیپەلاک کە دەبێتە هۆی پچڕانی دیوارەی وان ورەدبوونی هەوا بەنێو ئەو پۆرگ و کەند و قووڵانەدا .

هەوای ساردونمدار وچڵکی نێو گەرووی پاڵ بەسیپەلاکەوە دەنێن ولە ئاکامدا کەند و قووڵەکانی نێوی لەبەریەک دەکشێنەوە ودەبێتە هۆی نەخۆشی ئیپلیگ . یەکسمێک کە دووچاری ئیپلیگە ، لەکاتی حەسانەوەدا نەخۆشی لێ دیار نیە ، بەڵام هەر ئەوەندە تۆزیک کار بکا وماندوو بێ تێک دەچێ و لەسەر یەک دەکۆخێ وپشووی سوار دەبێ . پشوو بەجارێک هولدەمژێ بەڵام بە دووجار دەری دەداتەوە کە ماوەی جاری دووهەم لە جاری ئەوەڵ درێژترە . بەداخەوە دەرمانێکی سەرەکی بۆ نەدیتراوەتەوە وئەوەی دێدەنێ تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی یەکسم کەمێک زیاتر خۆرابگرێ

بەیتاڵەکان مارمێلکەی زیندوویان لە گەرووی یەکسم داویشت یا رۆن ورچیان دەدایە یا هێلکەیان لە گەروودا ، دەشکاند .بەڵام ئەورۆ بۆ ئەهوەن کردنەوەی یەکسم لەو دەرمانەی خوارەوە کەلک وەردەگرن :

١- **ئەندریدئارسینۆ** بە رادەی نیو تا سێ گرەم بە ماوەی حەوتوویەک .

٢- **نوامیک** لە دوو تا دە گرەم .

٣- **ئادرنالین** .

٤- **سولفات ئاترۆپین** رۆژێ پێنج سانتی گرەم بە دەرزی ، لەژێر پێستی دەدەن و وەک دەرمانی کۆمەکی کەلکی لێ وەردەگیرێ .

ژان :

لەزمانی عیلمیدا **داورێد یا کولیکی پێدەڵێن** . ژان چەند جۆر بەدی دێ :

١- بەهۆی پڕ بوون یا ئەستووربوون یا برین و یا بوونی کرم ، یەکسم نەخۆشی ورگ دەگرێ .

٢- پڕ بوونی ریخۆڵە یا لێک هاڵانی ریخۆڵەی باریک یا چوونە باڵ یەک و با کردن وەکۆ بوونەوەی خۆراکی زۆرو زیادی یا بەرد یا تۆپە لە نێو ریخۆڵەدا . (تۆپە چی یە ؟)

یەکسم جاری وایە لەبرسان یا لە خۆشەویستی یان یەکتر یا خۆیان دەلێسنەوە ، مووی زیادی بەزمانیانەوە دێ و قووتی دەدەن . لەئاکامدا ئەو تووکە وردانە لەسەر یەک دەبنە گلۆڵە و وەک تۆپێکی پتەو وقایمیان لێدێ ودەبنە هۆی ناڕەحەتی یەکسم .

ناڕەحەتی جاری وایە لە میزدان وگورچیلەکانە و جاری واشە لە لێک هاڵانی منداڵدان ولە مایندا لەبەر هاویشتنەوە سەرچاوە دەگرێ .

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ژانێکە کە یەکسم پاش ماندوو بوون بە هۆی لەنەکاو خواردن و خواردنەوە تووشی دەبێ ، ولاغ زۆر خۆی لە عەرز رادەکێشێ وهەروەها خۆ لەبەر یەک دەکێشێتەوە . یەکسم ئەگەر نەتوانێ میز بکا دەتۆپی . لە کوردەواریداهەر کات ولاغێک ژان بکا ،دەگەڕێن بەدووی **ئاوەڵ دوانە** تا بێ و دەستی بەزگی دابێنێ ، دەنا کەچەڵێکی بانگ دەکەن سەری لەزگی بخشێنێ، بە بڕوای بەیتاڵەکان بەوکارە ژان و برکی یەکسم چادەبێتەوە یابە تیغی تۆزێک گوێی یەکسمی دەخوێن دێنن .


مشمشە :

نەخۆشی مشمشە تایبەتی یەکسمە ، جاری وایە کوت و پڕ و جاری واشە وردە وردە لە ولاغی توند دەکا ، یەکسمێک کە ئەو نەخۆشی یە دەگرێ لە پێشدا سەر سیپەلاک و پێستی دانار دانار و گرمووڵە گرمووڵە دەبێ ، ئینسان ئەو نەخۆشی یە دەگرێتەوە ، ئەو نەخۆشی یە کۆنە و تەنانەت یۆنانی ورۆمی یەکانی قەدیمیش لە بارەیدا دواون گەلێک یەکسم لەناوچەکانی دنیا دووچاری ئەونەخۆشی یە بوون بەتایبەت لەشەڕەکاندا کە ژمارەیەکی زۆر یەکسم لە جێ یەکی کۆوە بوون، **ئێستر و**

ئەسپ ئەو نەخۆشی یە لەسەرەخۆ دەگرن لە حالێکدا گوێدرێژ کوت وپڕ بەو دەردە دووچار دەبێ .

ملۆزمی ئەو نەخۆشی یە (پزودۆمۆناس مالئی)یە ئەو نەخۆشی یە زۆر پیسە و یەکسم زۆر زوو لێکتری دەگرنەوە .

مالاتێک کە بە هۆی ئەو نەخۆشی یە بتۆپێ دەبێ باش چاڵ کرێ دەنا کەلاکەکەشی دەبێتە هۆی تەنەوەی نەخۆشی



تەنانەت ملۆزمی ئەو نەخۆشی یە لە تەویلەوئاخورو ئەسباب و ئامرازی تیمار کردنیشدا دەمێنێتەوە .

نیشانەکانی نەخۆشی مشمشە ئەوانەن :

١- نیشانەکانی مشمشەی توند ووکوت وپڕیەکسم تووشی یاووتاو دەبێ و زۆر گەرم دادێ، ئێشتیای نامێنێ بە نارەحەتی یەوە هەنگاو هەڵدێنێتەوە ، پێستی وشک و داغ دەبێ وپەڵە پەڵەی سووری دەکونەلووتیدا پەیدا دەبێ ، ئاوێکی زەردی بە لووتیدا دێتەخوار .وردە .وردە تێکەڵاوی خوێن دەبێ و دەگەنێ .

لەسەر پێست،حاست ئێسکی پەراسوو ، دیوی ژووری ران و گەردن و بەرچاوو لێوەکانی پۆرگ دەر دەکا وپاش چەند رۆژ هەر ئێسکەکانی دەمێنێتە -وە . یەکسم پتر لەدەرۆژ لە بەرامبەر ئەو نەخۆشی یەداخۆ راناگرێ .

مشمشەی ئەهوەن :


لە یەکسمەکاندا پتر ئەسب تووشی دەبێ ،ئاوی لوونی زەردو بۆگەنیوە جاری وایە تێکەڵاوی خوێنە ونێو لووتی دەبێتە بلۆق . زوو ئەو بلۆقانە دەبنە برین و رۆژ ، لەگەڵ رۆژ قووڵتر دەبن و وردە وردە بن گەرووشی ئەستوور دەبێ .

ئەورۆ بۆ ناسینی ئەو نەخۆشی یە بەدەرزی هێندێک مالئین لە نێوەراست پێلووی چاوی دەدەن .پاش ٢٤ تا ٣٦ سەعات لە رووی خورووو سوور بوونەوەوئاوکردنی چاوی ئەو یەکسمە تێدەگەن تووشی ئەو نەخۆشی یە بووە یا نا . بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر تێگەیشتم کە لە کوردستان ئەو نەخۆشی یە بەنێوی " **مرخە** " دەناسن . بەیتاڵەکان بەپێی تەجرەبەی چەندساڵەی خۆیان دەڵێن یەکسمێک کە تووشی مرخە دەبێ بەیانان بەرلەوەی زەردە بێتە دەر رووبەرووی تاو رادەوەستێ .

نەخۆشی "مرخە" هیچ دەرمانێکی نە و بۆ ئەوەی بەرگری لە بڵاوبوونەوەی بکەن بە زووترین کات بەکسمی نەخۆش لەنێو دەبەن .دەوڵەت لە بەرامبەر سێ نەخۆشی **سیل** و **تەبەق** و **مرخە**دا بەرپرسە ئەگەر ئاژەڵ بە یەکێک لەو نەخۆشی یانە دووچار بێ خەسارەت دەدرێ بە خاوەنەکەی و نابەڵێ تووشی زەرەر بێ .

سەکبایی :

ئەو نەخۆشی یە لە سەرماو باران وتەڕ وتووشی‌دا پتر یەکسمی حەیڵ دووچاری دەبێ و پاشووی لە حەڕەکە دەکەوێ و تەنیا لەسەر پێشووی رادەوەستێ و کەفەڵی لەعەرزی دەخشێنێ .یەکسمی وا شەو و رۆژێک تا دوو شەوو دوو رۆژ دەکۆیە بنی ئێشک دەگرن تا تەواو گەرمدابێ لە پاشان بە بەتێکەمووی سەر پشتی وەک چنین وهۆندنەوە دەهۆننەوە



بەڵێ، هیچ سەرتان ئەستوور نەبێ. هەروەک گوتم دوژمنی ئەوانەم کە (خۆشیان دەوێم) دوژمنی قەستەسەری ئەویندارانی خۆمم! بەخوێنی سەری ئەوانەی کە تاوێک بێ مس هەڵناکەن تینووم! رەنگە ئێستا نەزانن من چیم! با زیاتر خۆم بناسێنم. ئەگەر لێم بپرسن جێگام کوێ یە و خەڵکی چ وڵاتێکم .وڵام دەدەمەوە من خەڵکی هەموو شوێنێکی دنیام لە بەستەڵەکەکانی قوتبی شیمال را تا بێروونەکانی ئەفریقا وئاسیا . لەشاری پڕجەشامەت وگەورەوە تا دەگاتە کوێرە دێ یەک ، سەرتان نەیەشێنم لەهەر شوێنێک ئادەمیزادی لێ بژی منیش دەژیم .با زۆرترتان روون بکەمەوە ، لە زوربەی ماڵاندا ، لە دوکانان ئیداران، کووچە وشەقام ، نێو تاکسی، قەتارو پاس و لە زۆر جێگای دیکەدا من هەر لە نێو خەڵک دام ، وەتاغی میوانان بێ من نابێ.لیباسی جوان ورەنگاورەنگم دەبەر دەکەن.وهەزاران نێوی جیاوازم لێ دەنێن کە بەختی خۆش لەسەر جل وبەرگم دەنووسرێ . بەڵام من هەریەک شتم! دوژمنی بەرەی ئادەمیزاد! من دوژمنێکی پڕخەرجم! هەر کەس منی بوێ دەبێ لەداهاتی رۆژانەی خۆی هیندێکی بۆ من تەرخان بکا ! ئەوانەی منیان خۆش دەوێ رۆژێ چەند جار ماچم دەکەن .رامدەمووس هەڵم دەمژن ! هەر چەند زۆر کەس دەزانن ئەویندارێ لە گەڵ من بەرهەمەکەی زووخاو دەرد ومەینەتە . لە سەر ئەوەش را دەست بەردارم نابن.

من زۆرێتسک سووک و رەزا شیرینم . قەدبارێک ورێک و پێک وبازەنینم. بۆن وبەرامم خۆش ودڵ بزوێنە . وەرەزی پیاوی ماندوو دەشکێنم وزۆر، کەس بەمس نەشئە دەبن وبە ئەوینی خۆیان دەسووتێنن ! بەڵام بابێتان بلێم . خۆشەویستی وئەوین کار ناکەنە سەر ئاکار ورێبازی من ! من حەرم لەکوشتنە! من لە سلامەتی وتەندروستی بێزارم! مەرگ کەسب و کاری منە! لەسەر ئەو قەدو باڵا جوانەمرا، گیانم ، رووحم ، دەروونم کەیلی کینەونفرەتە! و هەموو ساڵێک هەزاران تەرمی ئادەمیزاد رەوانەی گۆڕستان دەکەم .

دوکتۆرەکان باشم دەناسن دەزانن قاتلی ئادەمیزادم دەزانن نیزیک بوونەوە و تێکەڵاوی لەگەڵ من پێشوازی لە مەرگە! بەڵام زۆر جاری وایە ئەوانیش دەکەونە داوی ئەوینم وهەر ئەوەیان بەسەر دێ کە ئەوانی تر تووشی دەبن . ئەوەندەش باپاکانە بۆخۆم بکەم ! ئادەمیزاد بۆخۆ دەست بەردارم نابن من کارێکم بەوان نیە. بەڵام ئەوان بە شوێنمدا شەیدا و وێڵن .

ئەوەشم بالەبیر نەچێ. بە پێچەوانەی هەیکەلی جوان و ناسک ولەبەر دڵانم لە هەر جێگایەکی دەستم بدەنێ و کەلک لەجوانی وتامو بۆنم وەرگرن هەوا پیس و چەپەڵ دەبێو تەم ومژێکی سینە ئاخن هەموو شوێنێک دادەگرێ.

رەنگە تائێرە منتان ناسیبێ وبزانن من چیم .ئەگەر نازانن من "سیگارم" کەبە کوردی پێم دەڵێن " جغارە"و دوژمنی قەستەسەری هەمووتانم بەڵام بۆئەوەی خوێنتان بە دەستی من نەڕژێ پێشنیارێکم هەیە :

"لێم گەڕێن بالێتان گەڕێم!

هونەر و هونەرمەندانی کوردستان

. لەماڵێک میوان کرابووم

کاک ئەڵڵا



چەند کەسی دیکەش لە دەورو بەرم بوون.هەرکەسە باسی لە شتێک دەکرد . وای لێهاتبوو کەس لەکەس حاڵی نەبوو . یەک باسی سیاسەتی دەکرد ، یەک باسی دەغڵ ودان وحاسڵی ئەو ساڵی دەکرد ،یەک لە ماشێنی دەدوا یەک لەکۆپین و ....

لەم قسانە دابووین یەک وەژوور کەوت پیرەپیاوێکی بێ ددانی دەم بەپێکەنین سڵاوی کردوگوتی،

– رەحمەتی خودا ولێ بێ کەس نەبزوێ ئەوەندەی گوت و چاوێکی بەدیوەکەدا گێڕا ولە سووجێک لەسەرچۆک دانیشت .

وێگرا بەخێرهاتنمان کرد .

یەک لەپەنام دانیشتبوو لێم پرسی ئەم پیاوەکێ یە؟

– وەک هەڵەیەکی گەورەم کردبێ گوتی :

– ئەی چۆن؟ تۆئەوەناناسی

– گوتم : ناوەڵڵا بەرەنگ نەمدیوە بەڵام دەنگی ئاشنایە

کوتی :

– ئەوە کونخا ئەڵڵا یە ..

بە بیستنی ناوی کونخا ئەڵڵا شا گەشکە بووم .

هیچ سەیرنیە .کونخا ئەڵڵا پیرەپیاوێکی دەنگ خۆشە و ئەگەرلەرادەبەدەر پیرە ودم وددانی نەماون بەڵام ئێستا دەنگی هەرخۆشە وچەبدنەوارشم لەدەنگی وی هەیە .

هەرواچاوی دەگێڕا پێم وابوو لە حەفتا تەمەنی تێدەپەڕێ . بەڵام ئێستاش هەرواقیت ولەباروبەکەیف و دەماخ بوو.

پێم خۆش بوو دەرفەتێک هەڵکەوێ وهیندێکی بدوێنم . وت ووێژێکی لەگەڵ بکەم.هاتم زارم هەڵبرم ،کە بۆخۆی رووی لەپیرە پیاوێکی دیکەکرد و گوتی :

– حەمەد ئەوەبۆ دەڵێی دولمەی هەڵوەشاوی ؟

کابراش لەسەرخۆ گوتی :

– کوێخا ئەڵڵاکەس وەک تۆی پێ ناکرێ .. تۆ خەمت نیە

– کوڕە ماڵت خرا نەبێ دنیات تەنگا وتێلە داوە .هەر کەس وا بێ زوو پیردەبێ قەت فکرلەدنیا یە مەکەوە. عاقیبەتی هەرمردنە .

جا ئەمنیش دڵم وەک تۆخۆش باوئەودەنگ وسەدا یەم پێوە باو ئەوهەموو بەیت وحەیرانەم زانیبا پیرنەدەبووم .

هەموو مەجلیس پێکەنین وبۆ ماوەیەکی کورت قسەبڕا یەوە.

منیش بۆ ئەوە سەری قسەی

لەگەڵ بکەمەوە هێندێکم قەراخ وبیجاغ تێک کردنەوە و دوایە گوتم :

- مام ئەڵڵا ،ناوی خۆت چیە ؟ وات پێدەڵێن ؟

گوتی:

- ئەها ئەوەش لەوسەر رووتە تۆلاسانەیە .کورەبابم ئەتۆهەوەڵ کەسنی ،زۆرکەس ئەوقسانەیان لێ پرسیوم ئەمما بەکاری هیچ نەهاتووە؟ جارێ پێم بڵێ بۆ چیتە؟

لەخودام تەڵەب بووئەوەم لێ بپرسێ .چون زۆربە وردی پێم گوت کە من کێم وبۆچی لێی دەپرسم .

گوتی :

- ئەوەی راست بێ دەزانم زۆران ئەوقەولەیان پێ دوام هاتوون وەک مەئمووری ژاندرمەی قەدیم هەموو بن و بنەچەکەیان پێ دەکۆڵەکەی کردووم وجاری دوایەش نەمدیتوونەوە .

من بەڵێنم پێداکەمن حەتمەن ئەو بەڵێنییەی دامتا ئەوجێگەیەی لەدەستم دێ دەیبەمەسەر .

گوتی :

- جاکاکی برای من ناوم عەبدوڵڵایەو بەکوێخا ئەڵڵا منشوورم . لەسجیلیش دا ناوم عەبدوڵڵای ئەمینی ئازەرە .

ئەم ناوەش بۆخۆی نامۆ نەبوو . ئەمینی ئازەر...... ئەمینی ئازەر وەبیرم هاتەوە کەبەیت پێژێکی دیکەشم هەربەم ناوونیشانە دەناسی کاک **حوسێنی ئەمینی ئازەر** کەبە "وسێن زارخوار" بەناوبانگ بوو .

چون شۆرەت زۆرونێک دەچێ پرسیارم لێ کرد .

- مامەکاک وسێن چێتە ؟

- ئەی! برامە .من برای وسێن زارخواریم کوری مینەم خەڵک پێ یان دەگوت مینەسوور

- دەی باشەخەڵکی کوێی ؟

- جابابم پیاوی فەقیر ، خەڵکی کوێیە .من هەوەڵی لەخەڵیفانێبووم لەوێ کوێخا بووم .دوایەش هاتوومە کولتەپە وئێستاش ئەوەڵێرەم. (مەهاباد) .

هەروانێوەنێوە قسەی خۆشی دەکردە نێوئاخنی وت وێژەکەی. شتێکم زۆربەلاوە سەیربوو . وەکی باسی دەکرد تەمەنی دەبوو زۆربێ و بەرواڵەتیش وای نەدەنواند .

- کوێخا ئەڵڵا تەمەنت چەندە

- کورە جاچووزانم! خۆ ئەمن سەو ادم نیە تابزانم چەندساڵ دەبم .ئەوەندەی دەزانم ئەوەدەمی مظفرالدین شای قەجەر لەسەرتەختی بوو بەجوانی وەبیرم دێ تائێستا ٦ دەورەم دیوە.(بەسێ قەجەرەوە) .

- تۆ دەنگت خۆشەبەیتانیش دەزانی ؟

- بەڵێ ئەرێ وەڵڵا بەیتانیش دەزانم .

-وەک چی

- هەرچی حەیرانە دەیزانم سەیدەوان ،لاوک ،کراس رەشێ وەی وەی زارا - گوڵەجوان قوندروکی - سوارو سەعید بەگ ، ومیرسیوەدین چووزانم خۆ هەرچی دەیزانم ئێستا لە بیرم نین .

- ئەوبەیت ولاوک وحەیرانە لەکوێ فێربووی ؟

- جاچوزانم! هەرلە منداڵییەوە کەیفم بەبەیت و حەیرانان دەهات ئەمما ئەوانەی زوریان لێ فێربووم خوداعەفوویان کا لەگەڵ مردووی تۆ،ئەحمەدی کارسوری وکاک هەباس ونادرەکوێربوون.

-مام نادرکێیە .

- مام نادربابی ئەو رەسووی نادری یەکەئێستا ماوە وگۆرانی وحەیران و بەیت وقسەی خۆش دەڵێ .

- ژنت هێناوە ؟

- بەڵێ لەخەڵیفانێ ژنم هیناوە و ئێستاش ٥ کورم هەن ماشاللّە دەڵێی منارەن .

- خودا لێت نەستێنێ

- لەگەڵ ئی موسلمانان..

گوڵەجوانی گوت .وا مزانی ئێستا لەکوێستان وهەواران لە نێو پۆلی گوڵەجوانان راوەستاوم وگوڵەکان دەردی دڵم لەگەڵ دەکەن لەلایەکمەوە لە لاپالێک مۆڵ دراوە .لای دیم شوان لەسەرکانی نێوقەدی شاخ فوولەکوچک ئاورەکەی دەکا و لەلای دیم شۆڕە سواران دێن ودەچن .

لەگەڵ شیعری

چاوەڕێ

س. ڕەشیدی نازە

سروەی ئازیزم
شنەی نەرمە لاوێنی لەشی
بوونی بەتەم خنکاو
شیرەتیژەکەی باڵی مەلی پەت بڕ
بەرهەمی روونی چاوی دڵی سووتاو ،
جەرگی هەڵقرچاو ،
چاوەرێتم .
چۆن بۆرچین
چاوەرێی بچکۆڵەی نەماوی ،
بەدەس ئاگرا برژاویە.
یا چۆن دەریا ،
دڵ پرلە هومێد
چاوەرێی بزاوی
خاوەن رەنگاوی سڕی شەپۆلە
منیش چاوەرێتم
سەرماوسۆڵە
دەخیلتم ،زریانە
هەتاو کەسیرەیە ،
شەوی درێژی زستانە
لەبیرت نەچێ سروەگیان
هەتا دەتوانی زوو وەرە
هەتا دەتوانی زوو وەرە

بەهار

م.ن. عەلایی

ئەم وەرزە کەوا نەشئەدەری خاک و چیایە
رازاوەی دەستێکی هونەرمەندوسەخایە
ئەم خاک و دەرو دەشت و کەژوکێوی ولاتە
وەک باغی بەهەشتێکە کەوا بۆ عورەفایە
رۆح بەخشە نەسیمی فەرەح وبادی بەیانی
بۆ دەردو ئەلەم وەک نەفەسی لای مەسیحایە
بولبول بەسەما هاتەدەر و عاشقی دلڕیش
بۆ خەندەی گوڵ قەلبی حەزینی لە فەنایە
بڕوانە لە کەو چۆن دەفرێ ئەمبەرو ئەو بەر
خاڵی رەشی سەرسینگی چ خۆش خەتت و جەلایە
"سروە"یشی لەبۆ زیادە لە سروەی سەحەریدا
بۆ دەفعی هەموو دەردی دلان عەینی دەوایە
رووح و دڵی "نافع" کە هەمووشێتی بەهارە
قوربانی ئەوەی بێ کە دژی جەورو جەفایە

هاوین وەک سروەی خۆشی بەیانی
فێنک کەرەوەی دڵ و گیانی
پایز کە فەسڵی گەڵاڕێزانە
کاتی وەرین و زەردی وخەزانە
تۆ باخی سەوزی دوور لەخەزانی
سەیرانگەی منی شەو تا بەیانی
زستانان لەبەر گڕی وشەی تۆ
دەست و دڵی من گەرم ئەبێتۆ
دووری و غەریبی فەرامۆش دەکەم
خۆم لە ئامێزی ولات هەست دەکەم
یاخوا بمێنی و سەرکەوێ رێگات
باسەدان "وەیلان" بە ئاوات بگات



سروە

"دەیلان"

سروە زمانی گەرمی ولاتم
سالی چوارکەرەت من بەتەماتم
بەهاران وێرای شنەی بای شەماڵ
بەفری خەمی دڵ تۆ دەدەی راماڵ



ڕێبوار «ڕەحیم لوقمانی»

ڕێبوا ڕێکم ڕێم سەختە و دوور
دەڕۆم دەبڕم شوورەی سنـــوور

روو لە هەورازی سەد کێــوم
ڕێی ئامانجی بـەرز ئەپێـوم

ئـازار گەستە و تینوو و برسی
چوار دەوری ڕێم پڕ مەترســی

لە تاریکی و شـەوە زەنگـــا
بەنێـو تـەلان و زەبـەنگـــا

هـەزار قـۆنـاغـم بـڕیـوە
شـەوگـاری تـالـم زۆر دیـوە

تـروسکەیەک، تیشکێ، تـاوێ
لێم دەرنەکەوت سۆمـا بـاوێ

بە زستان و تـۆف و سـەرمـا
چـەنـدە هەرەس هات بە سەرما

زۆرجار هەڵدێرام لە زەردان
جەستە خەستەی داو ودەردان

بەڵام هەرگیز من لام نـــەدا
قـەد بە کۆڵ دان مدودا منەدا

هەزار شوورەم شکاند، بڕیـم
بە کۆسپی مـەرگا تێپـەڕیـم

ئێستا پوختە و خاراوتـــرم
مـەرگ ئەمرێنم، خۆم نامـرم

تێشووی ڕێگەش ئیمانمـــە
بڕوا و ئـەزموونی ژیانمـــە

بەرەو دوندی ئاواتـی خـۆم
دەڕۆم ، دەڕۆم، دەڕۆم، دەڕۆم

کەوتن ، هەستان، هەنگاو، هەنگاو
تا دەگەم بە زوانگـەی هەتاو


خەمرەوێن «زاهید کازمی»

بای شەماڵ خەبەری هێنـــا
بە لەنجەولار خۆی هەڵێنـــا
جاڕی دا لـە شـار و لادێ
وا زستان ڕۆیی بەهـار دێ
جا ئەگەر لە دڵتا یە خـەم
دایگرتووی پەژارە وماتـەم
" سروە " بخوێنـەوە کاکە
ئەی چەندخەمڕەوێنی چاکە!

شاعیـرانی لاو

بەهاری ئەوساڵ من گوڵـم نـەدی
بەهاری ئەوساڵ بولبـولـم نـەدی
بەهاری ئەوساڵ نەمبیست ئاوازێ
بەهاری ئەوساڵ نـەمبوو هاوڕازێ
فەلەک بڕووخێی ماڵت وێران بـێ
باڵندەی شادیم تاکەی بێ لان بێ

«تاها حوسێنی»



ع . نانەوازادە

رۆژێ گورگێک کەبرسیا یەتی شاڵاوی بۆهێنابوو لەلێرەوار وەدەرکەوت گەیشتە رێبازێک کە بە تەنیشت لێرەوارەکە دا تێ دەپەری .گورگ ملی رێگای گرت و وەرێ کەوت تا بەڵکو شتێک بدۆزێتەوە وبیخوا .

نزیک گوندێک دیتی لادێی یەکی پیر لە قەراغ رێ رۆنیشتووە وخەریکی نان خواردنە گورگ لێی چووە پێش وگوتی :

ـ مامە ئەوە چ دەخۆی ؟

ـ نانی دەخۆم

گورگ کەزاری پڕبوو لە ئاو گوتی :

ـ من هەمیشە گۆشتم خواردووە ونازانم نان چیە وچ تام وچێژێکی هەیە .زۆریشم برسی یە ئەگەر دەکرێ کەمێکم نان دەیە بیخۆم .لادێیی پەنجەیەکی نان بۆهاویشت گورگ لەحەوای قۆزتیەوە وخواردی بەزمانی دەوروبەری زاری لێستەوە وگوتی :

ـ زۆر بەتامبوو ئێوە ئادەمیزادەکان هەموو رۆژێ لەم نانە خۆشەدەخۆن ؟

لادێیی کوتی :

ـ بەڵێ هەموو رۆژێ .

گورگ کوتی :

ـ منیش زۆرم پێ خۆشە کەپێخۆرم هەرنان بێ دەبێ چ بکەم چلۆنم وەچنگ دەکەوێ ؟

لادێیی گوتی :

ـ کارێکی نیە !! گەنم داچێنە ونان بخۆ

گورگ گوتی :

ـ هەروا بەوهاسانی یە ؟!

لادێیی وڵامی داوە:

ـ ناوا هاسانیش نیە لەپێش دا دەبێ پارچە زەوییەکت هەبێ جاچۆن ئەم زەوی یە وەچنگ دەخەی بۆخۆت دەزانی . چونکە گێرەوکێشەیەکی زۆر لە سەرزەوی دەکرێ کە جێگای نیە بۆتی باس بکەم.کاتێک زەوی یەکت وەچنگ خست دەبێ کێڵی .هەڵبەت دەزانی بۆ کێڵانیش دەبێ چ بکەی ؟

گورگ گوتی :

ـ نەخێر ناوەڵڵا هەرهیچ نازانم.

لادێیی گوتی :

ـ ئەگەر تاقەتت هەیە ومان دوو نابی با هەر لەهەوەڵێوە بۆتی بگێڕمەوە .

گورگ گوتی :

ـ زۆریشت لێ مەمنون دەبم فەرموو

لادێیی گوتی :

ـ لەپێشدا دەبێ دووگا دەگەڵ نیرو ئامورێک وەگیر بخەی زەویش دوو جۆرە یان دێمەکارە یان بەراو . ئەگەر بەراو بێ دەیکێڵی وئاوی لێدەگری کە پێی دەڵێن کەشاو کاتێ وەگا هات یانیوای لیهات کەنەقوڕ بێ و نەوشک بووبێتەوە کووز کووزی دەکەی تۆو لە توربێن دەکەی وپێوەردەکەی ودووبارە دەیکێڵیەوە . لەدوایی ماڵووی دەکەی و جۆگەی لێدەدەی .ئەوە بۆبەراو . بۆدێمەکاریش

تاکوو گەنمەکە هەڵبدا و گوڵ بکا لەتەواوی ئەمماوەیەدا دەبێ لەقەدەر پێویستیی پڕابگەی گوڵەگەنم کەزەرد بوو وئەوجار دەتوانی بیدروویەوە .

گورگ کەتاقەتی بەسەر چوو بووهەرای کرد :

ـ ئەوەدەم ئیتر دەکرێ نانی بخۆی ؟

لادێیی گوتی :

ـ نا هەندێک لەسەرەخۆ بەو چاک گوێ راگرە ئەوە تۆ بۆ ئەوەندە کەم جیکڵدانەی .



هەر تۆوی پێدا دەپرژێنی ودەیکێڵی وبە ئومێدی خودا بەڕەڵڵای دەکەی

گورگ گوتی !


لەوانەگەڕێ ،چۆن دەبێتەنان باسی وەی بکە

لادێیی گوتی:


ـباشە پێت دەڵێم . لەدوایی ئەگەر زەوی ـ یەکەت بەراوبێ دەبێ ئاوی بدەیوپڕاویکەی هەڵبەت ئەویش لەبەهار دا ئەگەر هات وباران کەم باری . دوایە سێچوار مانگ دەبێ سەبر بکەی

کەکاتی دروێنەهات دەیدروویەوە ئەگەر بەداس بیدروویەوە ، قۆڵ قۆڵ دەیانکەیەسواڵە سواڵە سواڵە دەیانکەیە مەلۆ ،مەلۆکانیش دەکەیە باقە وباقەکانیش لەسەر یەک دادەنێی تاکو دەبێتە گیشە ئەم گیشانە ماوەیەک لە بەر تاو دەمێننەوە تاکووباش ئیشک دەبنەوە . پاش ئەدەدەرێک دەبێ جێ خەرمان ئامادە بکەی جا یان لە مێرگێکی تەخت وبێ کون وکا ژێر یان دەبێ جێگەیەکی تەختی لە رەوی‌دا بۆئاو بدەی ،کاتێ وەگا هات مالاتی لە سەر دەگێڕی

تاكوو رەق وپتەو دەبێ .كە جێ خەرمـــــــان
ئامادە بوو ،گەنمەكەت دەبەیە ئەوجێخەرمانە
جوان بلاوی دەكەیەوە وبە ماڵاتگێرەی لەسەر



بەڵێ كە ئاشەوان ئاش بەتاڵی راگەیانـــــد ،
باراشەكەی بۆدەبەی وئەویش خاوێنی دەكاتەوە
ولەبووجارِی دەدا ودەیهارِێ ودەیكاتە ئارد .
ئاردەكەی هەڵدەگری ودەیبەیەوە ،بەئاولـــە
كوول دا هەویری لێ ساز دەكەی .هەویرترشـی
لێدەدەی تاكوو بكەوێتەوە .كاتێك هەویــر
كەوتەوە ئەنگووتكی لێدەگری ولەسەرپنە ،تێر
یان وەردێنەیلێدەدەی ولەسەر رفێدە پانـی
دەكەیەوە ....
گورگ كوتی :



دەكەی .دوای ئەوە كە گێرە تەواوبـــــوو
هەڵیدەدەیەوەكە دەبێتە جێخون .ئەمجارشەنی
دەكەی وكاودان لێك جوێ دەكەیەوە .لەداشگیرو
كەوی دەدەی تاكوو گەنم وچەت جیادەبنەوە .
ئەمجار گەنمی سوورت وەچنگ دەكەوێ . لـــە
تەلیسانی دەكەی وبە سواری گوێدرێـــــژ
دەیبەیە ئاشو........
گورگ كە دیسان تاقەتی لێ برِابوو كوتی :
ـ ئەمجار دەبێتە نان ودەیخۆم
لادێیی زۆرلەسەرەخۆ كوتی :
ـ بەڵێنیت دابوو تاڵووكەی نەكەی.راوەستە
بابەسەرهاتی كوتە نانێكت بۆبگێرِمەوە.



ـ ئەمجار حەتمەن دەبێتە نان
لادێیی كوتی :
ـ بەڵێ .ئەگەر ئاوردووت هەبێ ،تەنـدور
دادەخەی .تینی ئاور نانەكەدەبرژێنێ و تـۆ
دەتوانی نانەكەی لێكەیەوە وبیخۆی .
گورگ كوتی :

ئەگەر پاروەنانێک ئەو هەموە گێلمەگێلمە
وزەحمەتەی هەبێ حاشا لە نان.

لادێیی کوتی :

ـ بۆ؟ تۆکە نانت پێ خۆش بووئەوەدەم کە
خواردت کوتت زۆربەتامە ،چۆنە ئێستا دەڵێی
حاشا لە نان؟





لادێیی کوتی :

ـ بێ فایدەیە واباشترە تۆهەر گورگ بی
ولە لێرەوار وبێرووندا بمێنیەوە کاتێک
دەتەوێ وەک ئینسان نانی بخۆی دەبێ کار
بکەی وتێ بکۆشی ،دەبێ ئۆگری کاربی وکارت
خۆش بوێ .

گورگ چاوێکی لە پیری لادێیی کرد ولەپڕ بە
پڕتاو بەرەولێرەوار غاری داوە.

لە رێگادا لەبەرە خۆیەوە دەیکوت :

ـ ئەم ئینسانە بۆپاروەنانێک چەندە
زەحمەت دەکێشی ،بڵێی هەرئادەمیزادێک بۆ
نان پەیداکردن ئاوا زەحمەت بکێشێ!!؟ "





گورگ کوتی :

ـ چونکە چەرمەسەری وکوێرەوەری یەکجار
زۆرە ،لە هەموان خراپتر سەبروتاقەتێکی
زۆری دەوێ تاکوو پەنجەیەکت نان وەدەست
دەکەوێ ئەوەش خوویەکە کە دەئێمەدا نیە.
شتێکم فێرکە کەبەهاسانی بتوانم سازی بکەم
وبیخۆم دەنا لە برسان دەمرم .

دیاری

مەتەڵ

هەتا نەیبەستی ناڕوا
"کاڵە"

مەلەدەکا ماسی نیە
دەخوێنێ بولبول نیە
دەشفڕێ و کوتر نیە
"قاز"

ژن نیە پیاویش نیە
بێدایک و بابیش نیە
"کێژ"

سەری بە نوێژە
بنی بە کوێژە
"گۆزە"

ئەوە چیە چی پێدەڵێن
تەپکە بەکونجی پێ دەڵێن
عەبای نارنجی پێ دەڵێن
بووکی مام حاجی پێ دەڵێن
"هەنجیر"

قافڵەی سەر زەمینێ
کاسبکاری بێزمان
"مێرووڵە"

هەڕەک و مەڕەک
نە پای هەیە نە دەست
دەکا هەر چوار گەڕەک
"دەستار"

پەندی پێشینان

- کێوێک دەرووخێ کە ندالێک لێردەبێتەوە
- هەردەوە نەو دەبێ بەدار.
- هەر ئەو ساڵ خۆزگەم بەپار
- لە هەموو هەوران نا بارێ.
- زمانی براوە و سەری حەساوە
- دونیا بە هومێد خوراوە
- پارەی سپی بۆ رۆژی رەش
- ئینسانی حەسوود
  ناگا بەمەخسوود
- بەگولیان گوت بۆ واگەشی
  گوتی باخوانم مەردە
- جیرانی خراپ پیاوی حاجەت داردەکا
- هەرچی پیوازی نەخوا
  چاوی نابرژێتەوە
  بزنی گروێ لە سەر چاوەی
  کانی ئاودەخواتەوە
- ئەگەر گوڵ نی دڕک مەبە.
- رێوی گەڕیدە لەشێری نوستوو
  جاترە.
- گەر نانێک بخۆی دەبێ عەقڵی
  لەتێکت هەبێ.
- دەستی زۆر ئاوێ بە هەورازیدا
  دەبا.
- ئەوەی لەمشک بێ هەمبانە
  دەبرێ.
- کەوای سوور پلاوێ دەخوا.
- سواری کەری عەیبێکە
  هاتنە خواری دووعەیبە.
- هێلکە دز دەبێ بە وشتر دز
- وشترە کە ببەستەوە.
  دوایە بلێ بەهومێدی خودا
- بەکەرێ ناوێرێ
  بەکورتانی رەپەرە پێ دێ
- مەڕ پێ لە بەرخی خۆی نانێ
- هەموو رۆژێ کەڵ نامرێ
  کفتە بە دووشایانێ.
- چ مێوژێک چ کەویژێک.
- ئەگەر خەو جادە بوو
  کەروێشک بەگا دەبوو.
- گیا بە جێی سەختەوە دەمێنێ
- ئاسنی سارد بە فوو
  گەرم نابێ.
- عیسا بە دینی خۆی
  موسا بە دینی خۆی
- شەرعی ماری بە داری.
- با وەلێ باوێکی بەسە.
- جێگای مشکان کادێنە.
- سەرچۆبی یان دابە گامێشێ
  بۆلای کادێنی دەکێشێ.
- داری هەڵێنی سەگی دز دیارە.

لێرەدا سپاسی دژوار خالیدعەزیز ، سەلیمسوێناسی ، نازدار غەفووری ، عوسمان محەممەدی، عەباس ئاغابرا ئاوارە محەممەدیان ، عوسمان خزرپەنا ، زریان محەممەد کاکەیی ، ئەختەر شیخەلئیسلامی ، عەلی زالە ، سەعید محەممەدزاردە دەکەین کەبۆ رازاندنەوەی ئەم بەشە یارمەتیان داوین .



نەخۆش

ژنێک کچێکی دەبێ زۆری خۆش دەوێ هەموو جارێ دەڵێ ڕەببی قەزای تۆ بۆ من بێ و دەردت وە من کەوێ . هەتا کچە نەخۆش دەکەوێ ڕۆژێکی مانگاکەیان سەری لە کوویەی دەگیرێ و هەرجی دەکا سەری نایەتەوە دەر . ناوارووله ژوورێ دەکا . ژنە زۆر دەترسێ و وادەزانێ عیزرائیله دەڵێ :

— ئەمن هەو نیم بە قوربان نەخۆشەکە لە ژوورێ یە . کچەکەمە !

حاجی میرزاخان

کابرایەک لە شاهیندژ دەبێ حاجی میرزاخانی پێ دەڵێن ڕۆژێک یەکێک لە دانیشتوانی ئاوایی گاڵتەی لەگەڵ دەکا دەڵێ :

— چون چوویە حەج بووی بەحاجی ، چون دەرست خوێندووە و سەوادت هەیە پێت دەڵێن میرزا ، چون زۆرت سەرەوت و سامان هەیە پێت دەڵێن خان . بەڵام نازانم ناوی خۆت چیە ؟.

ئێش

کابرایەک گوێدرێژەکەی لەبەر دەرگای دووکانی سەلمانی یەک دەبەستێتەوە و وەژوور دەکەوێ لە سەر سەندەڵی یەک دادەنیشێ دەڵێ، کاکە ڕدێنم بۆ بتاشە سەلمانی. ڕدێنی کابرا ناخووسێنێ و بە وشکی بۆی دەتاشێ لە و کاتەدا گوێدرێژ دەسلەمێتەوە . سەلمانی دەڵێ ..

— ئەوە کەرەکەت بۆ هەڵات؟

— دیتی چۆنم ئازار دەدەی لە خۆی ترسا .

مۆدی ساڵ

دوودز دەچنە دوکانی خەیاتێک و دەڵێن :

— کاکە مۆدی کوت و شەڵواری ئەوساڵ چۆنە ؟

خەیات دەست پێدەکا و بۆیان دەگێرێتەوە . یەکیان دەڵێ :

— ئەوەمان ناوێ . دەمانەوێ بزانین گیرفان لە سەرەوە لێ دەندرێ یا لە بنەوە . با هەر لە ئێستا وە چارەی بکەین !

...

— هەمەوەند مزگێنی !

زوو مزگێنی بدە ؟

— باشە! بەچاوان ! بۆ چی ؟


— کوڕەکەت لە کۆنکووری دانیشگا دەرچووە!

— پاە! داخودا دەڵێم چ قەوماوە!


— چۆن پێت گرینگ نیە ؟ ڕوتبەی زۆر لە سەرەوەیە .

— بەرخی بابم کۆنکووربۆتە " حەوت خوانی ڕۆستەم . " جارێ ئەوە خوانی هەوەڵە شەشی ماوە.

— باشە بابە باشە نەمەویست! مەیکە قیقەقیق . دەڵێی کەڵەبابی دەنکەنۆکت، دەگەرووی گیراوە !



تێبینی: لەبیر کردنەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو ئوسوولی رێنووسی کوردی بەپێی رێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆوارە رەچاو کراوە. جگە لەوەی نیشانەی (٠) دانەنراوە. واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی (شر، کول، زور، شیر و) ی تێدا بێ بە شکڵی (شر، کول، زور، شیر و) دەنووسرێ



⇦ ١ـ پێک هاتنی هەنگاوێکی گرینگ بوو لەرێگای خزمەت بە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ٢ـ ئەوەندە بەفرە کە بە جارێک دەبارێ ـ بەم جۆرە ـ ویستنی لووت بەرزی یە ـ ناوێک بۆ کوڕ ٣ـ دەشتی بێ پیتی نەغەدە ـ کەوشەن ٤ـ زەمیری ملکی یە لەبن لەهجەی مەهابادیدا ـ زیت و وشیار ـ گیایەکی تاڵە ٥ـ دوایین پیتی ئەلف و بێ ـ تەنگەیەک لە ئەمریکا بەناوی دەریانەوەردێکی ئیسپانیایی یەوە کە بۆ یەکەم جار پێی زانیوە ـ بەرێوەیەوگوندە ٦ـ گوڵێکی جوانی خۆشبۆ ـ ئەگەر لەهجەیەک لەزمانی کوردی نەبێ لە کوردی زۆر نزیکە ـ گەورە ٧ـ پڕ ـ پێشگری فیعلی موزاریع ـ سەوزە وشیناوەرد ٨ـ دەنگی باڵندە ـ وێران وخاپوور ـ تووڕەیی وقین ٩ـ ردێن تاش ـ شاری چەند جار سووتاوی کوردستان ـ پێلاوسۆڵ ١٠ـ جێگای پێکەوەنکانی دوو شت ـ بەهاران سەیری "مێرۆژی" خۆشە ـ رەنگێکی تایبەتی ئەسپ و ماین ١١ـ گفت و گۆ ـ برای شوو ١٢ـ دەریاچە بەناوبانگەی کوردستان ـ کڵاوی هەمزە باڵەوان نە تکی هەیە نە درووما ن ١٣ـ تێکۆشان ـ خێڵ و ئێل ـ کورتە کاڵە ـ ١٤ـ دەڵێن ئی گورک بە شانسە ـ حورمەت و ئیحترام ـ قبلە ١٥ـ سەرەرای جیاوازی لەهجەکان دەبێ بۆ پێک هاتنی تێ بکۆشین ـ زگی زل

⇩ ١ـ فەرماندەری لەش ـ پێکەنینی کورت ٢ـ شەحسێکی بەناوبانگە و مەرقەدی لە جنووبی کوردستانە ـ بەرد بە شەیتان و شۆفار دادان ٣ـ شارێکی کوردە وبەکی ئینگلیزی ـ جۆرە رەوتێکی ئەسپ ـ وەرزشێکی قەدیمی هیندە ٤ـ بن لەهجەیەک لە شێوە ئاخاوتنی کوردی شیمال ـ کورسی دەوڵەمەندان ٥ـ شەتڵی شین بۆوە ـ شارەزای کار ـ چۆمی گەورە ٦ـ تەگبیر و را ـ با نۆشی بێتە سەر ـ هەوایەکی بەسۆزی فۆلکلۆری ناوچەی جنووبی کوردستان ٧ـ چێشتێکی کوردەواری یە و ساردبۆوەکەی لە بێ تامیدا بەناوبانگە ـ شیری دڵدار ـ نەترە ٨ـ چۆک بە وشتر دادەدا ـ بۆی هەولێر ـ پاشماوەی سووری خەرمان ـ ئیمام حوسێنی کوشت ٩ـ زانایەکی ئەلمانی کە بۆ کۆکردنەوەی بەیتە کوردی یەکان زۆری زەحمەت کێشاوە وبەرهەمی کارەکەی پێشکەشی شای قەجەر کردووە ـ هاوکاری کەوان بۆ تیر دەرکردن ـ نیو تازە ١٠ـ نەنک و دایە گەورە ـ لە چەشنی ـ لق وپۆ ١١ـ تەشی فارس ـ بیدەیەوە نەتداوەتەوە ـ ناوچەیەک لە کوردستانی تورکیا ١٢ـ بن لەهجەیەک لە شێوە ئاخاوتنی جنووبی کوردستان ـ شاری حاجی قادر ١٣ـ زستانیش ئی فەقیر دەدرێنێ ـ دەنگی تەیارە ـ ئی شیری تا پیری ١٤ـ یاریرێ لێ ون بوو ـ خۆماڵی بێ ناگیرێ ـ لەشکر و سپا ـ بلێسەی ئاگر ١٥ـ زاراوەی عێلی بادینان بیخۆ با نەتخوا ـ دەماری لەش.




لەنێو ئەوکەسانەیدا کەپڕکراوەی دروستی ئەم جەدوەلەمان بۆبنێرن بەپێی قورعەیەک کەس بەبەرەندە دەناسرێ. جایزەی بەرەندەی جەدوەل بریتی یە لەساڵێک ئابوونمانی گۆواری سروە. بەرەندەی جەدوەلی ژمارە ٧ کاک سەلاح عەرەبی بوو.


پڕکراوەی جەدوەلی (٨)



شینوێی سەردەشت
دیاری کاک مستەفا پوورمەند



هوڵوو
دیاری: وێنەگری شیوا (سنە)



کێوی تەرەغە
دیاری کاک خالیدی قەلعەکووهی (بۆکان)

دیاری کاک سەلاحی عەڕەبی





سەوە چنین
دیاری کاک ئیبراهیمی ئەحمەدی

